حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو.

# شانشینی لیدیا لە سەدەی حەوتەم تا ناوەڕاستی سەدەی شەشی پ.ز.

**توێژینەوەیەکی سیاسی-شارستانییە**

**نامەی ماستەرە لەلایەن:**

**دیلمان محمەد صابر**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی کۆن**

**بە سەرپەرشتی:**

**پرۆفیسۆر د. ئاراس فەریق زەینەڵ**

٢٠٢٢ز ١٤٤٤ھ ٢٧٢٢ك

CamScanner

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(دیلمان محمەد صابر) بە ناونیشانی(شانشینی لیدیا لەسەدەی حەوتەم تا ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ.ز. (توێژینەوەیەکی سیاسی-شارستانییە)) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی کۆن، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.ئاراس فریق زەینەڵ

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ١ / ٩ / ٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ:

ناو: پ.د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

ڕێکەوت: ١ / ٩ / ٢٠٢٢

CamScanner

ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندكار (دیلمان محمد صابر)مان بەناونیشانی (شانشینی لیدیا لەسەدەی حەوتەم تا ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ.ز. توێژینەوەیەكی سیاسی شارستانییە) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەكانی تری كردووە، بڕیارماندا بە پلەی (زۆرباشە) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (مێژوو) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. كامەران محمد جلال
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆكی لیژنە
ڕێكەوت: ١٦/١٠/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. زریان سالار حمەعارف
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت: ١٦/١٠/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. محمدامین علی عبداللە
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت: ١٦/١٠/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. ئاراس فەریق زەینەل
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێكەوت: ١٦/١٠/٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/زانكۆی سلێمانی - پەسەند كرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان
ڕێكەوت: ١٧/ ١٠/ ٢٠٢٢

# پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- هاوسەری ژیانم (پارێزەر لەنیا).
- هەموو ئەندامانی خێزانەکەم.
- مامۆستایانی بەڕێزم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنم.
- بە هەموو کوردیکی نیشتیمان پەروەر.



CamScanner

# سوپاس و پێزانین بۆ:

- ماملإستا و سەرپەرشتیارم بەڕێز (پ.د. ئاراس فەریق زەینەڵ)، کە بەتێبینی سەرنجە زانستییەکانی نامەکەی زێدەتر دەوڵەمەن کرد.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو بەڕێزان (پ.د. پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن، پ.ی.د. هاوار کمال میرزا).
- مامۆستایانی بەڕێزم(پ.ی.د. کۆزاد محمد احمد، پ.ی.د. دڵشاد عزیز مارف، د.ڕافیدە عبداللە، پ.ی.د. زریان حاجی، پ.د. یاسین سەردەشتی).
- هەموو ئەو مامۆستایانەی بە درێژایی خوێندنم پیتێکیان فێرکردووم، بە تایبەتی مامۆستایانی بەشی مێژوو و شوێنەوار.
- هاوڕێیانی خۆشەویستم (م. سەرکەت احمد، هێژا عبدللە، شالاو عبداللە).
- کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی.
- سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی یارمەتی دەرمان بوون ئەگەر بە وشەیەکێش بووبێت.

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| **هێما کوردییەکان:** | |
| وەرگێڕان | و |
| لاپەڕە | ل |
| چاپ | چ |
| **هێما عەرەبییەکان:** | |
| الطبعة | ط |
| الترجمة | ت |
| الجزء + مجلد | ج |
| الصفحة | ص |
| **هێما ئینگلیزییەکان:** | |
| سەرچاوەی پێشوو | Op.Cit |
| هەمان سەرچاوە | Ibid |
| لاپەڕە- Page | P. |
| ساڵی پێش زاین | B.C |



CamScanner

# ناوەڕۆك:


| ناونیشانەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی: | ١ |
| بەشی یەکەم: لیدییەکان ڕیشە و کۆچکردنیان و دامەزراندنی دەسەلاتی | ٨ |
| باسی یەکەم: ڕەچەڵەک و کۆچکردن و نیشتەجێبوونی لیدییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیادا | ٢٣ |
| باسی دووەم: بنەماڵەی مێرمنادی و زنجیرە پادشاکانی لە ماوەی نێوان سالانی (٦٨٥-٥٤٦ پ.ز. | ٥٥ |
| بەشی دووەم: سیما شارستانییەکانی شانشینی لیدیا | ٥٦ |
| باسی یەکەم: سیمای سیاسی سەربازی و ئابووریی شانشینی لیدیا | ٧٠ |
| باسی دووەم: لایەنی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی لە شانشینی لیدیادا | ٨٧ |
| بەشی سێیەم: پەیوەندییە سیاسی و شارستانییەکانی شانشینی لیدیا | ٨٨ |
| باسی یەکەم: پەیوەندیی سیاسی و شارستانی شانشینی لیدیا لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەلات | ١٠٧ |
| باسی دووەم: پەیوەندیی شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان | ١٢٨ |
| ئەنجام: | ١٣١ |
| لیستی سەرچاوەکان: | ١٤١ |
| پاشکۆکان: | ١٥٥ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی: | أ-ب |
| ملخص: | أ-ب |
| **Abstract** | **II-I** |




CamScanner

# پێشەکی:

## گرنگی توێژینەوەکە:

لیدییەکان وەک گەلێکی کۆچەر لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز.، ڕویان لە ئەناتۆڵیاکرد و لە سەرەتادا بە پەرت و بڵاوی لە ئەناتۆڵیا نیشتەجێبوون. دواتر توانییان لە سەردەمی یەکەمین پادشایان بە ناوی گیگس دەسەڵاتی سیاسی بەهێز لە ئەناتۆڵیا بونیات بنێن و لەگەڵ فراوانبوونی سنوری جوگرافیای شانشینەکە لە سەدەی حەوتەم و شەشەمی پ.ز.، لە سەردەمی بنەماڵەی مێرمنادیدا بە تەواوەتی باڵادەستیان بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا سەپاند. پێنج پادشای یەک لە دوای یەک لەم بنەماڵەیەدا فەرمانڕەوایەتی شانشینیەکەیان کردوە، کە بەناوبانگترینیان پادشایان کرۆیسوسە، کە دەوڵەمەندی گەنجینە و سامانی ئەم پادشایە جێگەی سەرنجی لێکۆڵەرەوانە. لیدییەکان لە چەند لایەنێکی دیکەوە ناوبانگیان دیارە بە تایبەتی کە شۆڕشێکی گەورەی ئابووریی و بازرگانی لە جیهانی دیریندا هێنایەکایەوە و بۆ نێو گەلانی دیکەش تەشەنەی سەند وەک یۆنانییەکان بە نموونە. لە سایەی ئەم داهێنانەدا ئەناتۆڵیای دێرین بە ڕەوشێکی پێشکەوتنی خێرادا تێپەڕبوو، هەروەها لیدییەکان لە نوسراوی یۆنانییەکاندا جێگەی سەرنجی نووسەرانیان بووە بۆنموونە هیرۆدۆت، بگرە لە ئەفسانەکانیان کاریگەریی دوولایەنەیان لەسەر یەک هەبووە. بۆ نموونە تراژیدیای بەسەرهاتی گیگسی دامەزرینەریی شانشینی لیدیا لەسەردەمی بنەماڵەی مێرمنادیدا. لەلایەکی دیکەوە زانیاریی لەسەر لیدییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دوای هیرۆدۆت لە لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستۆتە سەر بواری مێژوویی و شارستانێتی شانشینی لیدی بۆ ئاشنابوون سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی شانشینی لیدیا وەک ڕەگەز، پەیوەندییەکانیان، زمان و نووسین، داهێنانی دراوی زێڕ، ئایین... هتد، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی فرەجۆری توێژەران هەم لە بواری مێژووی دێرین، هیرۆدۆت بە نموونە هەم شوێنەوارناسان بە تایبەت کنەو پشکنینەکانی ساردس، کە لە چوارچێوەی چەند بەرگێک ئاماژەی بە زانیاریی ورد و نوێ کردووە. لەگەڵ گرتنەبەری ڕێچکەشکێنی نوێ و بەرفراوان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنانەی ئەم دواییە لە بوارە ئەکادیمییەکاندا بۆ لە لێکۆڵینەوە لە شارستانییەتەکانی ئەناتۆڵیای دێرین بەدەستهاتوون.



CamScanner

هەربۆیە سەرەڕای بوونی نوسینی فرە لە بارەی قۆناغی مێژووی دەسەڵاتداریی شانشینی لیدیا، بەڵام ئەو هەوڵانە بە بەراورد، بە سەردەمی شانشینی لیدیا و ناوبانگی شانشینەکە پێویستی بە توێژینەوە و نوسینی زیاترە، بە تایبەتی لەوکاتەی سنوری جوگرافیای شانشینەکە واهەڵکەوتبوو، لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندیی سیاسی و شارستانییەتی هەبێت، بەهۆی ئەوەی ئەناتۆڵیا بە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ و پردی بەیەکگەیشتنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دادەنرێت، ئەمە وایکردبوو دەسەڵاتدارانی دەوروبەر، بە تایبەتی یۆنانییەکان و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرین پەیوەندیی فرەگەلیان لەگەڵ دەوڵەتەکان و ناوەندە شارستانییەتەکانی نێو خاکی ئەناتۆڵیادا هەبێت. هەر لەو سۆنگەیەوەشەوە ( شانشینی لە سەدەی ٧ تا ناوەڕاستی سەدەی ٦ پ.ز. وەک ناونیشان بۆ ئەم توێژینەوەیە دیاری کرا.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە جگە لە حەزێکی تایبەت و بایەخدان بە مێژووی دێرینی ئەناتۆڵیا خۆی دەبینێتەوە لە کەمی سەرچاوەی بەردەست سەبارەت بە یەکێک لە گرنگترین شانشینەکانی مێژووی دێرین، کە شانشینی لیدیایە. زیدەڕۆیی نییە ئەگەر بوترێت هیچ سەرچاوەیەک بە زمانی کوردی لە بەردەستی خوێنەردا نییە نەک لە ناوەندە ئەکادیمییەکان، بەڵکو کتێبخانەی کوردی دانراوێکی وەها لەوبارەیەوە بوونی نییە. بە زمانی عەرەبیش ئەوەندی ئاگاداربین بەرچاومان نەکەوتووە بە سەربەخۆیی توێژینەوە کرابێت، کە دەکرێت هەبێت و ئێمە دەستمان پێی ڕانەگەشتبێت. لەوکاتەی باسکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان و بازرگانیەکان لە ئەناتۆڵیای هەزارەی یەکەمی پ.ز.، بە تایبەتەی لە سەدەی (٧ و٦ پ.ز.) خۆبواردن لە باسکردنی شانشینی لیدیی و ڕۆڵی لە ئەناتۆڵیادا، کارێکی ئاسان نییە. بەهۆی پەیوەندیی فراوانی لەگەڵ فەرمانڕەوا و ناوچەکانی دەوروبەر و هێرش و پەلامارە دوو لایەنەکان بۆ سەر یەکتری، ئەمە جگە لە ڕۆڵی دیاری بازرگانی لیدی لەگەڵ دەوروبەری.

هەربۆیە هەوڵدراوە بە شێوەکی ورد و گشتگیر بۆ دەرخستنی کاریگەریی زۆر لایەنی وەک پێکهاتەی ڕەگەزی و سیاسی و جیۆپۆلەتیکی خاکی ئەناتۆڵیا بە گشتی و شانشینەکە بە تایبەتی لەسەر جۆری پەیوەندییەکانی شانشینی لیدیا بە دەوروبەرەکەیەوە، بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە بێ لایەن بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز توێژینەوەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە خۆیدەبینێتەوە لەوەی کە زیادەیەک دەخاتە سەر ئەوە زانیارییە مێژوویی یانەی  سەبارەت بە شانشینی لیدیا و دیوە نادیار و شاراوەکانی دیکەی مێژووی ئەو شانشینەو شانشینەکانی هاوسەردەمی، کە تاکو ڕادەیەکی زۆر لایەنی گرنگی سیاسی و شارستانییەتی شانشینەکە خراوەتە ڕوو، هەروەها زۆر بابەت و ڕداو کە جێگەی مشتومڕ و هەڵوێستە لەسەر کردن بوو شەن و کەو کراون.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

وەک هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی سیاسی شارستانێتی  و بەدوایەکداهێنانی ڕووداوەکان گیراوەتەبەر، بۆ خستنەڕووی چۆنیتی هاتنی لیدییەکان بۆ ئەناتۆڵیا و نیشتەجێبوون و دواتر دامەزراندنی شانشینی لیدیا، کە بە شێوەی کرۆنۆلۆژی ڕوودا و گۆڕانکاریی و پەیوەنییەکانی شانشینی لیدی بە دەوروبەرییەوە خراوەتەڕوو. بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان بە تایبەتی کنەوپشکنییەکانی شاری ساردس و نوسینەکانی هیرۆدۆت. بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر پێشینەیی نوسراوەکە بایەخێکی گەورەی بۆ ئەم توژینەوەیە هەبووە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی ئەم توێژینەوە پێکهاتووە، لە  و سێ بەش پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم،** لە ژێر ناونیشانی **لیدییەکان: ڕیشە و کۆچکردنیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی** دابەشکراوە بۆ دوو باس، **لە باسی یەکەمدا،** بە ناونیشانی، **ڕەچەڵەک و کۆچکردن و نیشتەجێبوونی لیدییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا،** کە تێدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو بۆچوون و تیۆرانەی لەبارەی ڕیشە و بنەچەی لیدییەکان هەیە و پاشان ئاڕاستە و شێوازی کۆچکردنی لیدییەکان و ئەو ناوچانەی تێیدا گیرساونەتەوە، دواتر نیشتەجێبوونیان بە پەرت و بڵاوی، بەرلەوەی ببنە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی یەکگرتوی لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا.

**باسی دووەم:** : بە ناونیشانی **بنەماڵەی مێرمنادی و زنجیرە پادشاکانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٦٨٥-٥٤٦ پ.ز.**تیایدا باس لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی مێرمنادی و دەسەڵات و گۆڕانکارییە سیاسی و شارستانییە ناوخۆییەکانی شانشینەکە کراوە، هەروەها لەم



CS CamScanner

باسەدا تیشکخراوەتە سەر هەنگاونان بە ئاڕاستەی چەسپاندن و بەهێزبوونی پایەکانی دەسەڵاتی شانشینەکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی فراوانخوازیی دەرەکی، لە سنورەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و کۆنترۆڵکردنی گرنگترین ڕێگە بازرگانی و بەندەرە ئابوورییە ستراتیژییەکان لە لایەن شانشینی لیدیاوە، کە بووە هۆی پەرەسەندنی هەژموونی سیاسی و ئابووریی شانشینەکە، پاشان گرنگترین ڕووداو و پەرەسەندنەکانی شانشینی لیدیا لەسەردەمی پادشایانی بنەماڵەی مێرمنادی بە تایبەتی پادشا کرۆیسوس و ڕووخان و لە ناوچوونی شانشینەکە لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی قسەی لەبارەکراوە.

**بەشی دووەم** تایبەتە بە **سیما شارستانییەتەکانی شانشی لیدیا**، کە دوو باس لەخۆدەگرێت، لە **باسی یەکەمدا** بە ناونیشانی **سیمای شارستانی سیاسی سەربازی و ئابووریی شانشینی لیدیا،** کە تێیدا ئاماژە بە لایەنی سیاسی و ئابووریی شانشینەکە کراوە، بە تایبەتی سیستمی سیاسی و گرنگترین تایبەتمەندییە شارستانییەکانی سوپای لیدییەکان، پاشان بە ناوبانگترین تایبەتمەندی ئابووری شانشینەکە، کە داهێنانی دراوی زێرە خراوەتە بەرباس و وەک یەکێک لە داهێنانەکانی دیارەکانی لایەنی ئابووریی، کە کاریگەریی لەسەر لایەنی سیاسی و پەیوەندییە ئابوورییەکان هەبووە باسکراوە، **باسی دووەم** لەژێر ناونیشانی **لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە شانشینی لیدیادا،** کە تەرخانکراوە بۆ **لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیادا،** لەم باسەدا ئاماژە بە چینەکانی کۆمەڵگەی شانشینی لیدیا و ڕۆڵیان کراوە، دواتر بە وردی تیشک خراوەتە سەر لایەنە جیاوازەکانی فەرهەنگی لە شانشینکەدا.

**بەشی سێیەم**: بە ناوی، **پەیوەندییە سیاسی و شارستانییەکانی شانشینی لیدیا،** بۆ دوو باس پەیکەربەندی بۆ کراوە، **باسی یەکەم**، لەژێر سەرباسی **پەیوەندییە سیاسی و شارستانییەکانی شانشی لیدیا لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات،** تیایدا گرنگترین پەیوەندییە سیاسی و جەنگ و ململانێی شانشینەکە لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات خراوەتە بەرباس، پاشان ئاماژە بە پەیوەندییە ئابووریی و فەرهەنگییەکانی شانشینەکە لەگەڵ ئەو ناوچانە کراوە، **باسی دووەم**، بە ناونیشانی **پەیوەندییەکانی شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان،** لەم باسەدا هەڵمەت و فراوانخوازییەکانی شانشینەکە بۆ سەر شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، کە بە (ئایۆلی و ئایۆنی) ناسرابوون، خراوەتە ڕوو، پاشان ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو شارە دەوڵەتانە سەبارەت بە لایەنی فەرهەنگی شانشینەکە باسی لێکراوە، بە تایبەتی لە بواری ئاینی و ئابووریی و فەرهەنگی یەوە...هتد لە کۆتاییدا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێک و بە پوختی لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو.

## گرفتی توێژینەوەکە:

بێگوومان هیچ توێژینەوەیەک بەبێ ئاستەنگ نابێت و هەر توێژینەوەیەک ئاڵنگاریی تایبەتی خۆی هەیە، جیا لەکەمی کات، خولی زمانی ئینگلیزی کاتێکی باشی لە توێژینەوە برد. هەروەک ئاشکرایە توێژینەوە سەبارەت بە مێژووی دێرین، کە لەلایەک بەشێک لە نادیاری و ناڕوونی لە خۆدەگرێت و زۆر پرسی گرنگ هێشتا بە نادیاری ماونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە تێکەڵکردنی زۆر پرسی گرنگی مێژووی لیدییەکان بە ئەفسانە و گێڕانەوەی ناڕوون، بە تایبەتی لە جوگرافیایەکی ئاڵۆزیی وەک ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، کە بەردەوام چەندین هەڵمەتی سەربازیی و کۆچی بە کۆمەڵ ڕوویکردۆتە ناوچەکە و بوونەتە هۆکاری کاولکاریی و سڕینەوەی پێش خۆیان، ئاستەنگ و بەربەستی زیاتر و جیاواز تری دێتە ڕێگە، تەنانەت هەندێک کات بەهۆی نەبوونی زانیاریی و سەرچاوەی بەردەست توێژینەوەکە دووچاری کەمی زانیاریی بۆتەوە، هەروەها دەستنەگەیشتن بە سەرچاوە یۆنانییەکان و تورکییەکان یەکێکی دیکەیە لە کۆسپەکان، بە هۆی نەزانینی زمانی یۆنانی و تورکی، بەڵام تاکو ڕادەیەکی باش توانراوە بە سەرچاوە ئینگلیزییەکان بەشێک لە ئاستەنگەکان تێ پەڕێنرێت.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

ئەو سەرچاوانەی بایەخێکی گرنگی بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەبوو کتێبی مێژووی هیرۆدۆت، بەو پێیەی هیرۆدۆت خۆی لە ئەناتۆڵیا لە سەدەی (٥ پ.ز.) لە دایک بووە و تاکو ڕادەیەکی باش شارەزای زمان و فەرهەنگی خەڵکی شارە دەوڵەتەکان و ئەناتۆڵیا بووە، بە تایبەتی گەشتکردنی هیرۆدۆت ئەزمونیکی گەورەی لە بارەی نووسینەوە پێبەخشیووە، کتێبی یەکەمی هیردۆت بە تایبەتی زانیاریی گرنگی لە بارەی لیدییەکانەوە خستۆتەڕوو، کە لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێبەستراوە، بەو پێیەی زانیارییەکانی هیرۆدۆت ڕەسەنن و لە خەڵکی ناوچەکە و کەسانی دیکە بیستوویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسنی هیرۆدۆت بەدەرنییە لە تێکەڵکردنی ئەفسانە بە نووسین، وەک ڕەوتێکی باوی ئەو سەردەمە هیردۆتیش لەژێر ئەو کاریگەرییە بەدەرنەبوو، بەڵام هیچ ڕەخنەیەک بەهای گرنگی نوسینەکانی هیرۆدۆت کەم ناکاتەوە، بە تایبەتی قسەکردن لە بارەی لیدییەکان بێ ناوهێنانی هیرۆدۆت کارێکی زۆر دژوارە.

هەرچی سەرچاوە نوێ و هاوچەرخەکانە، کە لەم توێژنەوەیەدا بایەخێکی زۆریان هەیە، جگە لە کنەوپشکنینەکانی شاری ساردس لە لایان تیمی شوێنەروارناسی ئەمریکی لەنێوان ساڵانی (١٩١٠-١٩١٤ز)وە ئەنجامدراوە، نووسینەکانی (ئانیک پیانی)یە، کە مامۆستایە لە زانکۆی بێرن لە پەیمانگای شوێنەوارناسی (ویسنشڤتن) لە وڵاتی ئەڵمانیا و شارەزای زمانە دێرینەکانی ئەناتۆڵیایە،



CamScanner

و ئەندامی تیمی شوینەراناسی بووە لە کنەوپشکنینەکانی شاری ساردس، پیانی چەندین توێژینەوە و کتیبی هەیە سەبارەت بە مێژووی ئەناتۆڵیای دێرین بەگشتی و شانشینی لیدیا بە تایبەتی، گرنگترین نوسینەکانی (The Lydian Empire) و کتێبی (Lords of Asia Minor An Introductions to the Lydians) ئەم کتێبە بە هابەشی لەگەڵ (جۆریت وینتجس)ی مامۆستای هەمان زانکۆ نووسیوە، کە بە وردی ئاماژە بە باردۆخی سیاسی و شارستانییەتی شانشینەکە دەکات لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی مێرمنادیدا و گرنگییەکی زۆری بۆ ئەم توێژینەوە هەیە بەو پێیەی زۆر لایەنی نا ڕوونی سەبارەت بە شانشینی لیدیا ڕوونکردۆتەوە بۆ یەکەمین جار. یەکیکی دیکە لە سەرچاوە گرنگەکان، لەم توێژینەوەیە بایەخیکی گرنگی هەیە، لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆی کامبریجەوە نووسراوە، کە بە شێوەی زنجیرە بە ناوی ( The Cambrridge Ancient History) دەربارەی مێژووی دێرینی یۆنان و ئەناتۆلیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوازیکی گشتی، ئەو کتێبانەی لەو زنجیرە نوسینەدا بۆ ئەم توێژینەوەیە سودی لی وەرگیراوە، بریتییە لە توێژینەوەکانی( The assyrian and babylonian empires and other states of the near East, from the eighth to the sixth centuries B.C, Part 2).

(Persia, Greece and the Western Mediterranean) پاشان کتێبی ( The expansion of the Greek world eight to sixth centuries B.C, part 3 ). کە بایەخێکی گرنگییان هەیە سەبارەت بە مێژوو و لایەنی شارستانی وپەیوەندیەکانی شانشینی لیدیا.لەلایەکی دیکەوە نامەی دکتۆراکەی (دەیفد مارک مۆوریتز) بە ناونیشانی East Greek pottery) and Greaco-Anatolian (Mercenaries in the southern Levant in iron age IIc, ca.600B.C). لە زانکۆی ملبۆرن لە وڵاتی ئوسترالیا لە سکوڵی مێژوو و لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان بە زمانی ئینگلیزی، مۆوریتز بە وردی ئاماژەی بە پەیوەندیی و کاریگەریی شارستانییەتی شارە دەوڵەت و ئەناتۆڵیا کردوە لەگەڵ شام و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، لەو نێوەندەدا لیدییەکان وەک شانشنێکی دیار لە خاکی دێرینی ئەناتۆڵیادا.

لە کۆتاییدا هیچ توێژینەوەیەک بێ خەوش و کەم و کورتی نییە و ئەم توێژینەوەیەش لەوەبەدەر نییە. لەگەڵ ئەوەدا تاوەکو ئەوڕادەیەی لە توانابوو. هەوڵدراوە ئەو کەموکورتی کەلێنانەی هاتوونەتە ڕێ هەتاکو ئەوپەڕی کەمبکرێتەوە، هیوادارین ئەم نوسینە دەروازەیەک بێت بۆ توێژنەوەی زیاتر لەبارەی مێژووی ئەناتۆڵیا.

# بەشی یەکەم:

# لیدییەکان ڕیشە و کۆچکردنیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیان



CamScanner

## باسی یەکەم: ڕەچەڵەک و کۆچکردن و نیشتەجێبوونی لیدییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا.

وتراوە کە شوێنەوارناسان لە مێژ بوو مەبەستیان بوو کاری گەڕان و پشکنین لە شاری ساردسی پایتەختی لیدیا ئەنجامبدەن، چونکە پێیان وابوو هەوڵەکانیان ئەنجامێکی گرنگی دەبێت بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی شوێنەواریی گرنگە، بۆ ئەم مەبەستە تیمی کنەوپشکنین لە سالی (١٩١٠ز) گەیشتنە شارەکەو گەڕان و پشکنینەکان نزیکەی چوار گەڕی خایاند و هەتاکو ساڵی (١٩١٤ز) بەردەوام بوو[١].

لە سەرچاوەیەکدا هاتووە کە بەپێی لێکدانەوەی شوێنەوارناسان، خاکی شانشینی لیدیا لە کۆندا چەند ناوچە و شاری جیاوازی لە خۆدەگرت، کە گرنگترینیان شاری ساردس بوو. لەوکاتەی تیمی گەڕان و پشکنین دەستیانکرد بە کنەوپشکنین لە شاری ساردسی پایتەختی لیدیا، بەپێی بەڵگە مێژووی و شوێنەوارییەکان مێژووی لیدییەکانیان بۆ چەند قۆناغ و سەردەمێک دابەشکرد و لە چەند لایەنی جیاوازەوە توێژەرەوان کاریان لەسەر پاشماوەی شوێنەوارییەکانی لیدییەکان کردووە، ئەوانیش ( لیدییەکان لە ئەفسانە کۆنەکان، لیدییەکان لە چاخی ئاسن(١٢٠٠-٣٣١ پ.ز.)دا، سەردەمی هیلنیستی(٣٢٣-٢١پ.ز.)، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی(٤٩پ.ز. -٤٧٦ز)، ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی(٣١٣-١٤٥٣ز)دا، لەلایەکی دیکەوە زانیاریی دەربارەی لیدییەکان لە تۆماری نووسەرە کۆنەکان وەک هۆمیرۆس، هیرۆدۆت، بەهەمان شێوە شارستانییەتی لیدییەکان، وەک زمان، تۆمارەنووسراوەکان بەزمانی لیدی، هەڵکۆڵدراوی سەر بەردەکان، دراوی تایبەت بە لیدییەکان، پاشماوە شوێنەوارییەکان، ڕێگە بازرگانییەکان، پەیوەندیی لیدی لەگەڵ شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان و دەوروبەریان)[٢].

کۆنترین شوێنەوار لە خاکی لیدیادا هەتاکو ئێستا دۆزرابێتەوە لە (هەستان هۆیگ- Hastane Hoyugu)ە، بریتییە لە نشینگەیەک بە ناوی (سیاتریا -Thayteria)، لە دەوروبەری (ئاخیسار-Akhisar) لە باکوری لیدیا، نشینگەکە کەوتۆتە هەرێمی (مانیسا -Manisa) ئەم ناوچەیە لەسەر ڕێگەی بازرگانی بووە لەگەڵ کەنارەکانی دەریای ئیجە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چاخی برۆنز لە دەرورووبەری (٣٥٠٠ پ.ز.)دا، زۆرترین گڵێنە و پاشماوەی شوێنەواریی

[1] Haward Crosby Butler: Sardis, publications o the American society for the excavation of Sardis, VOL. I, Part1, 1910-1914, Late E. J. Brill Ltd, Ledyn, 1922, P. 2.
[2] Ergun Lafli: An introduction to Lydian Studies, Dokuz Elyul University, Izmir, 2017, P. 10.

تێیدا بەدەستهاتووە، ئەو کەرەستانەی لەم ناوچە شوێنەواریەدا دۆزراوەتەوە پێکهاتبوون لە ڕمی ڕاوکردن، تەوری دەستی، ئامرازی بڕین، تەشی، پەیکەر و کەلوپەلی ڕۆژانە... هتد[١].

جارێکی دیکە، لە نێوان سالآنی (٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ز) شوێنەوارناسان و مێژوونووسان بە چڕی کاریان لە ڕووبەرێکی (٣٥٠ کم) دووجای چوارگۆشە کرد، لە دەوروبەری دەریای مەرمەرە کە، لە کۆندا بە دەریای (گیگیا-Gygia) یان (کۆلوی-koloe) ناودەبرا، لە ناوەڕاستی ڕوباری گێدز لە ناوەندی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، لە پێشتردا هەندێک پاشماوەی کەمی شوێنەواریی چاخی ئاسن لە ناوچەکە بەدەستهاتبوو، بەڵام لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ناوچەکە بە تایبەتی لە کاتی گەڕان لە (بن تەپە -Bin Tepe) ، ژمارەیەکی زۆر تەپۆلکە کنەکردنی تێدا ئەنجامدرا، دەرکەوت گۆڕستانی شاهانەی لیدییەکان بووە لە نزیک شاری ساردس زۆر لایەنی گرنگی بۆ شوێنەوارناسان ئاشکرا کرد دەربارەی مێژوو و شارستانییەتی لیدییەکان[٢].

ئەو پاشماوانەی لە کنەوپشکنینەکانی ئەم ناوچەیە بەدەستهات زۆر گرنگ بوو سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی خەڵک لە ناوچەکە پێش کۆچی لیدییەکان بۆ ئەو ناوچەیەی، کە دواتر لیدییەکان تێیدا نیشتەجێبوون، بەپێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە (چاخی بەردینی کۆن – پالیۆلیتک -Palolitic) لە نێوان دوو ملیۆن تاکو دوو سەد هەزار ساڵ پێش زاین مرۆڤ لە ناوچەکەدا ژیاوە، هەروەها دۆزینەوەی هەندێک نشینگەی سەرەتایی چاخی برۆنز لە (هەزارەی سێیەمی پ.ز.)دا، بە تایبەتی ئەو نشینگانەی لە دەورەبەری دەریاکان بوونیاتنرابوون، پشتراستیکردەوە زۆر پێش ئەوەی لیدییەکان کۆچ بکەن بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا نشینگەی هەمیشەی هەبووە و مرۆڤ لە ناوچەکەدا ژیاوە. یەکێک لەو ناوچانە بریتییە لە دۆڵی گیدیز، کە لەسەرچاوە هاوچەرخەکاندا بە هێرموس ناودەبرێت، لە نزیک شاری ئیزمیر لە تورکیای ئەمڕۆدا، ناوچەکە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی خەڵک بووە، بە تایبەتی لە کۆتایی چاخی برۆنز و سەرەتای چاخی ئاسندا، لە ئەشکەوتەکانی (مانیسا داغ-Manisa Dag) و لە باشوری دۆڵی روباری (کوچوک-Kucuk) پاشماوەی هونەری دۆزراوەتەوە[٣].

[1]Aysegul Aykurt: Archaeology and history of Lydia from the early Lydian period to late antiquity (8th century B.C.-6th century A.D.), An international symposium May 17-18, 2017 / Izmir, Turkey, 2017, P. 8.

[2]Christopher H. Roosevelt and Christinan Luke: The Story of a Forgotten Kingdom? Survey Archaeology and the Historical Geography of Central Western Anatolia in the Second Millennium Bc, European Journal of Archaeology, VOL.20, Boston,2017, pp. 120-14 , P.124.

[3]Christophr H. Roosevelt: Lidyalilardn once Lydya, Kulture Ve Turizm Bakanligi, Istanbul, 2010, P. 10.



CamScanner

دواتر ئەو شوێنەی لیدییەکان کۆچیان بۆ کرد و کردیان بە مەڵبەندی سەرەکی دەسەڵاتەکەیان چەقی ڕووباری هێرموس بوو، جگە لەوەی ناوچەیەکی بە پیتی کشتوکاڵی و دەوڵەمەند بوو بە سەرچاوەی سروشتی و لەسەر ڕێگەی پەیوەندیی نیوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش هەڵکەوتبوو، بەهەمان شێوە ناوچەکە مەڵبەندی بەیەکگەیشتنی ناوەندی ئەناتۆڵیا و کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوو[١].

وتراوە کە توێژەران سەبارەت بەهەڵکەوتەی جوگرافیای خاکی لیدیا، ناوچەکەیان، بەهۆی تۆبۆگرافیاکەی کە، چەندین ڕوبار، دەریاچە، شاخ و دەشتی جیاواز لە خۆدەگرت، جگە لەوەی خاکی شانشینی لیدیا بە سامانی سروشتی جۆراوجۆر بەناوبانگ بوو، بە تایبەتی چەقی ڕووباری هێرموس کە، بە ناوەندی سەرهەڵدانی شارستانییەتی شانشینی لیدیا دادەنرێت وەک ناوچەیەکی ستراتیژی و دەوڵەمەند ئاماژەی پێکردووە[٢]. لەگەڵ ئەوەدا دیاریکردنی سنوری شانشینی لیدیا بە تەواوەتی کارێکی ئاسان نییە بەهۆی هاوبەشی و نزیکی لەگەڵ دەوڵەتان و هێزی خاوەن نفوزی جیاواز، بە تایبەتی لە باشور و باکوری ڕۆژئاوای خاکی شانشینی لیدیاوە، بەڵام بە شێوازیکی گشتی شانشینی لیدیا کەوتبووە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لە باکورەوە هاوسنوری میسیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی دەوڵەتی فریجیا بوو، هەریەکە لە شارە ئایۆنییەکان لە ڕۆژئاوای و (کارییەکان-Carians) لە سنوری باشوری هەڵکەوتبوون. زۆربەی ئەم سنورە لە ئەمڕۆدا لە خاکی تورکیادایە، بە تایبەتی لە هەرێمەکانی (ئووشاک-Ushak)، (مانیسا-Manisa) و (ئیزمیر-Izmir). لەگەڵ ئەوەدا سنوری خاکی لیدیا بەردەوام ناجێگیر بووە و چەندین جار بەهۆی هەڵمەتە فراوانخوازییەکانی پادشایانی شانشینی لیدیا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوو، بە تایبەتی لەسەدەی(٧و٦پ.ز.)دا کە، داگیرکارییەکانی پاشایانی لیدی بۆ فراوانکردنی سنوری شانشینەکەیان هەتاوەکو هاتنی ئەخمینییەکان بۆ ناوچەکە لە (٥٥٠ پ.ز.)دا بەردەوام بوو[٣].

بە پێی نەخشەی دێرینی ئەناتۆڵیا، خاکی لیدیا[٤]، ناوچەیەکی جوگرافی دەگرتەوە هاوسنوری کارییا لەباشور و فریجیا و ئایۆلیا و ئایۆنیا لەڕۆژئاواوە بوو، لە باکوریشەوە سنوری شانشینیەکە بە زنجیرە شاخەکانی (تیمنوس-Temnos)ە، کە هەنوکە ناوی (دێمریک-Demirci)ەو، لەلایەکی دیکەوە شاخەکانی (دیندیموس-Dindymos) (موڕات-Murat) سنوری باشوری ڕۆژئاوای

---

[1] Jana Mokrisova : Mobility in Southwest Anatolia and the Southeast Aegean during the Late Bronze to Early Iron Age Transition, University of Michigan, Michigan, 2017 P. 156.

[2] Annick Pyane: The Lydian empire Encyclopedia of World empires, Northrup, New York, 2009, P. 9.

[3] Ibid. P.10.

[٤] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).



CS CamScanner

شانشینەکەیان پێکدەهێنا، هەروەها چەقی شانشینی لیدیا بریتی بوو لە دۆڵی ڕوباری (هێرموس) و (مێیندەر-Meander)، ئەم ڕوبارانە سنوری ڕۆژهەڵاتی شانشینەکەیان جیادەکردەوە، ئەم ناوچەیە لەڕووی سەرچاوەی سروشتییەوە زۆر دەوڵەمەند بوو، لەکاتێکدا زنجیرە چیاکان چەندین دارستانی لەخۆدەگرت، کە ببووە هۆی دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ بونیاتنانی نشینگەی هەمیشەیی لە نزیک ڕوبارەکان، هەروەک کەناراوەکانی ڕوبای هێرموس سەرچاوەی دابینکردنی لیتەیەکی زۆر بوو، لە دروستکردنی دیوار و خانوەکاندا سودی لێ وەردەگیرا، ئەمە جگە لەوەی ناوچەکە بڕێکی زۆر بەردی مەڕمەڕی تێدا بوو، کە وەک کەرەستەیەکی گرنگ بەکاردەهێنرا لە کاری بیناسازیی و هونەریدا[١].

کەش و هەوای خاکی لیدیا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بوو، ناوچەکانی سنوری دەریای ئیجە و ناوەڕاست، زستانێکی مام ناوەند و هاوینێکی گەرمی هەبوو، تێکڕای بارانی ساڵانەی لە وەرزی زستاندا بوو، لەگەڵ ئەوەدا لە مانگەکانی زستاندا دەشتی شاری ساردس دووچاری لافاو دەبووەوە، بەهۆی توانەوەی بەفری ناوچە شاخاوییەکان، هەروەها هاوینیشی گەرم و وشک بوو، بارانی زۆر و بوومەلەرزە دەبوە هۆی ڕۆچوونی زەوییەکانی ناوچەکە، هەربۆیە ڕوباری گیجین سودی لێوەردەگیرا لەکاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان و کۆکردنەوی ئاوی پێویست بۆ وەرزکانی هاوین، هەرچی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی لیدییا بوو ئاوهەوایەکی کیشوەری واتە، زستانێکی بەفر و باراناوی و ساردی هەبوو، لەلایەکی دیکەوە خاکی کەنار دۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی شانشینکە خاکێکی بە پیتی هەبوو، بۆ زۆر مەبەست سودی لیوەردەگیرا[٢].

لەسەردەمی بنەماڵەی (مێرمنادی- Mermnad ٦٨٥-٥٤٦پ.ز.)دا، واتە لوتکەی دەسەڵاتی شانشینی لیدیا، سنوری خاکی شانشینەکە چەندین جار گۆڕانکاریی بەسەرداهات و بەردەوام فراوانبووە بەجۆرێک، لەسەردەمی پادشا (گیگسدا -Gyges ٦٨٥ -٦٤٥پ.ز.)دا، سنورەکەی تەنها دەوروبەری ڕوباری هالیسی لە خۆدەگرت، بەڵام لە سەردەمی کۆتا پادشای شانشینی لیدیا، کە پادشا (کرۆیسوس٥٦٠-٥٤٦ پ.ز.) بوو، سنوری شانشینی لیدیا هەر لە سنوری دەریای ڕەش لە باکور هەتاکو کەنارەکانی دەریای ئیجە و دەریای مەڕمەڕە لە باشوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیای لە خۆدەگرت[٣].

---

[1] Suleyman Yukcu: Grade and Composition of the first Money in Anatolia, Journal of Uluslararası Alanya Isletme Fakultesi Dergisi, VOL.5, Alany, 2013, pp.135-145, P.135.
[2] Annick Pyane: Op. Cit., P. 15.
[3] Suleyman Yukcu: Op. Cit., P.135.



CamScanner

ناوی لیدییەکان بە شێوازی جیاواز هاتوە لەسەرچاوەکاندا وەک (Lydia) ( Ludi) (Ludos) (Lydus))، کە بە هەرێمێک وتراوە لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا. سنوری لەگەڵ چەندین دەوڵەت و ناوچەی جیاواز هەبووە، کاتێک لیدییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، وڵاتەکەیان شانشینکی بچوک بووە کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی نشینگە یۆنانییەکانەوە، بەشی ڕۆژئاوای لیدیا بە زنجیرەیەک شاخ دەورەدرابوو، لیدییەکان سەرەتا هاتنە ناوچەکە لە نزیک چیای تۆملوس و دەریاچەی گیگیا نیشتەجێبوون، ئەم گەلە وەک هۆزێکی بچوک کاتێک هاتنە ناوچەکە سەرەتا بوونە هاوپەیمانی تروادە و بەژداری جەنگی ترووادەیان کردووە[١].

بەگوێرەی یەک لەسەرچاوەکان ئەو تۆمارانەی سەبارەت بە لیدییەکان و خاکەکەیان و پاشان دەسەڵاتی سیاسی ئەم گەلە کۆنە و مێژووی پادشایان و بنەماڵەکەیان هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی یە لە کتێبی یەکەمی هیرۆدۆت بە ناوی مێژووی جەنگی ئەخمینییەکان و کتێبەکەی (زانسوس-Xanthus) بەناوی (لیدیکا-Lydiaca)، هەرچەند ئەم کتێبە تەنها چەند بەشێکی دۆزراوەتەوە و بەشی زۆری کتێبەکە دیار نییە، بەهەمان شێوە کتێبەکەی (نیکۆلاسی دیمەشقی- Nicolaus of Damascus) ئەم کتێبەش چەند پارچەیەکی بچوکی پارێزراوە، پاشان چەند لیستێک وەک لیستی پادشایانی لیدی[٢]، هەروەها ئەو سەرچاوە و لێکۆڵینە شوێنەوارییە هاوچەرخانەی سەبارەت بە مێژوو و پاشخانی سیاسی و شارستانییەتی و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی لیدیا وەک بنەماڵەی هیراکلیدی و مێرمنادی ئەنجامدراون[٣].

ئەمە لە کاتێکدایە کە وەک وتراوە هەریەکە لە سەرچاوە یۆنانییەکان ئاماژەیان بە دەسەڵاتی لیدییەکانیان وەک شانشینێکی گرنگی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا کردووە، جگە لەو پاشماوە شوێنەوارییە گرنگانەی کنەوپشکنینی تێدا ئەنجامدراوە بە تایبەتی شاری ساردسی پایتەختی شانشینەکە[٤].

هیرۆدۆت لە کتێبەکەیدا باس لە پێکدادانی شارە دەوڵەتە بچووکە یۆنانییەکان دەکات لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لە سەدەی (٦ و ٥ پ.ز.)دا، سەرەتا بە نموونەی نزیکترین دراوسێی یۆنانییەکان دەستپێدەکات ئەویش لیدییەکانن، هەروەها وتراوە لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا وەک دەوڵەتێکی لەڕادەبەدەر دەوڵەمەند و تاکو ڕادەیەک جێگەی مەترسی ئاماژەی پێکراوە، چەندین

[1] Alwin Kloekhorst: Luwians, Lydians, Etruscans, and Troy The Linguistic Landscape of Northwestern Anatolia in the Pre-Classical Period, Leiden Univeristy, Leiden, 2009, P. 5.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

[3] Leigh Alexander: Kings of Lydia and A rearrangement of some fragments from Nicolaus Damascus, Princeton University Press, Ohio, 1914, P. 41.

[4] Jana Mokrisova : Mobility in Southwest Anatolia and the Southeast Aegean during the Late Bronze to Early Iron Age Transition, University of Michigan, Michigan, 2017, P. 311.

گێڕانەوە و چیرۆک لە بەسەرهاتەکەی هیرۆدۆت سەبارەت بە لیدییەکان دروستکراوە و زۆر ئەفسانە و داستان دەربارەی دەسەڵات و هاتنە سەر دەسەڵاتی پادشایانی بنەماڵەی مێرمنادی بوونی هەیە لەوکاتەی بە پادشا گیگس دەستپێدەکات، هەتاکو کۆتا پادشایان، کە پادشا کرۆیسوسە[١].

لەگەڵ ئەوەدا زانیارییەکی زۆر لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە وردەکاری بنەچە و رەچەڵەکی سەرەتای لیدییەکان و زۆر لایەنی دیکەی وەک شێوازی کۆچکردن و هاتنیان، کە هێشتا بە ناڕونی ماوەتەوە، بەڵام ئەوە زانراوە کە هاتنیان هاوکاتی شەپۆلی کۆچی هیندۆ ئەوروپیەکانە لە (١٢٠٠ پ.ز.)دا، پێدەچێت لە خاکی یۆنانەوە کۆچیانکردبێت بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، لە دەوروبەری ڕوباری (سیها-Seha) لە باکوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا نیشتەجێبوون[٢].

ڕیشە و بنەچەی ئەو گەلە تاکو ئێستاش جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی شوێنەوارناسان و مێژوونووسانە، بەهۆی کەمی سەرچاوەی پێوویست، بە تایبەتی لە پێش کۆچی لیدییەکان بۆ ناوچەکە، تەنها هەندێک بەڵگەی زمانەوانی هەن ئاماژە بەوەدەکەن پێدەچێت لەکۆتایی (هەزارەی دووەمی پ.ز.) بۆ یەکەمجار هاتبێتنە خاکی ئەناتۆڵیا و لە ناوچەیەکی بچوکدا نیشتەجێبوو بن، بەڵام سەرچاوە بەردەستەکان ئاماژە بەهیچ نووسێنیک ناکەن سەبارەت بە ڕەگەز و ناسنامەیان تەنها ئاماژەیەکی کەم هەیە دەربارەی هەندێک لایەنی شارستانییان پێش هاتنیان بۆ ئەناتۆڵیا وەک زمان و جل بەرگ و نەخش و ڕازاندنەوە و هەندێک دابوونەریتی تایبەتی خۆیان. بۆنموونە، هەندێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خێڵەکی[٣].

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نادیاری ڕەگ و ڕەچەڵەکی لیدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک پێشتر وترا لەدوای لە ناوچوونی شانشینی حیتتیی لە (١٢٠٠ پ.ز) قۆناغێکی تاریکی لە بە دواوە ئەناتۆڵیای گرتەوە، نووسین وەستا، بارودۆخیکی ناهەموار ڕوویکردە ناوچەکە، هەتاوەکو سەردەمی بنەماڵەی مێرمنادییەکان و سەرەتایی قۆناغی تۆمارکردنی مێژووی لیدییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، بە تایبەتی لە سەردەمی یەکەمین پادشای بنەماڵەی مێرمنادی گیگس. ئەم پادشایە زیاتر لە سەرچاوەکاندا ناوی هاتووە وەک لە پادشا و بنەماڵەکانی پێشخۆی هۆکاری ئەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پادشایە پەیوەندیی لەگەڵ یۆناندا باش بووە و لەلایەکی دیکەوە

[1] Herodotus: The Histories, translated by George Rawlinson, Roman Roads Media, Moscow, 2012, book. I, 154-156.
[2] Damjan Krsmanovic: Political Authority and Storage In Early Middle Iron Age (1200-800 BCE) Central Anatolia, University of Leicester, Leicester, 2017, P. 44.
[3] Annick Pyane and Jorit Winties: Lords of Asia Minor an Introduction to The Lydians, Harrassowiz Verlag, Wiesbaden, 2016, P. 14.



CS CamScanner

ناوچەیەکی فراوانی لە ناوەڕاست و سەروی دۆڵی ڕوباری هێرموس تاوەکو ناوچەکانی باکور و باشوری لە ژێر دەستدابوو. هەروەک لەدەرەوە دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت، شانشینێکی دامەزراند هاوتای هێزە بەناوبانگەکانی جیهانی دێرین بوو، لەڕووی هێزەوە گەیشتە ئاستی میسر و سەر ئەنجام هاوپەیمانی لەگەڵ میسردا گرێدا[1].

ناڕونی ڕەچەڵەکی لیدییەکان، ئەو پرسیارەمان لادروست دەکات کەی؟ و لەکوێوە؟ لیدییەکان گەیشتنە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و کەناراوەکانی دەریای ئیجە، کلتور و شارستانییەتی ئەم نەتەوەیە، کە هاتن چۆن بوو؟ هەرچەندە زانیاریی مێژوویی و شوێنەواریی سەبارەت بەم ماوە مێژووییە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا بنەڕەتی لیدییەکان هێشتا جێگەی مشتومڕە و بەشێک لەو پرسیارانە بە وەڵامنەدراوەی ماونەتەوە[2]، بەڵام بە پشت بەستن بە هەندێک تۆماری کۆن چەند تیۆرێک سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەم گەلە کۆنە بوونی هەیە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەوان لقێک بوون لە هۆزەکانی کاریا، کاتێک هاتنە ناوچەکە سێ بنەماڵە فەرمانڕەوایی لیبەکانیان کردوون ئەوانیش (ئاتیادی -Atydae) هەتاوەکوو ساڵی (١٢٣٢ پ.ز.) وە هیراکلیدییەکان تاکو ساڵی (٧١٤ پ.ز.) سێیەم بنەماڵە لیدی خانەوادەی مێرمنادییەکان هەتاکو کۆتایی شانشینی لیدیا حوکومڕانیان کردووە[3]. هەروەها بۆچوونێکی دیکە ئاماژەی بە میسینیەکان کردووە، کە لقێک بوون لە دانیشتوانی کاریا، دواتر جیا بوونەتەوە و سەربەخۆ بوون، واتە کارییەکان دابەشبوون بۆ چەند تیرەیەکی جیاواز و ئەوانیش میسینییەکان و لیدییەکان بوون[4].

بە پێی ئەو بۆچوونانە بنەچەی کارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی کەنارەکانی دەریای ئیجە، بە تایبەتی دورگەی کریت، دواتر کۆچیان کردووە بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و کەنارەکانی دەریای ئیجە، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن دوری و ئایۆنییەکانەوە دەست بەسەر ناوچەکانیاندا گیرا ناچارکران بەرەو کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بڕۆن، هاتنی کارییەکان بۆ ئەناتۆڵیا بە بەشێک لەو شەپۆلی کۆچە دادەنرێت بۆ ناوچەکە، کە لە (کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز.) ڕوویداوە، هەرچەندە لە هەندێک لە سەرچاوەی دیکەدا، وەک خەڵکی ڕەسەنی ئەناتۆڵیا ناویان هاتووە، بەڵام

---

[1] Ibid. P.15.
[2] Cristophr H. Roosevelt: Op. Cit., P. 21.
[3] Herodotus: book.I.7-8 ؛ Heren H.L. Bya: A Manual Ancient History, 2th edition, D. A. Talboys London, 1833, P. 25.
[4] Georges Perrot: The History of Art in Phrygia, Lydia, Caria and Lycia, Champan and Hall, London, 1892.P. 234.



CamScanner

ئەمانە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئەناتۆڵیای دێرین قسەیان کردووە هەربۆیە کارییەکان، کە دواتر لیدییەکانیان لی جیابووەوە کۆچەری بوون[1].

نوسەرێکیش پێیان وایە لیدییەکان و (ئەتروسکانییەکان- Etruscan)یەک نەتەوە بوون، لە ئەوروپای کۆنەوە کۆچیانکردووە بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، دواتردا بەشێکیان بە بەلەم پەڕیونەتەوە بۆ ناوچەکانی ئیتاڵیای ئەمڕۆ، پێیان دەوترا (تیرسۆنی-Tyrsenoi)و بەشەکەی دیکەیان، کە لیدییەکان بوون لە ناوچەکەدا ماونەتەوە[2].

ئەوانەی پێیان وایە، لیدی و ئەتروسکانییەکان یەک بنەچەیان هەیە و یەک نەتەوەی هاوبەشبوون، ئاماژە بەوەدەکەن لە دوای ئەوەی ئەم گەلە کۆنە دەبن بە دووبەشەوە هەندێکیان کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی دیکە ئەوانەی مانەوە لەژێر دەسەڵاتی (لیدۆس-Lydos)دا ناوەکەیان گۆڕیوە لە (میۆنیەوە-Maione) بۆ (لیدی-Lydi)، بە تایبەتی لەوکاتەی لیدییەکان لەلایەن فریجییەکانەوە ناچارکران بەرەو ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا بڕۆن لە دەوروبەری(١٢٠٠ پ.ز.)دا، واتە کاتێک سەرەتا هاتنە ناوچەکە[3].

لەگەڵ ئەوەدا وەک لە سەرچاوەیەکدا هاتووە توێژەران لێکدانەوەی جیاواز دەکەن، سەبارەت بە بنەچەی ئەتروسکانییەکان، هەندێکیان ئاماژە بەوەدەکەن ئەوان لە لیدیاوە هاتوون، ئەمەش لە تایبەتمەندی ئاینی وکلتوریانەوە وەرگیراوە لەبەر ئەوەش لەژێر کاریگەیی لیدییەکاندا بوون، کلتور و داب و نەریتی هاوشێوەی ئەوانیان وەرگرتووە[4].

وتراوە کە لە نێو نووسەرانی کۆندا، سێ بۆ چوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە بنەچەی ئەتروسکانییەکان (دیۆنیسیوس هەلیکار ناسوس-Dionysius Halicarnassus) پێی وایە بنەچەیان ئیتاڵیە، (هیلانیکۆ لێسبۆس -Hellanico Lesbos) ئەتروسکانییەکانی وەک گەلی دەریا ناساندووە، کە بە پێشینەی یۆنانییەکان دادەنرێن و دەستیان بەسەر یۆناندا گرتووە لە پێش سەدەی (١٢ پ.ز.)دا، بەڵام بۆچوونی سێیەم لەلایەن هیرۆدۆتەوەیە بنەچەی ئەتروسکییەکان و لیدییەکان بەیەک نەتەوە دادەنێت، پێی وایە ئەتروسکییەکان لە دواتردا لە لیدیاوە کۆچیانکردووە و یەکەمین

[1] Trevor Bryce: The Kingdom of the Hittites, Oxford University Press, New York, 2005. P. 143.

[2] Antonio Sagona and Paul Zimansky: Ancient Turkey, Routledge, London and New York, 2009, PP. 24-362.

[3] F. Falchetti: Prehistory of Lydia the origin of the Etruscans and troy and Aeneas, Routledge, Stutgard, 2001, P. 213.

[4] Marshal Cavendish: Ancient Rome, (An Illustrated History), Marshal Cavendish Reference, New York, 2011, P. 13.



CamScanner

داگیرگەی خۆیان لە ئیتاڵیا بوونیاتناوە، لەژێر سەرکردایەتی (تیرهینوس-Tyrrhenos) کوڕی (مانیس-Manies)[1].

بە پێی سەرچاوەیەکیش هەندێک بۆچوون هەن ئاماژە بەوە دەکەن، لیدییەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن، واتە لە بنەڕەتدا لە یۆنانەوە نەهاتوونەتە ناوچەکە و داگیرگە دروستبکەن، بەڵکو کەنارەکانی ئەناتۆڵیادا زێد و نیشتیمانیان بووە و هەر لە کۆنەوە لەناوچەکەدا ژیاون[2].

لەگەڵ هەموو ئەم بۆچوونانە بە پشت بەستن بە هەندێک بەڵگەی زمانەوانی تایبەت، زانایانی ئەم بوارە ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە ئەو زمانەی سەرەتا لیدییەکان بەکاریاندەهێنا زمانێکی ناوخۆی و هی ئەناتۆڵیای کۆن نەبووە، بەڵکو بە زمانێکی باکوری دادەنرێت. لە ماوەی چاخی برۆنزدا، لە هەرێمی لیدیای کۆن زمانی لووی بەکاردەهات، لەم کاتەدا ئەوانەی بە زمانی لیدی قسەیاندەکرد لە جێگایەکی دیکە بوون، بەهەمان شێوە شوێنی پێشینانی میۆنییەکان بە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات دادەنرێت، هەربۆیە لیدییەکان لەم ناوچانەوە هاتوون، هەروەها ناوی میۆنیەکان ناوێکی یۆنانییە، لە بنەڕەتدا (مایۆنییەکان-Maiones) بووە، لەبەرئەوە زۆر پێدەچێت لیدییەکان لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی یۆنانەوە کۆچایانکردبێت بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و کاتێک هاتوونەتە ناچەکە فریجییەکان ڕووبەڕویان بوونەتەوەو ناچارکراون بەرەو خاکی لووییەکان لە باشور و ناوەڕاستی ئەناتۆڵیا برۆن"[3].

هەروەک بە پێی هەندێک ئەفسانە مایۆنییەکان کاتێک هاتنە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوادا نیشتەجێبوون، باپیرە گەورەی مایۆنییەکان بریتی بووە لە کەسێک بەناوی (مانس-Mans) ئەم کەسە کوڕی زیۆس بووە، واتە لیدییەکان لە یۆنانەوە کۆچیانکردووە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا[4].

زانیاریی سەبارەت بە سەرەتای دەسەڵاتدارانی لیدی و شێوازی هاتنیان و جێگیربوونیان پێش بنەماڵەی مێرمنادی، زیاتر پشت بە ئەفسانە و گێڕانەوەی خەیالی و لێکدانەوەی زمانەوانی

---

1 The Histories, book. I. 57 ؛Aysegul Aykurt: Op. Cit., P. 12.
2 Marshal Cavendish: Op. Cit., P. 208.
3 Alwin Kloekhorst: Op. Cit., P. 5.
4 F. Falchetti: Op. Cit., P. 206.



CamScanner

دەبەستێت، بەڵام لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا ئاماژە بە هەندێک نەتەوە کراوە لە دوای ئەوەی هاتوونەتە ناوچەکە و نیشتەجێبوون[1].

یەکەمین ئاماژە بە وڵاتی لیدیا لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا لە ئیلیادەدا هاتووە وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەند و جوان ناوی بردووە، هەروەها لە هۆنراوە یۆنانییەکانی دواتر باسی بنەماڵەی مێرماندی کراوە، وەک دەسەڵاتداری ناوچەکانی دەریا ئیجە کراوە .[2] بە گوێرەی یەکێک لە سەرچاوەکان ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە نزیک ڕوباری هێرموس نیشتەجێبوون میۆنییەکان بوون، بەهیچ شێوەیەک باسی ناوی لیدییەکان و شاری ساردس ناکات، بەڵکو بە میۆنییەکان ناویان دەبات، ئەمانە بنەچەی لیدییەکان بوون و دواتر شاری ساردسیان بوونیاتناوە و لە کۆتایی چاخی برۆنز لە نزیک ڕوباری سیها نیشتەجێبوون، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیی و لیدییەکانەوە زانیارییەکی تەواو لەبەردەستدا نییە، دواتر ناوی لیدیا لەسەدەی (٧ پ.ز.) بە دواوە ئاماژەی پێدەکرێت لە هۆنراوەکانی هەریەکە لە (ساپۆهۆ-Sappho) و (ئالخیو-Alcaeu)دا[3].

میۆنەییەکان پێش ئەوەی ناوەکەیان بگۆڕێت بۆ لیدییەکان، سەرەتا لە شاری (تەباڵ-Tabal) نیشتەجێبوون، نزیک روباری هالیس، لە سەرچاوەکانی (هەزارەی یەکەمی پ.ز.)دا، تەبال بە شارێکی لیدی ناوی هاتووە، نزیک ڕوباری هێرموس، ئەم شارە بە یەکەم شاری لیدی دادەنرێت پاشان لیدییەکان لەو شارەوە بڵاوبونەتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە[4].

وتراوە کە پێش ئەوەی ئەم گەلە کۆنە بەناوی لیدییەکانەوە بناسرێن، لە سەرچاوەیەکدا ناوی میۆنییەکان بە پێشینەی لیدییەکان هاتووە، بە پێی هەندێک سەرچاوە ناوەکە لە ناوی ناوچەی (مەساس-Masas) لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیاوە وەرگیراوە، لە تۆمارە حیتتیەکاندا ئاماژەی پێکراوە، وەک هەرێمێک لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا[5].

لەوکاتەی میۆنییەکان یاخود لیدییە سەرەتاییەکان لە کۆتایی چاخی برۆنز هاتونەتە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، ناویان چەندین جار لە نووسراوی حیتتییەکاندا، بەناوی خەڵکی وڵاتی مەسا هاتووە، کە دراوسێی هەرێمێکی دیکە بوون بە ناوی (کارکیسا-Karkisa)، هەردووکیان لە

[1] John Boardman F.B.A. And Others: The Cambridge Ancient History The Assyrian and Babylonian Empires and other States of the Near East, from the Eighth to the Sixth Centuries B.C, 2th edition, VOL. III, Part 2, Cambridge University Press, London, 2008.P. P. 644.
[2] Elspeth, R. M. D. usinberre: Empire, Authority and Autonomy in Achaemenid Anatolia, Cambridge University Press, New York, 2013, P. 77.
[3] Homer: Iliad of, Book. II. Translated by Alexander Pope, the project Gutenberg EBook, 1899.
[4] Jason M. Silverman and Caroline Waerzeggers: Political Memory in and After the Persian Empire, SBL, Atlanta, 2015, P. 9.
[5] R.S.P. Beekes: The Origin of the Etruscans, Koninklijke Nederlandse Akadmie Van Wetenschappen, Amsterdam, 2003, P. 95.



CS CamScanner

ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوون، هەروەها دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبووە، لە ڕووی زانستی وشە زانییەوە پەیوەندییەکی هاوبەش هەیە لە نیوان ماسا- کارکیسا- کاریا، هەربۆیە زۆر پێدەچێت میۆنیەکان کاتێک هاتونەتە ناچەکە لە دواتردا لەگەڵ نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا تێکەڵ بووبێتن[١].

وتراوە کە لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بە ناوی مەسا و (مایۆڤییەکان-Maiovès) کراوە وەک خەلکی یەک ناوچە، بەڵام هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوەدەکەن مایۆڤییەکان لە چاخی ئاسندا وەک داگیرکەر هاتوون و خاکی لیدیایان داگیرکردووە و دواتر لە ناوچەی مەسا نیشتەجێبوون. پێدەچێت مایۆڤییەکان کاتێک هاتبێتنە ناوچەی مەسا و تێکەڵی خەلکی ناوچەکە بووبیتن، هەمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەبن، کە لەلایەن حیتتییەکانەوە پێیان دەوترا (ماشا-Masha)[٢].

لەوکاتەی میۆنییەکان یاخود مایۆڤییەکان لە سەرچاوە حییتتیەکاندا بە ماشا ناویانهێنراوە، دەسەڵاتی سیاسییان وەرگرتووە، (ئاگرۆن-Agron)ی کوڕی (نینۆس-Ninus) وەچەی (بیلۆس-Belus)، بە یەکەمین پادشای میۆنییەکان دادەنرێت، فەرمانڕەوایەتی میۆنییەکانی کردووە[٣].

سنوری دەسەڵاتی میۆنییەکان چەند ناوچەیەکی لەخۆدەگرت، لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، لە ناوچەی مانیسای تورکیای ئەمڕۆوە و لە ڕۆژئاواوە بەرەو ئوشاک لە ڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوە[٤]. یەکێک لە شارەکان پێدەچێت پایەتەختەکەیان بێت بەناوی (تانتالووس- Tantalos)، دووچاری بوومەلەرزە بووەتەوە، ئەم شارە لە دواتردا ئاو دای پۆشی لە ئێستادا پاشماوەکەی بریتییە لە زۆنگاو، لە هەرێمی (سیپی لووس-Sipylus)، کاتێک ناوچەکە بووە بە ژێر ئاوەوە دانیشتوانەکەی بەرەو ناوچەکانی دەوروبەریان لە نزیکەی (١١٠٠ پ.ز.) کۆچیان کردووە[٥].

ئەم گەلە دێرینە کاتێک ناوچەکەیان ڕووبەڕوی قات و قڕی دەبێت، بەشێک لە دانیشتوانەکەیان کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی ئیتاڵیای ئەمڕۆ، ئەو بەشەی کە ئەمێنێتەوە بە لیدییەکان ناودەبرێن، هۆکاری گۆڕینی ناو هێنانەکەیان بەتەواوەتی نازانرێت، بەڵام هەندێک بۆچوون هەیە ئەمانە

---

[1] R.S.P. Beekes: Op. Cit., P. 96.
[2] I.ES Edwards and Others: The Cambridge Ancient History , History of The Middle East And Aegean Region Ca. 1380-1000 B.C, 3th edition, VOL. II, Part2, Cambridge University Press, 2008, P. 390.
[3] Sharon R. Steadman: Ancient Anatolia 1000-323 B.C.E., Oxford Univeristy Press, New York, 2011, P. 27.
[4] Guzel Sanatlar Fakultesi Dergisi: Searching For the Lydian Heritage in Anatolia Lydian Habrosyne, Jornal of Banu Hatice Gurcum1, Vol.2, 2019, pp. 216-238, P. 220.
[5] Muzaffer Demer: On The Possible Previous Links Of The Dark Age Aiolian Colonists With Their Newly Colonised Territories, Mugla University, 2003, P. 63.



CamScanner

ناوەکەیان لە (لووییەکان-Luwian)وە وەرگیروا پێیان وتراوە (لوودی-Luddi) ئەم ناوە لە تۆماری (ئاشور بانیپاڵ ٦٦٨-٦٣٠ پ.ز.)ی پادشای ئاشورییەکاندا هاتووە، هەروەها لیدییە سەرەتاییەکان بە زمانی لوویی قسەیان کردووە و لەهەمان ناوچەی لووییەکاندا بوون، بە تایبەتی لەترسی هەڕەشەی فریجییەکان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی باشور و لەوکاتەوە بە لیدییەکان ناسران[1].

سەبارەت بە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن لیدییەکانەوە پێش (٦٨٥ پ.ز.)، واتە پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی بنەماڵەی مێرمنادی و تۆمارکردنی مێژووی لیدییەکان بە شێوازێکی ڕاستەقینە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، یەکەمین بنەماوڵەی خاوەن دەسەڵاتی لیدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی هیراکلیدی، ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێنەوە بۆ سەر کەسایەتی پیرۆز و پاڵەوانی یۆنانی (هیراکلیس-Herakles)، گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کەسایەتی هیراکلیس دەمان گەیەنێتە ئەو بڕوایەی لیدییەکان لە ناوچەکانی یۆنانەوە کۆچیان کردووە[2].

پێش ئەوەی بنەماڵەی مێرمنادی بەشێوەیەکی فەرمی دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان وەربگرن لە ساڵی (٦٨٥ پ.ز.)دا چەند بنەماڵەیەک دەسەڵات سیاسی لیدیایان بەدەستەوەبووە، ئەوانیش بنەماڵەی ئاتیاد لە ناوی دامەزرێنەرەکەیان (ئەتیس-Atys) کوڕی لیدوس هاتووە، ناوی لیدییەکان لەگەڵ ئەو ناوچەیەی تێیدا نیشتەجێبوون لە ناوی لیدوسەوە وەرگیراوە، زانیاریی کەم هەیە سەربارەت بەم بنەماڵەیە و پادشاکانیان، تەنها ئاماژەیەکی کەمیان پێکراوە، بنەماڵەی دووەمی لیدی بریتی بوو لە (هیراکلیدییەکان-Heracleides) ئەمانە بۆماوەی پێنج سەد و پێنج ساڵ حوکمڕانیان کردووە، کە دەکاتە بیست و دوو نەوە[3].

هیراکلیدییەکان لە دوای بنەماڵەی (ئاتیادەوە-Atyads) دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەمانە کەسانی لێهاتوو بوون، دواتر سنوری دەسەڵاتەکەیان فراوانکرد، بە پێی گێڕانەوەی یەکێک لە کاهینەکانی پەرستگە باوکیان ناسرابوو بە (ئێراکلیس-Hercules) و دایکیان کۆیلەیەک بوو بە ناوی (یاردانووس -Jardanus) بیست و دوو وەچە واتە پێنج سەد ساڵ فەرمانڕاواییان کردووە، دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ گوازراوەتەوە هەتاکو گەیشتۆتە دەست (کاندالیس-Candaules)ی کۆتا پادشای بنەماڵەکە، سەبارەت بە بنەماڵەی هیراکلیدی بە پێی سەرچاوە یۆنانییەکان ئەمانە

[1] Robert Beekes: Luwians and Lydians, Blackwell, Haarlem, 2003, P. 47.
[2] David Mark Mouritz : East Greek Pottery and Graeco-Anatolian Mercenaries in the southern Levant in Iron Age CA.600BCE, A thesis submitted in total fulfillment of the requirements of the degree of Doctor of Philosophy in Ancient World studies, University of Melbourne, School of Historical and Philosophical Studies, 2018, P. 147.
[3] Herodotus: Book. I. 7.



CamScanner

شوێن کەوتوانی خودای جەنگ – تەور بوون، بەڵام بە پێی هەندێک سەرچاوەی دیکە (ساندون -Sandan) یاخود (ترسوس-Tarsus) خودای شێری ئەناتۆڵیا یان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی یۆنان پەرستووە[١].

یەکێک لە پادشاکانی بنەماڵەی هیراکلیدی ناوی لە سەرچاوەکاندا بە(میلیس -Meles) هاتووە، تاکو ئێستا زانیاریی تەواو لە بارەیەوە نازانرێت، سەبارەت بەم پادشایە چیرۆک و بۆچوونی جیاوازی لەسەر دەگێڕدرێتەوە، بە چەند شیوازێکی جیا ناوی هاتووە، بە نیکۆلاس یاخود میلیس ناوی تۆمارکراوە، باس لەوە دەکرێت کەسێکی ستەمکار بووە، پادشای پێش خۆی (داسکیلوس-Daskylos)ی کوشتووە، هەندێک بۆچوون هەیە، کە میلیس چووە بۆ بابل بۆ هاوکاری بابلییەکان و لە تۆماری بابلییەکاندا ناوی بە میلیسی سێیەم هاتووە، هۆکاری ئەم کارەی تەنها لێک دانەوەی فاڵچییەکانی بووە بەوەی ئەگەر نەچێتەدەرە لە ناو خۆی لیدیا لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەکوژرێت، دواتر لە بابل دەگەڕێتەوە و وەک پادشا بەردەوام دەبێت[٢].

بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە ئەم کەسە پادشا نەبووە، تەنانەت لە کۆشکی پادشایەتیشدا نەبووە، سەبارەت بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دوو بۆچون هەیە یەکێکیان ئەوەیە بە هۆی وشکە ساڵی و بێ بارانییەوە بووە، بۆچوونەکەی دیکە ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی گرانی و قاتوو قڕییەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی هاتووە، هەربۆیە میلیس چووە بۆ شاری بابل بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە[٣].

لەدوای بنەماڵەی هێراکلیدییەکان بنەماڵەیەکی دیکەوە بەناوی (مێرمنادییەکان_Mermnade) دەسەڵاتی لیدییەکانی وەرگرتووە، لەوکاتەی کۆتا پادشای بنەماڵەی هیراکلیدییەکان کەسێکی ستەمکاربوو بەناوی کاندالیسی کوڕی (ئالیخۆس-Alcaeus) کوڕی (ئیراکلیس -Hercules)، لە لای یۆنانییەکان بە (میرسیلۆس-Myrsilus) ناسراوە[٤].

کاندالیس لە لایەن یەکێک لە پیاوانی کۆشکی پادشایەتییەکەیەوە لەسەر دەسەڵات لابرا کە، گیگس بوو، لێرەوە لە سەرەتای سەدەی (٧ پ.ز.)دا، بنەماڵەی مێرمنادای دەسەڵاتی لیدییەکانیان گرتەدەست بەپێی هەندێک لە لێکۆڵینە شوێنەوارییەکانی شاری ساردسی پایتەخت ئاماژە بەوە کراوە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە سەرەتای سەدەی (٧ پ.ز.) زیادی کردووە، کە هاوکاتی

---

[1] Herodotus: Book. I. 7-8.
[2] Leigh Alexander: Op. Cit., P. 35.
[3] Ibid, P. 26.
[4] Herodotus: book.I. 7.

سەردەمی پادشا گیگس بووە، زیاد بوونی ژمارە دانیشتوانەکەشی بەهۆی لەناوچوونی دەوڵەتی فریجیا و دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆلکردنی ناوچەی فریجییەکان[١].

باڵادەستبوون و بەهێزبوونی لیدییەکان لە خاکی ئەناتۆڵیادا، بە شێوزێکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای لەناوچوونی دەوڵەتی فریجییەکان لە (٧٠٠ پ.ز.)دا، کاتێک سنوری دەوڵەتەکەیان بەپێی تۆمارە بەجێماوەکان فراوان بوو لە سنوری میسیا وە دەستپێدەکات بەرەو باکور، لە فریجیاشەوە بەرە ڕۆژهەلات، لە کاریاوە بەرە باشور، لە سنوری یۆنان بەرەو ڕۆژئاوا، لەڕاستیدا ئەم سنورە لە قۆناغەکانی دواتردا گۆڕانکاری بەسەردا هات و فراوانتربوو[٢].

لەدوای نەمانی دەسەلاتی سیاسی فریجییەکان بەهۆی هێرش و پەلاماری کیمرییەکان، بەرەو لاوازی ڕۆشتن، لە (٧٠٠ پ.ز.) بە دواوە لیدییەکان توانیان سود لەو بارودۆخە ببین و تەواوی خاکی لیدیا و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی فریجی کۆنترۆڵ بکەن، لیدییەکان کاتێک دەسەلاتیان وەرگرت، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە لەژێر فشاردا بوون، لە ڕۆژهەلاتی یۆنانەوە، شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان دەستیانکردبوو بە دامەزراندنی داگیرگە لە کەنارەکانی دەریای ئیجە لە ئەناتۆلیا لە دەوروبەری (١١٠٠ پ.ز.) بەدواوە و لەناوچەکەدا هەولی بەهێزکردنی پێگە و هەژموونی خۆیاندەدا، وە لەڕۆژهەلاتیشەوە بەشێک لە فریجییەکان هەولی مانەوەیان دەدا و هێرشیان کردبووە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەو ناوچانەی، کە لیدییەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، ئەم فشارانە بووبووە هۆی ڕێگری لە فراوانبوون و گەشەکردنی هێزی لیدییەکان، هەتاکو ئەوکاتەی بنەماڵەی مێرمنادی وەک یەکەمین بنەماڵەی بەهێز و دیار دەسەلاتی سیاسی شانشینی لیدیایان وەرگرت[٣].

مێژووی لیدییەکان بەشێوەیەکی فەرمی لە (٦٨٥ پ.ز.) وە دەست پێ دەکات، لەوکاتەی بنەماڵەی (مێرمنادی٦٨٥-٥٤٦ پ.ز.) دەسەلاتی سیاسیان وەرگرت، دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە بریتی بوو لە پادشا (گیگس٦٨٥-٦٥٢ پ.ز.)، گرنگترین کاری ئەم پادشایە ئەوە بوو شاری ساردسی بە پایتەختی لیدییەکان دیاری کرد، دواتر لیدیا بوو بە بەهێزترین دەسەلاتی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، لە دوای ئەوەی توانی شارە یۆنانییەکانی کەناری دەریای ئیجە بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی بەم

[1] D.G. Hogarth: The Ancient East, 2th edition, Oxford University Press, London and New York, 1939, P. 55.
[2] John Boardman F.B.A. And Others: The Assyrian and Babylonian, Op. Cit., P. 644.
[3] Antonio Sagona and Paul Zimansky: Op. Cit., P. 24-362.

شێوەیە سنوری شانشینی لیدیا بە فراوانی مایەوە و یەکێک بوو لە شانشینە بەهێزەکانی ئەناتۆڵیا هەتاکو نزیکەی سەد و چل ساڵ، دواتر شانشینی لیدیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەخمینییەکان[١].

لەگەڵ ئەوەی هەتاکو ئێستا بەتەواوەتی نازانرێت لیدییەکان لە چ ناوچەیەکەوە کۆچیانکردووە بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، بەڵام پێدەچێت لیدییەکان لە خاکی یۆنانەوە کۆچیان کردبێت بۆ ناوچەکە، هاوکاتی شەپۆلی کۆچی ئایۆلی و ئایۆنییەکان بۆ خاکی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و شەپۆلی کۆچی هیندۆ-ئەوروپی لە کۆتایی (هەزارەی دووەمی پ.ز.)دا، لەلایەکی دیکەوە مێژووی فەرمی لیدییەکان لە سەردەمی بنەماڵەی مێرمنادییەوە دەستپێدەکات، لە سەرەتای سەدەی (٧پ.ز.) بە دواوە، هەروەک ئەو بنەماڵە و دەسەڵاتدارانی پێش ئەم ماوەیە، زیاتر لەچەند سەرە قەڵەمێک نەبێت ناویان نەهاتووە، یاخود لە هەندێک ئەفسانە و گێڕانەوەی ناڕوندا ئاماژەیان پێکراوە.

[1] Trevor Bryce: The Torjan and their neighbours, Op. Cit., P.142.

## باسی دووەم : بنەماڵەی مێرمنادی و زنجیرە پادشاکانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٦٨٥-٥٤٦ پ.ز.)

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن لیدییەکانەوە هەیە، هەندێک لە مێژوونووسان ساڵی (٧١٤ پ.ز.)یان وەک سەرەتای بەهێزبوون و گرتنەدەستی کاروباری سیاسیی لەلایەن لیدییەکانەوە دیاریکردووە، هەندێکی دیکە ساڵی (٧٠٠ پ.ز.)یان بە ساڵی دەستپێکی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مێرمناد دیاریکردووە. هەروەها مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆت ئاماژە بەوەدەکات یەکەمین پادشای بنەماڵەی مێرمنادی لە کۆتاییەکانی سەدەی (٨ پ.ز.) توانیوییەتی دەسەلات لە بنەماڵەی هیراکلیدییەکان وەربگرێت و دەسەڵاتی سیاسی بۆ بنەماڵەی مێرمنادی بگوازێتەوە، هەربۆیە هاتنە سەردەسەڵاتی پادشای شانشینی لیدیا بەناوی گیگس لەلایەن زۆبەی توێژەرانەوە وەک پێشتریش وتراوە بە سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی ڕاستەقینەی شانشینی لیدییەکان دەستنیشانکراوە. هیرۆدۆتی مێژوونوسی یۆنانی ماوەی دەسەڵاتی هەر (پێنج) پادشاکەی ئەم بنەماڵەیەی دیاریکردووە، تاکو کۆتایی دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان لە ساڵی (٥٤٦ پ.ز.)، بەڵام بەپێی لێکۆڵینە هاوچەرخەکان، بەتایبەت توێژینەوەکانی (ئانیک پیانی-Annicke Pyanne)ی مێژوونووسی ئەڵمانی، کە بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ کاری لەسەر پاشماوەی شارستانییەتی و مێژووی گەل و شانشیی لیدییەکان کردووە و چەندین توێژینەوەی لەبارەی لیدییەکانەوە ئەنجامداوە، پیانی ساڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی بنەماڵەی میرمنادی و یەکەمین پادشای لیدییەکانی بە (٦٨٥ پ.ز.) تۆمارکردووە، ئەم توێژەرە و چەند مێژوونووس و شوێنەوارناسی دیکە مکوڕن لەسەر ئەم ساڵە، لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا ساڵی (٦٨٥ پ.ز.) وەک سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن لیدییەکان دیاریکراوە و وادەردەکەێت لە بیروڕاکانی دیکە نزیکتربێت لە ڕاستییەوە.

## وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بنەماڵەی مێرمنادی بە سەرکردایەتی پادشا گیگس(٦٨٥-٦٤٥پ.ز.)ی دامەزرێنەری بنەماڵەکە:

پێشتر وتراوە کە داڕمان و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز و باڵادەستی وەک حیتتییەکان لە دوای سەدەی (١٢ پ.ز.)وە، دەرفەتی دەرکەوتنی دایە هەندێک هێزی نوێ لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، دوای فریجییەکان، لیدییەکان یەکێک بوون لەو نەتەوانەی بوونە هێزی باڵادەستی دیار لەناوچەکەدا، هەرچەندە لیدییەکان سەرەتا وەک هۆزی بچوک و جیاجیا لە ناوچەکەدا بۆماوەیەکی زۆر مانەوە و چەند بنەماڵەیەک لەماوەی جیاجیادا توانیبوویان دەسەڵاتی ناوخۆیی لە هەندێک



CamScanner

ناوچەی لێک دابڕاودا بەدەستبهێن و هەتاکو دەوروبەری(٧٠٠ پ.ز.) هەر بەم شێوەیە مانەوە، لەدوای ئەو ماوە لە سەردەمی یەکەمین خانەوادەی بەهێزیان بوونە تاکە دەسەڵاتداری بەهێزی ناوچەکە، کە بنەماڵەی میرمنادی بوو، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم بنەماڵەیە شانشینی لیدیا بووە هێزێکی هەڵکەوتووی دیار و خاوەن نفوزی سیاسی و ئابووریی بەناوبانگ [١].

ئەوەی یارمەتیدەری سەرەکی مێرمنادییەکان بوو، کە لە ماوەیەکی کەمدا ببنە خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی مەزن، سەرەڕای دەوڵەمەندی خاکی لیدیا لە ڕووی کشتوکاڵییەوە، بوونی سامانێکی سروشتی زۆر و دەوڵەمەند بوو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتییاندا، کە ئەمە وایکردبوو بە خێرایی ببنە خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی و جێگیر لەناوچەکەدا، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیی شانشینی لیدیا پاڵنەرێکی بەهێزی دیکە بوو، چونکە ڕێگە بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە خاکی شانشینی لیدیادا تێپەڕدەبوو، هەربۆیە پادشایانی ئەم بنەماڵەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دانیشتوانی شارە دەوڵەتەکانی یۆنانییەکان لە کەناراوەکانی ئەناتۆڵیادا هەبوو، پادشایانی ئەم بنەماڵەیە پەرەیان بە ئاڵوێری بازرگانیدا لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و هەوڵی دورخستنەوەی ئەو هێزانەیاندا، کە بوونە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی شانشینەکەیان[٢].

هاتنەسەر دەسەڵاتی بنەماڵەی مێرمنادی بە سەرەتای بونیاتنانی شانشینێکی بەهێز و گۆڕانکاریی سیاسیی دادەنرێت لە مێژووی شانشینی لیدیادا، لەوکاتەی شاری ساردسیان وەک پایتەختی سیاسی خۆیان لە ناوەڕاستی سەدەی (٧پ.ز.)دا، دەستنیشانکرد و لەماوەی فەرمانڕەوایی کردنیاندا لیدییەکان چەند ناوچەیەکیان کۆنترۆڵکرد، بە تایبەتی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان لە کەنارەکانی دەریای ئیجە و ناوچەکانی باکور و باشوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا[٣]. لە سەرەتای بونیاتنانی دەسەڵاتی سیاسی، بەخێرایی پادشایانی فەرمانڕەوای شانشینی لیدیا بیریان لە فراوانکردنی سنوری دەوڵەتەکەیان کردەوە و دەستیانگرت بەسەر بانەکانی فریجیا لە ڕۆژئاوای ڕوباری هالیس، دواتر لە ناوچە سنورییەکان بنکەی سەربازییان دانا بۆ کۆکردنەوی باج و پاراستنی ڕێگە بازرگانییەکان و چەسپاندنی جێگە پێی خۆیان، بە کردار لەو ناوچە ستراتیژیانە.[٤]

سنوری دەسەڵاتی لیدییەکان لە سەردەمی بنەماڵەی مێرمنادی بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانبوو، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، لە دەریای ئیجەوە درێژ دەبووە هەتاکو دۆڵ و

---

[1] Mrac Van De Mieroop: A History of Ancient Near East ca. 3000-323 B.C, 2th edition, Blackwell, Oxford, 2007, P. 275.
[2] Mario Liveani: The Ancient Near East, History, Society and Economy, Translated By Soraia Tabataba, Routledge, London and New York, 2004, P. 533.
[3] Elspeth, R. M. Dusinberre: Op. Cit., P. 22.
[4] Lynn A. Levine: Former Turkey, 5th edition, Wiley Publishing Inc, New Jersey, 2008, P. 213.



CamScanner

ڕووبارەکانی هێرموس و (کایستێر-Cayster) لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، بەم شێوەیە سنوری وڵاتەکە لە ڕۆژئاواوە بووە هاوسنوری شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان، کە نە کەوتبوونە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئەوانەوە، لە باشورەوە هاوسنوری کاریا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتی فریجی بوون بە بەشێک لە خاکی ژێر دەسەڵاتی شانشینی لیدیا، هەروەک لە باکوری ڕۆژئاواوە سنورییان دەگەیشتە نزیک خاکی میسیا، ئەم ناوچەیە لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی و مەڵبەندی سەرەکی ڕێگەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوو[1].

هیرۆدۆت سەبارەت بە شێوازی دەسەڵاتگرتنە دەستی گیگس وەک یەکەمین پادشای بنەماڵەی مێرمنادی ئاماژە بە بەسەرهاتێک دەکات دەڵێت: **"کۆتا پادشای بنەماڵەی هیراکلیدییەکان کە کاندالیس بوو، بەڕادەیەکی زۆر ئاشقی ژنەکەی خۆی بوو، تەنانەت لەهەموو ژنێکی ئەو جیهانەی پێ جوانتر بوو، کاندالیس ڕاوێژکارێکی هەبوو زۆر جێگەی متمانەی بوو ناوی گیگس بوو، پادشا مەبەستی بوو ڕاوێژکارەکەی جوانی ژنەکەی ببینێت، ڕۆژێکیان بە گیگس دەڵێت: کاتێک پێتدەڵێم ژنەکەم جوانییەکی بێوێنەی هەیە بڕوا بەقسەکانی من ناکەیت، لەڕاستیدا پیاو بە بینین باشتر تێدەگات وەک لە بیستن، پێت چۆنە جوانی ژنەکەم بە ڕوتی ببینیت؟ گیگس بەم قسانەی پادشاکەی تووشی سەرسوڕمان بوو وەڵامی کاندالیسی بەم شێوەیە دایەوە: گەورەم کاتێک ژن پۆشاکەکانی داکەند، حەیاکەشی لەگەڵ دەتێکێت، گیگس دەترسا پێشنیاری پادشاکەی دووچاری چارەنووسێکی خراپی بکات، هەربۆیە وەڵامی نەرێنیانەی پادشای دایەوە"[2]. پادشا سوربوو لەسەر پێشنیارەکەی، هەربۆیە گیگسی ناچارکرد و پێی ڕاگەیاند: خۆم هەموو کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکەم، لەوەش مەترسە ژنەکەم بەم کارەبزانێت، تۆ لەپشت دەرگای ژووری خەوەکەمان خۆت مەڵاس بدە. بەم چەشنە کارەکەیان ڕێکخست، بەڵام کاتێک ژنی پادشا هاتە ژورەوە هەستی کرد کەسێک لەپشت دەرگایە هیچ قسەی نەکرد، شاژن کاتێک ڕۆژ بووەوە گیگسی بانگ کرد و پێی وت: دوو ڕێگەت لەبەردەمدایە، کامیانت پێ باشە ئەوە بکە یان پادشا دەکوژیت یاخود خۆت لە بەرچاوی من خۆت دەکوژیت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەوێریت کارێکی وابکەیت، گیگس دەیزانی هیچ چارەیەکی دیکەی نییە، چونکە بە دەستی خزمەتکارەکانی شاژن دەکوژرێت، نەشی دەویست کۆتایی بە ژیانیبێت، هەربۆیە کاتێک شەو داهات بەدوای شاژندا چووە ژورەوە و پادشای کوشت. بەم کارە**

[1] Ibid. P.214.
[2] The Histore: Book. I. 7-9.

**هەم تەختی پادشایەتی دەستکەوت، هەم شاژن. خانەوادی مێرمنادی بەو شێوەیە بوونە خاوەنی تەخت و تاجی پادشایەتی"[1].**

شوێنکەوتوانی بنەماڵەی هیراکلیدییەکان لە شانشی لیدیادا بەهۆی کوژرانی پادشاکەیانەوە بەچەکەوە پەلاماری کۆشکی پادشایەتیاندا، بەڵام لایەنگرانی گیگس بەرگریان کرد دواتر بەو مەرجە ڕێککەوتن ئەگەر پەرستگەی دیلفی پادشایەتیەکی گیگس پەسەند بکات، ئەوان ڕازی دەبن بە دەسەڵاتگرتنە دەستی پادشای نوێ، بە پێچەوانەوە دەبێت دەسەڵات بگێڕدرێتەوە بۆ بنەماڵەی هیراکلیدییەکان[2].

تێڕوانینیکی دیکە خۆی لە ئاماژەدان دەکات بەوەی بەهۆی (نیسیا-Nisya)، کە هاوسەری کاندالیسی پادشای هیراکلیدییەکانەوە بوو، نیسیا کاندالیسی خۆش نەدەویس، بەڵکو ڕقی لێی بوو، هەربۆیە خیانەتی لێکرد، بەردەوام لە هەلێک دەگەڕا، هەتاکو لەناوی بەرێت، سەرئەنجام ئەم دەرفەتەشی بۆ هەڵکەوت و لەگەڵ گیگس ڕێکەوت پێشنیاری بوون بە پادشای خستە بەردەمی، خێزانی کاندالیس خەڵکی میسییا بوو، کاتێک کاندالیس پەیوەندیی لەگەڵ میسییا باش نەبوو بەردەوام دەیوویست خاکی میسییا داگیربکات، هەربۆیە نیسییا تۆڵەی لێکردەوە[3].

هەندێک سەرچاوی دیکە ئاماژە بەوەدەکەن، کە گیگس ساڵی (٦٩٧ پ.ز.) کاتێک لە گەشتک گەڕاوەتەوە و بووەتە جێگەی متمانەی کاندالیس، بەڵام لە ساڵی (٦٩٦ پ.ز.)دەستیکرد بە یاخیبوون و شۆڕش دژی کاندالیس و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ. توانی بەم شێوەیە بەسەر کاندالیس سەربکەوێت. سەرکەوتنەکەی بەهێنانی ژنی پادشای پێشوو چەسپاوتر کرد، لەماوەی ساڵانی(٦٨٥-٦٤٥پ.ز.)دا گیگس فەرمانڕەوای شانشینی لیدیا بوو، لە سەرەتای سەردەمی پادشا یەتییەکەیدا بۆ ماوەیەکی باش سەرقاڵی بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتەکەی و ڕێکخستنی هێزی سەربازیی شانشینی لیدیا بوو[4].

---

1 The Histore: Book. I. 11-12.

2 Annick Pyane: Op. Cit., P. 3.

3 Kirby Flower Smith: The Tale of Gyges and the King of Lydia, the American Journal of Philology VOL.23 1902, pp. 361-387, P. 370

4 Claxion Cynthia Lois: The role and performance of Herodotus as narrator of the history, A dissertation sybmitted in partial fulfillment of the requirements of the degree of Doctor philosophy School of Classic Univeristy of Washington, 1987, P. 83.



CamScanner

به پێچەوانەی هیرۆدۆت (پلاتۆ-Plato)[1]، چیرۆکی هاتنەسەر دەسەڵاتی ناوبراو بە شێوازێکی دیکە تۆمارکردووە، پلاتۆ ئاماژە بەوەدەکات، گیگس شوان بووە و خاوەنی مەڕومالاتەکە خۆی نەبووە، بەڵکو خاوەنداریێتییەکەی پادشابووەو خۆی شوان بووە. ڕۆژێک تۆفانێکی بەهێز ڕوودەدات، ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی بومەلەرزەیەکی مەزن، بەهۆی بومەلەرزەکەوە کەلێنێک دروستدەبێت، گیگس دەیەوێت بزانێت چی ڕویداوە[2]. گیگس سەرەتا لە کەلێنەکە نزیک دەبێتەوە چاڵێکی قووڵ دەبینێت وەک تونێل وایە، پاشان دەچێتە ناو چاڵەکە و لە ناوەڕاستی کەلێنەکەدا هەندێک شتی نامۆی بەرچاو دەکەوێت، وەک پەیکەری ئەسپێکی گەورەی لە برۆنز دروستکراو، کە دەرگایەکی هەیە لەوێوە دەچێتە ناو پەیکەری ئەسپەکە، لەوکاتەدا جەستەی پیاوێکی مردو دەبینێت بۆگەنی کردوە، لە قۆڵی مردوەکەدا ئەڵقەیەکی زێڕی لەدەستدایە، ئەڵقەکە دەکاتە دەستی و دێتە دەرەوە[3].

دوای ماوەیەک هەموو شوانەکانی پادشا کۆدەبنەوە و باسی ڕووداوەکە دەکەن، دەیانەوێت بچن بۆ کۆشکی پادشا و بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕنەوە، لەوکاتەی گیگس ئەڵقەکەی لەدەستدایە شوانەکان نایبین دەکەونە باسکردنی، هەتاکو ئەوکاتەی ناوبراو ئەڵقەکەی لەدەستی دائەکەنێت هەمووان دەیبینن، هەربۆیە تێدەگات کاتێک کە ئەڵقەکە دەکاتە دەستی کەس نایبینێت، دواتر گیگس دەچێت بۆ لای پادشا هەتاکو بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە ئەڵقەکە لە دەستدەکات، بەڵام پادشا نایبینێت، ئەویش ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و بەنهێنی لە ژوری شاژن خۆی حەشاردەدات، پاشان دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنی پادشا، دواتر لەگەڵ شاژن پیلانی غافڵکوژکردنی پادشا دادەنێن و لە کاتی خەودا گیگس چەقۆیەک دەکات بە سکی پادشادا و دەیکوژێت. دوای کوشتنی پادشا گیگس شاژن مارەدەکات و لەوڕێگەیەوە تەختی پادشایەتی وەردەگرێت[4].

[1] پلاتۆ(٤٢٨-٣٤٧پ.ز.): یەکێک بوو لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکان، لە شارە دەوڵەتی ئەسینا دەژیا، خاوەنی خوێندنگەی پلاتۆ و ئەکادیمیا بوو کە هەندێک کات بەیەکەمین زانکۆ ئاماژەی پێدەکرێت، لەو ناوەندانەدا گفتوگۆی زانستەکانی وەک ئەستێرە ناسی، فەلسەفی، ماتماتک، ... هتد دەکرا بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Antonio Gonzalez Fernandez: the dialogues of Plato (428-347BC), translated by Benjamin Jowett, University of Oxford, 1998, PP. 317-323.

[2] Antonio Gonzalez Fernandez: Op. Cit., PP. 320-321؛B Van Zyl-Smit: Gyges and Candaules in Ancient and Modern Literature, 1st editoion, University of Western Cape, Cape Towne, 2012, P. 7.

[3] Ibid, P. 7-8.

[4] Jason Buckley: Plato Ring of Gyges, Sacred Heart University, Schwetz, 2019, P. 137.



CamScanner

لەلایەکی دیکەوە، (پلوتارخ-Plutarch)[1]، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات یەکێک لە بنەماڵە ناوخۆییەکانی (کاری) نیشتەجێی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بەناوی (ئارسیلی میلاسا-Arselis of Mylasa) هاوکاری گیگسیان کردووە لە هاتنەسەر دەسەڵات. بەهەمان شێوە، ئالیاتس پادشای دواتری لیدییەکان هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی کاریایی کردووە، کە دەکاتە دایکی کۆتا پادشای لیدییەکان واتە دایکی کرۆیسوسە، هەربۆیە هەندێک لە توێژەران پێیان وابووە کارییەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینیووە لە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن گیگسەوە و باڵادەستبوونی بنەماڵەی مێرمنادی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵەی هیراکلیدییەکان[2].

بنەماڵەی مێرمنادییەکان بە سەرکردایەتی یەکەمین پادشا و دامەزرێنەری بنەماڵەکە کە پادشا گیگس بوو، توانییان دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنن و هەژموونیان بەسەر تەواوی خاکی لیدیا و ناوچەیەکی فراواندا بسەپێنن، ناوبراو کە هاتە سەر دەسەڵات دەسەڵاتی لیدیای بەروە بەهێزی برد و شاری ساردسی وەک پایتەختی شانشینی لیدییەکان دەستنیشانکرد، پاشان چەندین هەڵمەتی سەربازیی دژی داگیرگەکانی ڕۆژهەڵاتی یۆنان و خاکی فریجیا ئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەدا پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ میسر و ئاشورییەکان گرێدا، گیگس لەهەمان کاتدا بایەخیدا بە پێشخستنی ئابووریی و شاری ساردسی کردە یەکێک لە شارە گرنگ و ناودارەکانی ئەناتۆڵیای دێرین، شاری ساردس بەسەر پێدەشتەکانی ڕوباری هێرموسدا دەیڕوانی، ناوچەکە لەسەر ڕێگەی بازرگانی نێوان ئەناتۆڵیاو دەریای ئیجە بوو، ئەمە بووبووە هۆی ئەوەی شاری ساردس پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکانی دروستبکات، هەرچەندە شارەکە بیست ڕۆژە ڕێ لە (ئیفیسووس-Ephesus)، (کۆلۆف-Colophon) و (سیمرنا-Symrna)، و بیست و پێنج ڕۆژە ڕێ لە (میلیتووس-Miletus)وە دووربوو، بەڵام پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ پایتەختی لیدییەکاندا هەبوو، ئەمە وایکرد پادشایانی بنەماڵەی مێرمنادی لە پێشەوەیان پادشا گیگس هەوڵی هێشتنەوە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لە ژێر دەسەڵاتیان بدەن[3].

---

[1] (پلوتارخ ٤٥-١٢٠ز): فەیلەسوف و نووسەری یۆنانی بوو، گەشتی چەند ناوچەیەکی کرد بوو وەک میسر، ئەناتۆڵیا بە تایبەتی ساردسی پایتەختی لیدییەکان لەکاتی گەشتەکەیدا چەندین کتێبی نووسی سەبارەت بەو ناوچانەی سەردانی کردبوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
E. H.Warmingto: Plutarch Lives, Translated: Bernadotte Perrin, VOL.1, New York, 1914.

[2] Amelie Kuhrt: the Ancinet near east, C.300-330 B.C, Vol.2, Routledge, London, 1995.P. 567.

[3] Steven Camac: The Eastern Foundations Near Eastern Influence on the Ionian Presocratics and The Transmissions of Eastern Religious ideas to Ionia, Montana state University, Bozeman, 1998, P. 89.



CamScanner

شانشینی لیدیا لەژێر فەرمانڕەوایەتی پادشایانی بنەماڵەی مێرمنادی گەشەسەندی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەم بەرەو پێشچوونە لەهەموو بوارەکاندا دەبینرێت، جگە لەبواری ئابووریی و بوارەکانی سیاسی و سەربازیی وە شانشینی لیدی بەردەوام لە پەرەسەندندابوو، بە تایبەتی لەسەردەمی پادشاکای وەک (سادیاتس ٦١٥-٦١٠ پ.ز.) و (ئالیاتس ٦١٠-٥٦٠ پ.ز.) دواتر کۆتا پادشایان کە (کرۆیسوس ٥٦٠-٥٤٦ پ.ز.) گەیشتە لوتکە، ئەم پادشایانە بەردەوام هەوڵی فراوانکردنی سنوری شانشینەکەیان دەدا و شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکانیان کرد بە ناوەندی بڕیار لە ئەناتۆڵیایی دێرین، بەم شێوەیە لە دوای بنەماڵەی هیراکلیدی مێژووی سیاسی لیدییەکان پێینایە قۆناغێکی بەهێزترەوە، ئەو پادشایانەی دەسەڵاتی سیاسی لیدییان وەرگرت زۆربەیان کەسانی بەهێزبوون، توانییان شانشینێکی فراوان و بەهێز بۆ لیدییەکان دابمەزرێنن و بۆ یەکەمین جار هەژموونی خۆیان بەسەر شارە یۆنانییەکانی ئەناتۆڵیادا بسەپێنن، هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە توانییان پەرە بە بازرگانی کانزاکاری بدەن و بوونە خاوەنی دراوی تایبەت بەخۆیان. شانشینی لیدییا لەسەردەمی ئەم بنەماڵەیەدا گرنگییەکی زۆریاندا بە بواری هونەریی و تەلارسازیی هونەرمەندانی زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانیان بانگهێشتی شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان کرد[١].

لەماوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی میرمنادی لەدوای پادشا گیگسی دەمەزرێنەری چوار پادشا دەسەڵاتیان گرتەدەست. یەکەمین پادشایان پادشا گیگسبوو، لەهەمان کاتدا دامەزرێنەری بنەماڵەکە بوو، هاتاکو کۆتا پادشایان کە پادشا کرۆیسوس بوو، لەدوای ئەم پادشایەوە دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان کۆتاییپێهات لە (٥٤٦ پ.ز.) بەهۆی هاتنی ئەخمینییەکان و هێرشکردنە سەر خاکی شانشینی لیدیا و گرتنی ساردسی پایتەختەوە، هەرچەند سیماکانی شارستانییەتی لیدییەکان دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی سیاسیشیان بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە و بەردەوام بوو لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و دورگەکەنانی دەریایی ئیجە، بەڵام دوای هاتنی ئەخمینییەکان گۆڕانکاریی سیاسی و شارستانی لە ئەناتۆڵیادا هاتەکایەوە و شارستانییەتی ئەوان لەناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووە، ئەو ماوەیە بە ماوەی باڵادەستی ئەخمینییەکان لە نێوان (٥٥٠ پ.ز.) تاکو (٣٣٠ پ.ز.) لە ئەناتۆڵیادا دادەنرێت[٢].

[١] د. إيمان لفته حسين: مملكة ليديا(٦٨٧-٥٤٦ ق.م) تاريخهاو حضارتها، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، المجلد٤، عدد٣، جامعة القادسية، ٢٠١٤، ص٦.

[2] Annick Pyane: Op. Cit., P. 4.

سەبارەت بە دەسەڵاتی ئەو لەماوەی حوکمیدا، بە کەسێکی ستەمکار و زۆردار ناوی هاتووە، (هیپیاس-Hippias)[١]، لە شعرێکیدا بۆ (ئەرخیلوکوس-Archilochus)[٢]، ئاماژەی بە زاراوەی دیکتاتۆر داوە لە سەدەی (٦ پ.ز.)دا ئەم دەستەواژەیەی بۆ شێوازی فەرمانڕەیی گیگسی پادشای لیدییەکان بەکارهێناوە، بۆ یەکەمجار ئاماژەی بە وشەی (Tyrannos)[٣]ی کردووە، مەبەستی ئەو شێوازە لە دەسەڵاتداری بووە، کە پادشای لیدییەکان فەرمانڕەوایی پێکردووە، واتە ڕژێمێکی دیکتاتۆر بووە[٤].

سەرەتا کاتێک گیگس دەسەڵاتی وەرگرت، لیدییەکان لە چوارچێوەی یەک دەسەڵاتی سیاسییدا کۆنەبووبوونەوە، بەڵکو دابەشبووبوون بۆ چەند گروپێکی جیا جیا، هەتاوەکو پەرستگەی دیلفی گیگسی وەک پادشای لیدیا ناساند، لە بەرامبەر ئەو دیاریانەی وەک زێڕو زیو بۆ پەرستگەکەی ناردبوو، ناوبراو مەبەستی بوو پەرستگەی یۆنانییەکان قایل بکات هەتاکو ڕازی ببن دان بەدەسەڵاتەکەیدا بنێت و وەک پادشا بیناسێنن[٥].

دوای ئەوەی پەرستگەی دیلفی دانی بەدەسەڵاتی گیگسدا ناو وەک پادشا ناساندی، بەو هۆیەوە گیگس وەک یەکەمین پادشای بنەماڵەی مێرمنادی توانی دەوڵەتێکی بەهێزی لەڕووی سیاسی و ئابووریی و سەربازییەوە دابمەزرێنت، ناردنی دیاری و خەڵات بۆ پەرستگەی دیلفی لەلایەن پادشای لیدیەکانەوە نیشانەی دەوڵەمەندی دەوڵەت و خاکی لیدیا بوو، ئەو دیارییانەی گیگس بۆ

---

[١] (هیپاس ٥٢٧-٥١٠ پ.ز.): کوڕی (پسیستراتۆس-Pesisistratos)ی دیکتاتۆری ئەسینا بوو، دوای باوکی دەسەڵاتی سیاسیی ئەسینای وەرگرت، لەگەڵ براکەی بەناوی (هیپارخۆس-Hipparchos) لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی بەردەوام بوو، لەلایەن پادشای سپارتا (کلیۆنیس-Kleomense) هێرشکرایە سەر شارەدەولەتی ئەسینا و (هیپاس) ڕایکرد بۆ لای ئەخمینییەکان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Rosalind Thomas: Hippias Tryant of Athens, Elder son of Pisisitratus, Oxford University Press, London, 2016.

[٢] (ئارخیلوکوس ٦٨٠-٦٤٥ پ.ز.): شاعیرێکی یۆنانی بوو، لە دورگەی (پارۆس-Paros) لە خێزانیکی خانەدان لەدایکبووە، بە یەکەمین شاعیری یۆنانی دادەنرێت لەدوای (هۆمیرۆس). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
William Harris: Archilochus first Poet after Homer Fordham University, New York, 2002.

[٣] (Tyrannos): لە بنەڕەتدا وشەیەکی لیدییە لە زمانی ئینگلیزیدا بووە بە (Tyrant) بەمانای دەسەڵاتداریکی سەرکوتکار دێت، یان کەسێک بە زۆر دەسەڵاتی وەرگرتبێت و خۆی سەپاندبێت.

[4] P. J. Rhodes: Op. Cit., P. 43.

[5] Jack Martin Balcer: Herodotus the 'Early State and Lydia, Jornal of Historia, VOL.43, 1994, pp. 246-249 P. 247.



CamScanner

پەرستگەی یۆنانییەکان دەینارد پێکهاتبوو لە ئاڵتون و زیوو، کە بۆ یەکەمجار بوو یۆنانییەکان ئاشنای زێڕو زیوو بوون، هەربۆیە دیاریەکی بەنرخ بوو لەلایان[١].

ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە گیگس یەکەمین پادشای بیانی بوو خەڵاتی پێشکەش پەرستگەی یۆنانییەکان کرد لەدوای پادشا میداسی پادشای فریجییەکان، کە پادشا میداس ئەو کورسییەی لەکۆشکەکەیدا لەسەری دادەنیشت، پێشکەشی پەرستگەکەی کردبوو. بڕی ئەو بەخشینەی پادشای لیدییەکان بۆ پەرستگەی یۆنانییەکان ناردی خۆیدەبینییەوە لە شەش جامی زێڕی تایبەت، بە تێکەڵکردنی ئاو و شەراب، کێشەکەی سی (تالێنت– Talents)[٢] بوو، بەهای دیارییەکانی هێندە چل وهەشت هەزار پاوەندی ئێستا دەبوو، مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو لە ڕێگەی ئاینییەوە پێگەی دەسەڵاتەکەی بەهێزتر بکات. لەم کارەیدا سەرکەوتووبوو، دوای ئەوەی دەسەڵاتی لەناوخۆ بەهێزبوو، جەنگی دژی شارە دەوڵەتەکانی میلیتوس، سمیرنا و کۆلۆفۆن ڕاگەیاندا، کە ئەمانە سێ شارە دەوڵەتی بەهێزی یۆنانی بوون بە ئایۆلی و ئایۆنییەکان ناسراوبوون، هاوسنوری نزیکی شانشینی لیدیا بوون[٣].

دوای ئەوەی گیگسی پادشای لیدییەکان بڕیاریدا سنوری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات، بۆ ئەم مەبەستە سیاسەتی جۆراوجۆری بەکارهێنا بۆنموونە، هەر لەسەرەتاوە هەوڵیدا لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەسەڵاتی بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا فرانبکات، بەڵام بەر لەوەی ئەوکارە ئەنجامبدات، سەرەتا لەڕێگەی گرێدانی پەیوەندیی دیبلۆماسییەوە هەوڵیدا پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵات ببەستێت، هەربۆیە دەیوویست پەیوەندیی ئابووریی و سیاسی لەگەڵ ڕۆژهەڵات پەرەپیبدات، بە تایبەتی لەگەڵ میسۆپۆتامیا، بۆ ئەم مەبەستە کەلوپەل و کانزا و زێڕ و بەردی گرانبەها لەلایەن لیدییەکانەوە هەناردەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەکران.[٤]

گیگس بە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە لەمەترسییەکانی سەر سنوری ڕۆژهەڵاتی دەسەڵاتەکەی دڵنیابووەوە، بەڵام لە سنورەکانی ڕۆژئاوای شانشینەکەی گەورەترین کێشە لە

---

[1] Charles Rollin: The ancient history of Egypt Carthaginians, Assyrians, Babylonians, Medes and Persians, Macedonians and Grecians, VOL.1 Translated by Robert Lynam, Univeristy of Paris, Paris, 2009, P. 510.

[٢] تالێنت: یەکەی پێوانەی بوو لەلایەن زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکانی وەک یۆنان، ڕۆمان، میسر و میسۆپۆتامیا بەکارهێنراوە یەک تالێنت یەکسانە بە بیست و چوار کیلۆگرام. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Robert Mundell: The Birth of Coinage, Columbia University Press, New York, 1999, P. 4-8.

[3] Charles Rollin: Op. Cit., P. 511.

[4] Barclay V. Head, The Coinage of Lydia and Persia from the Earliest times to the fall of The Dynasty of The Achemenid, University of California, London, 1877, p. 11.



CamScanner

دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا هەبوو، کە خۆیدەبینییەوە لە هاوتخوبی و نزیکی سنوری لیدییەکان لەگەڵ یۆنانییەکاندا، لەڕاستدا ئەم کێشەیە مێژوویەکی دێرینی هەبوو، تەنانەت حیتتییەکان ڕووبەڕوی هەمان کێشە بوونەوە، چونکە دانیشتوانی دورگەکانی دەریای ئیجە و ناوچە کەنارییەکانی ڕۆژئاوا ئەناتۆڵیا خەڵکانێکی دەوڵەمەند بوون و لەگەڵ ئەوەدا ئەوان ئارەزویان دەکرد بە ئاشتی بژین و مەترسی لەسەر ژیانیان نەبێت، هەربۆیە پێوویست بوو ئەو کەسەی فەرمانڕەوایی دەکرد سنوری دەسەڵاتەکەی بە بەهێزی و پتەوی بپارێزێت. ئەمە پادشایانی لیدی هەر لە گیگسی یەکەم پادشای لیدی هێنایە ئەو باوەڕەی لە ناوچە سنورییەکان پێوویستی بە کەشتی سەربازیی و سوپای بەهێز هەیە، دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئایۆنی بوون، پادشایانی سەرەتای دەوڵەتی لیدی بەردەوام هەوڵیان دەدا بەندەری میلیتۆس ناوچەیەکی ئارام بێت، سەرئەنجام لیدییەکان هاوپەیمانیەتییەکیان لەگەڵ شارە دەوڵەتی میلیتوس و (میلاواندا -Millawanda) گرێدا، بەڵام (ئاخییەکان-Achaeans)[1]، بەڕێکەوتنیان لەگەڵ شارە دەوڵەتی میلیتوس کێشەیان بۆ هاوپەیمانییەتەکە دروستکرد[2].

لە ڕاستیدا گیگس لە ئەنجامی هەوڵە بەردەوامەکانی، توانی سنوری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات سەرەتا ناوچەکانی ڕۆژئاوای سنوری شانشینی لیدییەکانی بەرەو دەریای ئیجە داگیرکرد، پاشان ڕوبەڕی میلیتۆس، سمیرنا، (ماگنێسیا-Magnesia) و کۆلۆفۆن بووەوە و توانی دەست بەسەر دەشتی (تۆرجان-Torjan)دا[3] بگرێت و ڕێگەیدا بە (میلیسیانەکان-Milesians) داگیرگەی (ئەبیدۆس-Abydus)[4]، لە ناوچەکە دروستبکەن[1].

[1] ئاخییەکان: لە ناوچەی (ئاخییا-Achaea) لە باکوری (پیلۆپۆنیز-Peloponnese)نیشتەجێبوون، لە (١٢٠٠ پ.ز.) هاتنە ناوچەکە و کردیانە نشینگەی هەمیشەییان، ئاخییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان دەبینی لە داگیرگە یۆنانییەکان بە تایبەتی لە باشوری ئیتاڵیا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Willam K Prentice: The Achaeans, Amrican Journal of Archaeology, VOL.33, Univeristy of Chicago, 1929, pp. 202-226. P. 206

[2] John Boardman. F. B. A. And Others: The Cambridge Ancient History ,Persia, Greece and The Western Mediterranean, 2th edition, Vol. IV, Cambridge University Press, London, 2008, P. 211.

[3] دەشتی تۆجان: کەوتبووە باکوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، ناوچەیەکی گرنگی ستراتیجی بوو لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای ئیجە و دەریای ناوەڕاست، ڕێگە بازرگانیەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیای لەخۆ دەگرت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Kurt A. Raaflaub: The Torjan war and history, Journal of Hopkins Univeristy Press, VOL. 91 Maryland, 1998, pp. 386-403.

[4] ئەبیدۆس: نشینگەیەکی دێرین بوو، پاشماوەی شارەکە کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گەروی دەردەنیل، شارەکە لەساڵی (٦٧٠ پ.ز.) لەلایەن میلیسیەکانەوە، داگیرکرا، تاکو هاتنی ئەخمینییەکان بۆ ناوچەکە، لە ژێر دەستی میلیسییەکاندا مایەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:



CS CamScanner

هەرەشەی سەرەکی لەسەر دەسەڵاتی لیدیەکان خۆی لە دەسەڵاتی کیمرییەکاندا دەبینییەوە، پاش ئەوەی کیمرییەکان توانیبوویان بەسەر فریجییەکاندا سەربکەون و بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا دوریان بخەنەوە، کیمرییەکان ناو بەناو هێرشیان دەکردە سەر خاکی شانشینی لیدیا و مەترسی و هەرەشە بوون لەسەر دەسەڵاتی لیدییەکان. بۆ ڕووبەڕوبونەوی کیمیرییەکان گیگس داوای هاوکاری لە (ئاشور بانیپاڵ -Ashurbanipal ٦٦٩-٦٣١پ.ز.)ی پادشای ئاشورییەکان کرد ئەویش، لەنێون ساڵانی (٦٦٨- ٦٦٥ پ.ز.)دا لەڕێگەی هێزی سەربازیی و چەک و دیپلۆماسییەوە هاوکاری پادشای لیدییەکانی کرد، بەومەرجەی ببن بەشوێن کەوتەی ئاشورییەکان، هەرچەندە تا ئێستا زانیاریی سەبارەت بەم ڕێککەوتنە ڕوون نییە، بەڵام بەپێی تۆماری ساڵنامەی ئاشورییەکان گیگسی پادشای لیدییەکان دوو دیلی کیمیری بە کەلەپچەکراوی ناردووە بۆ پادشای ئاشوری ئاشور بانیپاڵ، هەرچەندە کرۆنۆلۆجیای ئەم باسە بەتەواوەتی نازانرێت، بەڵام ڕووداوی داگیرکردنی دەوڵەتی لیدیی لەلان کیمرییەکانەوە لە ساڵی (٦٥٧ پ.ز.) لەسەرچاوە ئاشورییەکاندا ئاماژەی پێکراوە[٢].

گیگس و کوڕەکەی بەناوی ئاردیس، بۆ ماوەی بیست ساڵ بە بەردەوامی ڕووبەڕووی هەرەشەی کیمیرییەکان بوونەوە، هەرچەندە سەرەتا لیدییەکان بە هاوکاری ئاشورییەکان توانیان شکستیان پێبهێنن و دوریان بخەنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا و لە سێیەمین هێرشی یەک لەدوای یەکی کیمرییەکاندا توانییان شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان داگیربکەن لە ساڵای(٦٥٠ پ.ز.) و شارەکەیان تاڵانکرد و پاشان سوتاندیان و شورای شاری ساردسیان تەختی زەویکرد[٣].

کیمرییەکان لە هەڵمەت و پەلاماردانەکانیان بۆ سەر پایتەختی لیدیا، تێکچوونی پەیوەندیی لیدی و ئاشورییەکانییان بە هەلزانی، لەوکاتەی لەنیوەی دووەمی سەدەی (٧پ.ز.)دا بەدواوە، سەرچاوەکان ئاماژە بە یاخیبوونی لیدییەکان دەکەن لە دژی ئاشورییەکان، ئەمە لەکاتێکدابوو لیدییەکان پێشتر داوای کۆمەکی و هاوکاریان لە ئاشورییەکان کردبوو و ملکەچیان بوون. بەم شێوەیە گیگس هاوپەیمانی ئاشورییەکانی لەدەستدا، لە ئەنجامدا لە بەردەم هێرشی دووەمی کیمرییەکان تێکشکا[٤].

سەرەتای تێکچوونی پەیوەندی شانشینی لیدیا و ئاشورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، دوای ئەوەی ئاشورییەکان توانیبوویان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر میسردا بسەپێنن، ئاشورییەکان

---

Geogios A. Levenitotis: Abydos of Hellespont and its region, Aristotle University, Thessaloniki, 2017, P. 1-14.
[1] Annick Pyane: Op. Cit., P. 5.
[2] Annick Pyane: Op. Cit., P. 5-6
[3] Annalisa Paradiso: Sadyatetes and his Niece, Journal of History, VOL. 9, pp.111-119, 2015, P. 112.
[4] Annick Pyane: Op. Cit., P. 6.

(پسماتیکی یەکەم Psmatik I-٦٦٤-٦١٠ پ.ز.)[1]،یان وەک پادشای میسر دەستنیشانکرد، بنەماڵەی پسماتیک لە شاری (سایس-Sais) دەسەلاتییان گرتبووە دەست،دواتر شاری (مەمفیس-Memphis ) یان کردە پایتەختی دەسەلاتەکەیان، دوای ماوەیەک لە دەسەلاتی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوورییەکان، هێزی ئاشوورییەکان لاواز بوو و بەرەو لە ناوچوون ڕۆشت، بنەماڵەی پسماتیک دەستیانکرد بە بوونیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی[2].

بەم شیوەیە تێکچوونی پەیوەندیی ئاشوریی و لیدییەکان بۆ نزیکبوونەوەی پادشای لیدییەکان لەگەڵ دەسەلاتدارانی میسر دەگەڕێتەوە، هەرچەندە سەرەتا هاوپەیمانی ئاشوورییەکان بوو وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کە بەوهۆیەوە توانیبووی سنوری دەسەلاتەکی فراوان بکات، بەڵام گیگس دوای ئەوەی خەڵکی بەکرێگیراوی کاری و ئایۆنی دەنێرێت بۆ یارمەتیدانی پسماتیکی یەکەم پادشای میسر بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بەسەر ئاشوورییەکاندا سەربکەون و لە میسر دوریان بخاتەوە، هەربۆیە پەیوەندیی گیگس و ئاشوورییەکان گرژی تێکەوت، کیمرییەکان کاتێک زانییان پەیوەندی شانشینی لیدیا و ئاشوورییەکان تێکچووە، ساڵی (٦٥٢ پ.ز.) هێرشییان کردە سەر شانشینی لیدیا و گیگس کەوتە شەڕێکی قورس لەگەڵ کیمرییەکان و لەکۆتاییدا پادشای لیدییەکان کوژرا، دواتر کوڕەکەی پادشا ئاردیس تەختی پادشایەتی وەرگرت گرنگترین ڕوداووی سەردەمی ئەم پادشایە ئەوەبوو جەنگی بردە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان لە کەنارەکانی ئەناتۆڵیا[3].

## هاتنە سەردەسەلاتی پادشا (ئاردیس-Ardys ٦٤٥-٦١٥ پ.ز.):

ئاردیسی کوڕی گیگس دوای باوکی تەختی پادشایەتی لیدیەکانی وەگرت، سەردەمی ئەم بە سەردەمی بەهێزبوونەوەی دەسەلاتی لیدییەکان دادەنرێت، پاش ئەوەی بەهۆی هێرشی کیمرییەکانەوە خاکی شانشینی لیدییا دووچاری کاولکاریی هاتبوو. سەبارەت بە ماوەی دەسەلاتی ئاردیس بۆچوونی جیاواز هەیە، چونکە بەتەواوەتی ماوەی فەرمانڕەوایی نازانرێت، بەڵام ئەم

---

[1] پسماتیکی یەکەم: پادشایەکی میسری کۆن بوو، توانی کۆتایی بە باڵادەستی ئاشوورییەکان بهێنێت و دووریان بخاتەوە، کاتێک گەڕایەوە بۆ میسر، بیست و شەشەمین بنەماڵەی میسری دێرینی دامەزراند لە ماوەی (٦٦٤-٥٢٥ پ.ز.) ئەم بنەماڵەیە دەسەلاتی سیاسیی مسریان بەدەستەوە بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Margret R. Bunson: enslcopedia of ancient Egypt, Revised edition, Library of Congress, New York, 2002, P. 124-126.
[2] Peter N. Stearns: The Encyclopedia of World History, 6th edition, Houghton Mifflin Company, New York, 2001, P. 108.
[3] Charles Rollin: Op. Cit., P. 201.



CamScanner

پادشایە نزیکەی سی ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە، هەربۆیە پێدەچێت لە ماوەی پادشایەتییەکەی نێوان ساڵانی (٦٤٥-٦١٥پ.ز.)دا، بووبێت[١].

کاتێک ئاردیس دەسەڵاتی گرتەدەست لە سالی (٦٤٥پ.ز.)دا، شانشینی لیدیا دووچاری بارۆدۆخێکی ناهەموار و ئاڵۆز بوووەوە، کیمرییەکان گیگسی باوکی ئاردیس یان کوشتبوو، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی لیدی و ئاشوورییەکان گرژی تێکەوتبوو، بەهۆی ئەو بارودۆخەی شانشینی لیدیای تێکەوتبوو نزیکبوون لە لەناوبردن و سڕینەوەی، بەڵام لەماوەی دەسەڵاتی ئەم پادشایەدا کیمرییەکان هێز و توانایانی پێشتریان لەدەستدا، ئەمە دەرفەتی دایە ئاردیس بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی لیدییەکان، کیمرییەکانی ناچار بە کشانەوە کرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لیدییەکان و تەنانەت سنوری دەسەڵاتەکەی فراوانکرد، هەروەک ملکەچی بۆ ئاشوورییەکان دەربڕی و جەنگی دژی میلیتۆسی شارە دەوڵەتی یۆنانی بەرپاکرد، تەنانەت لەسەردەمی دوای خۆی ئەو جەنگە هەر بەردەوامی هەبوو[٢].

لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی (حەوتەمی) پادشایەتیەکەی ئاردیسدا، (هۆزە تراکییەکان- Thracian Tribes)[٣] لە بەندەری بۆسفۆرەوە هێرشیانکردبووە سەر خاکی ئەناتۆڵیا، لەژێر سەرکردایەتی پادشاکەیان بەناوی(کۆبۆس-Kobos) لەگەڵ کیمرییەکادا هاوپەیمانیان پێکهێنا و هێرشیانکردە سەر خاکی لیدیا و جارێکی دیکە شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکانیان تاڵانکردەوە، دواتر شارەکەیان بەجێهێشت[٤].

هیرۆدۆت دەڵێت: **"ئاردیس بۆ ماوەی چل و نۆ[٥] ساڵ وەک پادشای لیدییەکان حوکمی کرد"**[٦]، ئەم پادشایە مەبەستی بوو هەڕەشەی هۆزە کیمرییەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شانشینی

---

[1] Annick Pyane: Op. Cit., P. 5.

[2] Annick Pyane: Op. Cit., P. 5-6.

[٣] هۆزە تراکییەکان: کۆمەڵە هۆزێکی هیندۆ ئەورووپی بوون، لە ناوچەی (سواس-Swath) نێوان باشوری روسیا و سربیا و ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا نیشتیمانی یەکەمیان بوو، بە شەپۆلی جیاواز لە (١٣٠٠ پ.ز.)وە هاتنە ناوچەکانی ئەناتۆڵیا و نیشتەجێبوون. بۆ زانیاریی زیاتر، براوانە:

Lionel Casson: The Thracians, New York University, New York, 1977.

[4] Peter Delev: A History of the Tribes of South- Western Thrace in The first Millennium B.C, 1st edition, Kliment Ohridski University Publishing House, Sofia, 2014, P. 10.

[٥] لە ڕاستیدا، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەم پادشایە سی ساڵ دەسەڵاتداری لیدییەکان بووە نەک چل و نۆ ساڵ.

[6] The Histore: Book. I. 16.

لیدی دووربخاتەوە، کیمرییەکان دوای ئەوەی لەلایەن هۆزەکانی (سکیسیەوە-Schythans)[1]، لە ناوچەکانی خۆیان وەدەرنرابوون و بەرەو ناوچەکانی ئەناتۆلیا هاتبوون و هێرشیانکردبووە سەر خاکی شانشینی لیدی بە تایبەتی شاری ساردسی پایتەخت، بەڵام ئاردیس بە لێهاتووی خۆی توانی ئەو بارودۆخە نالەبارە ڕاستبکاتەوە[2].

ئاردیسی کوڕی گیگس بەیەکەم پادشای دەوڵەتی لیدیای یەکگرتوو دادەنرێت، هەرچەندە باوکی توانی بناغەی دەوڵەتێکی مەزن دابمەزرێنێت هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوەندی دەدا، بەڵام لەسەردەمی گیگسدا لیدییەکان تاکو ڕادەیەک بەهۆی جەنگی کیمرییەکانەوە نەیان توانیبوو، هەموو ناوچەکان لە یەکەیەکی یەکگرتووی سیاسیدا کۆبکەنەوە، ئاردیس بەردەوامبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی باوکی لەسەر ئاستی ناوخۆدا، هەروەک ئاردیس لە دەرەوە توانی جارێکی دیکە دۆستایەتی ئاشورییەکان بەدەستبهێنێتەوە دوای ئەوەی لەسەردەمی باوکیدا گرژی تێکەوتبوو، ئەم پادشایە دەستیکرد بە ناردنی دیاری بۆ پادشای ئاشورییەکان ئاشوربانیپاڵ، هەربۆیە لەڕێگەی بەکارهێنانی فشار و هەڕەشەی ئاشورییەکانەوە توانی مەترسی و هەڕەشەی کیمرییەکان دووربخاتەوە لە شانشینەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی[3].

سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان، یەکەمین پێکهێنانی سوپایەک بوو بۆ هێرشکردنە سەر شارە ئایۆنییەکان، لەم هەڵمەتەیدا پشتی بە سوپای سوارە بەست، هێزی سوارەی لیدییەکان لەکاتی هێرشکردنە سەر شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان کە بە نزیکەی سی هەزارە ئەسپ سوارە پێکهاتبوو[4].

هەروەک ئاردیس هەڵمەتێکی سەرکەوتووی کردە سەر شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی کەناری ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا و توانی شاری (پرینی-Priene) داگیربکات و گەمارۆی شاری میلیتوسیدا، بەڵام شارەکەی بۆ داگیرنەکرا، لەبەرئەوە هاوپەیمانی لەگەڵ بەستن و ڕێگەیدا بە شاری میلیتوس هەندێک ناوچە لە نزیک دەریای ڕەش کۆنترۆڵبکات، بە تایبەتی شاری ئەبیدوس لەسەر ڕێگەی

[1] سکیسیەکان: کۆمەڵە هۆزێکی کۆچەریی بەربەری جەنگاوەر بوون. لە بنەڕەتدا لە ناوچەکانی باشوری سیبریا دەژیان، ئەمانە بە زمانی سکیسی دەدوان، کە لقێکە لە زمانی هیندۆئەوروپی، ئەم هۆزانە لە یەک ناوچەی جوگرافی دیاریکراودا نەبوون، بەڵکو لە ناوچەیەکی جوگرافی فراواندا بوون و لە نێوان ساڵانی (٩٠٠-٢٠٠ پ.ز.) بەبەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیا هەر لە چینەوە هەتاکو باکوری دەریای ڕەش. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
John R. Gardiner: Two conceptions of The Tribal Geography of The Royal Scythian Empire, Australian National University, Canberra, 1981. P. 5-11.

[2] Charles Rollin: Op. Cit., P. 510.

[3] Annick Pyane and Jorit Wintjes: Op. Ciy., P. 34.

[4] Annalisa Paradiso: Op. Cit., P. 169.



CamScanner

گەیشتن بە ڕۆژئاوا، بەومەرجەی باج بە لیدییەکان بدەن، ئەمە بووە هۆی باڵادەستبوونی لیدییەکان لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا و ئەو جەنگەی تەواوکرد، کە پێشتر باوکی دەستیپێکردبوو، بەڵام بەهۆی هەڵمەتی کیمرییەکانەوە پاشەکشەیکردبوو[1].

لە کۆتایی دەسەڵاتی ئاردیسدا لیدییەکان دراوای ئاڵتونیان داهێنا، ئەمە بەگرنگترین داهێنانی لیدییەکان دادەنرێت لەجیهانی دێریندا، بەم هۆیەوە لیدییەکان بوونە خاوەن سکەی ئاڵتوونی تایبەت بەخۆیان و برەویان بە پێشخستنی ئاڵوگۆری بازرگانیدا، بەڵام زۆری نەبرد ئاردیس پادشای لیدییەکان کۆچی دوایکرد، گۆڕی ئاردیس لەلایەن شوێنەوارناسانەوە لە گۆڕستانی شاهانەی لیدییەکان لە بین تەپە لە پێدەشتەکانی شاری ساردس دۆزراوەتەوە، دوای خۆی کوڕەکەی سادیاتس بوو بە پادشای شانشینی لیدییەکان، لە دوای کۆچی دوایی ئەم پادشایە شانشینی لیدیا پێینایە قۆناغێکی نوێ و بووە هێزێکی دیار و بەناوبانگی ناوچەکە[2].

ڕوودا و گۆڕانکارییەکانی شانشینی لیدیا لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی پادشا گیگس و ئاردیسی کوڕیدا بە شێوازێکی گشتی خۆیدەبینییەوە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی بناغەی شانشینی لیدیا، هەرچەندە لەو قۆناغەدا هێرش و پەلاماردانە دەرەکییەکان بۆسەر خاکی شانشینی لیدیا شانشینەکەی دووچاری باروودۆخێکی ناهەموار و دژوارکردەوە، بەڵام لەکۆتاییدا شانشینی لیدیا جارێکی دیکە پێگەی خۆی بەدەستهێنایەوە و توانی ئەو بارودۆخە تێبپەڕێنێت و لەسەردەمەکانی دواتردا بوو بە بەهێزترین و بە ناوبانگترین هێزی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا.

[1] Ibid. P. 169-170.

[2] Bury. J. Meiggs: A History of Greece, 4th edition, MacMillan Press, London, 1975, P. 229.

## شانشینی لیدیا لە سەرەتای سەدەی (٦پ.ز.) هەتاکو کۆتایی دەسەڵاتی سیاسی شانشینەکە لە (٥٤٦ پ.ز.):

باردۆخی سیاسی و سەربازیی لیدیا لە سەرەتای سەدەی (٧پ.ز.)دا، پێینایە قۆناغێکی جێگیر و هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی پایەکانی شانشینی لیدییا، بەهۆی هاتنە سەردەسەڵاتی چەند پادشایەکی بەهێز و بەناوبانگ وەک سادیاتس، ئالیاتس و کرۆیسوس دا، سادیاتس لە باردۆخێکی ئاڵۆزی سیاسیدا هاتە سەردەسەڵات، بەهۆی هێرش و پەلاماردانی بەردەوامی هێز و نەتەوە دەرەکییەکان بۆ سەر سنورەکانی خاکی شانشینی لیدییەکان، دیارترینییان هێرش و پەلاماری یەک لەدوای یەکی کیمرییەکان بوو لە ناوەڕاستی سەدەی (٧پ.ز.)، کە بە هۆیەوە توانیبوویان لە ئەنجامی چەند هێرشیکی یەک لە دوا یەک دەستبەسەر شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان بگرن، بەڵام کاتێک ئالیاتس دەسەڵاتی پادشایەتی وەرگرت، توانی کۆتایی بە مەترسی کیمرییەکان بهێنێت و سنوری شانشینەکە بە تەواوەتی فراوانبکات.

شانشینی لیدیا لە کۆتایی سەدەی (٧پ.ز.) بەدواوە ژمارەیەک فراوانخوازیی گرنگی ئەنجامدا و توانی زۆربەی شارە دەوڵەتەکانی کەناری ڕۆژئاوایی ئەناتۆڵیا بخاتە سەر شانشینەکەی، هەتاکو ئەوکاتەی لەسەردەمی پادشا کرۆیسوس شانشینەکە بووە خاوەن سنورێکی ستراتیجی فراوان، کە چەندین ڕێگەی بازرگانی لە خۆدەگرت، بە تایبەتی لە کەنارەکانی ڕۆژئاوا ژمارەیەک بەندەر و ناوەندی بازرگانی بوونی هەبوو، کاتێک لیدییەکان توانیان ئەم ناوچانە داگیربکەن، توانییان سەروەت و سامانێکی زۆر کۆبکەنەوە و بوونە دەوڵەمەنترین هێز بە درێژایی مێژووی ئەناتۆڵیا بە تایبەتی پادشا کرۆیسوس هێندە دەوڵەمەند بوو گەنجینەکانی لە ژمارە نەدەهاتن، دەوڵەمەندی ئەم پادشایە لە تەواوی جیهاندا دەنگی دایەوە.

## ڕوودا و گۆڕانکارییەکان شانشینی لیدیا لەسەردەمی پادشا (سادیاتس-Sadyattes) (٦١٥-٦١٠ پ.ز.)دا:

لە دوای ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٧پ.ز.)دا، چەند پادشایەکی بنەماڵەی میرمنادی دەسەڵاتیان وەرگرت و توانییان دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان تاڕادەیەک بەرەو سەقامگیری ببەن، بەڵام ئەو پادشایانەی کە دواتر هاتە سەردەسەڵات خواستی سیاسی و سەربازییان زیاتر بوو، هەربۆیە لە کۆتایی سەدەی (٧پ.ز.) تاکو ڕوخانی دەسەڵاتی شانشینی لیدیا، چەند پادشایەکی یەک لە دوایی یەک دەسەڵاتی پاشادیەتی شانشینی لیدییان وەرگرت، ئەم سەردەمە بە قۆناغی فراوانخوازی و داگیرکاریی زیاتری لیدیا دادەنرێت، هەرچەندە بۆچوونی جیاجیا هەیە سەبارەت بەوەی، کە ڕاستەوخۆ کێ دوای ئاردیس دەسەڵاتی وەرگرتووە و بووە بە پادشای لیدیا، بەڵام



CS CamScanner

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە ساڵی (٦١٥ پ.ز.) سادیاتس هاتۆتە سەردەسەڵات بۆ ماوەی (٥)ساڵ وەک پادشای لیدیا حوکمی کرد، ئەم پادشایە بەهەمان شێوەی پاشاکانی پێش خۆی لەشەڕکردن دژی شارە دەوڵەتەکانی یۆنانی، بەردەوام بووە و چەندین هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر سنوری ڕۆژئاوای دەسەڵاتەکەی و توانیویەتی سنوری شانشینی لیدیا فراوان بکات[١].

سادیاتس کاتێک بوو بە پادشای لیدییەکان تەمەنی هەرزەکاربوو، لە ژنی یەکەمی دوو کوڕی هەبووە، ناویان (کادیس-Kadys) و (ئاردیس -Ardyes) بوو، ئەمانە کوڕی گەورەی پادشا سادیاتس بوون، بەڵام دوای خۆی دەسەڵاتی سیاسیان وەرنەگرت، بەڵکو کاتێک لە بڕیارێکی سەر شێتانەیدا خوشکەکەی ناچار دەکات ببێت بە ژنی ئەو کوڕەی، کە لەخۆشکەکەی خۆیەتی ئەو دەبێت بە پادشای لیدییەکان[٢].

سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن پاش ئەوەی سادیاتس دەکەوێتە داوی خۆشەویستی خوشکەکەی خۆی بەناوی (لیدای-Lyde)، هەرچەند پێشتر خوشکەکەی شویکردبوو بە پیاوێکی خانەدان بەناوی (میلیتوس) ئەم کەسە نەوەی پاشا (میداس-Midas) بوو، کە پادشای فریجییەکان بوو لە سەدەی (٨ پ.ز.)دا، زاوای گیگسی دامەزرێنەی بنەماڵەی مێرمنادی بوو، بەڵام سادیاتس ناچاریکر جیاببێتەوە، هەربۆیە مێردەکەی لەترسی هەڕەشەی سادیاتس ڕایکرد بۆ شاری (داسکیلوم-Dascylium)، لە دورگەی (پڕۆکۆنیسوس-Proconnesus) لە مەڕمەڕەی ئەمڕۆ[٣].

سادیاتس یەکێک بوو لە پادشایەنەی بەردەوام دەچووە جەنگەوە، کەسێکی زۆر ئازابوو، تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر پشوی نەدەدا، ناوی ئەم پادشایە سادیاتس لە زمانی لوویيەکانەوە وەرگیراوە کە لە دوو وشەوە داتاشراوە (سادوو-Sadu) و(ئاتتا-Atta) کە هەردوو وشەکە بە یەکەوە واتایی (باوکێکی بەهێز-Strong Father) دەگەیەنێت، ئەم پادشایە زۆربەی کاتەکانی پادشایەتیەکەی بەجەنگەوە بەسەربرد، سادیاتس لەماوەی دەسەڵاتەکەیدا، جەنگی دژی میلیتوس ڕاگەیاند و گەمارۆی شارەکەیدا، بەڵام نەیتوانی بیگریت، بەڵکو تەنها توانی گەمارۆی بدات، ئەم گەمارۆدانە چەند ساڵێکی زۆری خایاند، بەردەوام هەوڵیدەدا هەموو شارە ئایۆنییەکانی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لە ژێر هەژمونی شانشینەکەیدا بن، بۆ ئەم مەبەستە سوپایەکەی بەهێز بوونیاتنا، بەڵام لە بڕیارداندا کەسێکی زۆر توڕە بوو بەردەوام حەزی لە توندوتیژی و کاری سەرشێتانەبوو لەسەردەمی ئەم پادشایەدا گەورەترین مەترسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی

---

[1] Annick Pyane: Op. Cit., P. 6.
[2] Charles Rollin: Op. CIT., P. 510.
[3] Takui Abe: Dascyluim An Overview of the Achaemenid Satrapal City: Journal of the Ancient History, VOL.12, 2012, pp. 1-17, P. 4.



CamScanner

لیدییەکان بریتی بوو لە کیمرییەکان، کە سەرە ڕای گرتن و سوتاندنی پاشان جێهێشتنی شاری ساردسی پایتەخت- وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا کەچی ناوبەناو هێرشیان دەکردە سەر شانشینی لیدیا، هەرچەندە پادشا سادیاتس لەماوەی دەسەڵاتیدا چەندین جار هێرشی کردە سەریان تێکی شکاندن، بەڵام نەیتوانی بە یەکجاری لەناوچەکەدا دووریان بخاتەوە، هەرچی سەبارەت بە مردنی پادشای ناوبراویشە زانیاری یەکلاکەرەوە لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەیە ئاماژە بەوەدەکات، کە ڕەنگە لە مەیدانی جەنگ کوژرابێت، سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوەدەکات لە ساڵی (٦١٠پ.ز.) لەلایەن کۆیلەیەکی خۆیەوە کوژراوە[١].

پادشا سادیاتس بۆ ماوەیەکی کەم وەک پادشای لیدییەکان حوکمڕانی کرد، لەساڵی (٦١٠ پ.ز.) دوای ئەوەی دەکوژرێت، وەک هەندێک لە پادشاکانی دیکەی بنەماڵەی مێرمنادی لە گۆڕستانی شاهانەی لیدییەکان لە بین تەپە نێژراوە، هەرچەند سادیاتس ئەو دوو کوڕەی لە ژنی یەکەمی بوو کوڕی گەورەی بوون و دەبوایە پاش خۆی دەسەڵاتی پادشایەتییان وەربگرتایە، بەڵام ئالیاتس کە کوڕی بچوکی بوو لەدوای خۆی بووە بە پادشا لیدیا. بەهۆی ئەوەی بۆماوەیەکی کەم وەک پادشا حوکمیکرد زانیارییەکی کەم دەربارەی ئەم پادشایە دەزانرێت[٢].

## بارودۆخی سیاسی و سەربازی شانشینی لیدییەکان لە سایەی فەرمانڕەوایی پادشا (ئالیاتس-Alyattes ٦١٠-٥٦٠ پ.ز.)دا:

ئالیاتس چوارەم پادشای بنەماڵەی مێرمنادی بووو، کوڕی سادیاتس پادشای پێشتر و باوکی کرۆیسوسی بەناوباگترین پادشای لیدییەکان بوو، ئەم پادشایە نزیکەی شەست ساڵ حوکمڕانیکرد، بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی شانشینی لیدی دادەنرێت، چونکە توانی ئەو هۆزانەی وەک کیمرییەکان و تراکییەکان کە بوو بوونە مەترسی بۆ سەر شانشینەکە بە تەواوەتی لە خاکی ئەناتۆڵیادا دووربخاتەوە و سنوری دەسەڵاتەکی بە ڕادەیەکی زۆر فراوان بکات، بەپێی سەرچاوەکان لەسەردەمی پادشا ئالیاتس لیدیەکان توانیان هەموو ناوچەکانی دەریای ئیجە هەتاکو ڕوباری هالیس داگیربکەن[٣].

ئەم پادشایە لەسەرچاوە یۆنانییەکاندا بە (هێرمۆن-Hermon) ناوی هاتووە، وەک پادشایەکی بەهێزی لیدییەکان ئاماژەی پێکراوە، لەسەردەمی ئەم پادشایە باردۆخی سیاسی لیدییەکان تاکو

[1] Annalisa Paradiso: Op. Cit., P. 112.
[2] William G. Dever: Preliminary excavation reports (Sardis, Idalion, and Tell el-handaquq North, Journal American School of Oriental Research, VOL.53, 1995, pp. 115-154, P. 134.
[3] Annick Pyane: The Lydian Empire, Op. Cit., P. 6.



CamScanner

رادەیەک جێگیر بووە و هێرش و پەلاماری دەرەکی بۆ سەرخاکی لیدییا کەمیکردووە، هەربۆیە هەوڵی فراوانخوازیی دەرەکی زیاتریدا[١].

بەردەوامی سیاسەتی فراوانخوازییەکەی لەساڵی (٦٠٠پ.ز.) بە دواوە بووەهۆی بەرپا بوونی پێکدادان و ململانێ وڵاتەکەی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی میدیا لەسەردەمی پادشا (کەیئەخسار، کەی خەسرەو- Cyaxares٦٣٣-٥٨٤ پ.ز.)دا[٢]، هەتاکو لە ئەنجامدا جەنگێک لەنێوانیاندا لە نزیک ڕوباری (هالیس) لە (٢٨/ ٣ /٥٨٥ پ.ز.) ڕوویدا، لەکاتی جەنگەکە خۆرگیران ڕوویدا[٣]، هەردوولا گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە دەبێت دەستبەجێ کۆتایی بەو جەنگە بهێنرێت، هەربۆیە هەردوولایان ڕێکەوتن[٤]، و ڕوباری هالیس وەک سنوری نێوانیان دیاریکرا، بۆ دەرخستنی مەبەستی نیازپاکی ئالیاتس کچەکەی خۆی بە ناوی (ئارینیس-Aryenis)، وەک دیاری پێشکەشی (ئەستیاگز-Astyages٥٨٤-٥٥٠ پ.ز.)ی کوڕی کەیخەسرە کرد[٥].

هەندێک سەچاوەی دیکە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی میدی و شانشینی لیدییەکان دەگەڕێننەوە بۆ هۆزە سکیسییەکان، دوای ئەوەی هەندێکیان پەنایان بۆ کەیخوسرەوی پادشای میدییەکان برد بوو، ئەویش زۆر بەنەرمی لەگەڵیان هەڵسوکەتی کرد و داڵدەی دان، دوای ئەوەی گەیشتنە ئەکباتانای پایتەختی میدییەکان و داوای پەنابەرییانکرد، کەیخوسرەو خزمەتی زۆری کردن، تەنانەت هەندێک منداڵی میدی ناردە لای سکیسییەکان هەتاکو فێری زمانی ئەوان و هونەری تیرهاویشتن ببن، ئەم هۆزانە بەردەوام دەچوونە ڕاوکردن و نێچیریان دەهێنایەوە، دوای ماوەیەک ڕۆژێک لەڕاو گەڕانەوە هیچ نێچیرێکیان دەستنەکەوتبوو، ئەمە بووە هۆی تورەبوونی پادشای میدییەکان، هەربۆیە بە شێوازێکی خراپ مامەڵەی لەگەڵیان کرد، لەبەرئەوە سکیسییەکان

---

[1] Leigh Alexander: Op. Cit., P. 42.

[٢] (کەیخوسرەو٦٣٣-٥٨٣پ.ز.): سێیەمین پادشای دەوڵەتی میدیا بوو، ئەم کەسە سیما و هێزێکی گەورەیی بە بەردا دەوڵەتی میدیدا کرد و ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتەکەیدا گێڕا. واتە ئەو کەسایەتییەک بوو، لەلایەک سنووری دەوڵەتی میدیای گەیاندە هەردوو ڕووبەرە ئاوی کەنداوی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست، لەلایەکی دیکەوە هاوپەیمانییەتییەکی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی بابلی بەست، تاکو بەهۆیەوە سنوور بۆ ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دابنێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆفیج: مێژووی میدیا، و. د.پێشەوا خالید، چاپی یەکە، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٥٦٣-٥٩٥.

[٣] لە بەشی سێیەمدا، بە وردی ئاماژە بەم جەنگە کراوە.

[٤] دەوترێت ئەو دوو کەسایەتییەی سەر نەخشی گۆڕی ئەشکەوتی قزقاپان دیمەنی ئەو ڕێکەوتنە نیشان دەدات، بەڵام هەتاکو ئێستا بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە، کە ئەم ڕاستییە بسەلمێنێت.

[5] Annick Pyane: Op. Cit., P. 6.



CamScanner

ئەو ڕەفتارەی پادشای مادییەکانیان وەک سوکایەتییەک بەرامبەر بەخۆیان دەبینی، بڕیاریاندا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، یەکێک لەو منداڵانەی پادشا ناردبووی بۆ فێربوون بۆلایان سەریان بڕی و لەتووپەتیانکرد، لەجیاتی نێچیر دەرخواردی پادشایاندا، پاشان ڕاستەوخۆ بڕیاریاندا بارگە و بنە بگوازنەوە و ڕوویانکردە سنوری شانشینی لیدیا و لای پادشا ئالیاتس پادشای لیدی لەشاری سارد داوای پەنابەریان کرد، دوای ئەوەی پادشای ماد درکی بەوتاوانە کرد، کە سکیسییەکان بەرامبەری کردبوویان داوای لە پادشای لیدییەکان کرد سکیسییەکان بدات بەدەستەوە، بەڵام پادشای لیدی ڕەتی کردەوە ئەو کارە بکات ئەمە بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی میدیا و شانشینی لیدییەکان[١].

لەلایەکی دیکەوە، لەسەردەمی ئالیاتس سیاسەتی فراوانخوازیی لیدییەکان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا بەردەوامبوو، ئەم پادشایە مەبەستی بوو خاکی میلیسیا و میلیتوس داگیربکات، بە تایبەتی ناوچە کشتوکاڵیەکان، چونکە خاکی میلیسیا لە ڕووی بەروبومی کشتوکاڵیەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو بە داری بەردار و میوەی جۆراوجۆر، هەربۆیە لە کاتی هەڵمەتی لیدییەکان بۆ ئەو ناوچەیە، بەشی زۆری کێڵگە کشتوکاڵییەکان وێرانکران و بەرهەمەکانیان ڕەوانەی شانشینی لیدیا دەکرایەوە[٢].

کاتێک ئالیاتس جەنگی دژی مێلیسا بەرپاکرد و شارەکەی داگیرکرد، لە ئەنجامدا بەپێی ڕێککەوتنێک دان بەسەربەخۆی شاری مێلیسیادا نرا، دواتر شەڕی لەگەڵ (بیسینیا-Bithynia)[٣]دا کرد وە سمیرنای نزیک شاری ئەزمیری تورکیای ئەمڕۆی لە دەوروبەری (٦٠٠ پ.ز.)دا، گەمارۆدا و کاولیکرد. ئەو تەپۆڵکانەی لەکاتی گەمارۆدانەکە دروستکرابوون هەتاکو ئێستا بوونی ماوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو لە هێرشکردنە سەر (گلازۆمێنی-Glazomenae)[٤]، سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی

---

[1] G. D. Summers: Medes, Lydian, the «battle of the eclipse» and the historicity of Herodotus, the Kerkenes Project, Chicago, 2016, P. 3.

[2] Tim Rood: Greek Historiography, Part.2, Oxford University Press, London, 2014, P. 18.

[٣] بیسینیا: هەرێمێکی دێرین بوو لە باکوری ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا، لەسەر دەریای مەرمەرە و بۆسپۆر و دەریای ڕەش بوو، لە باشوری ڕۆژئاواوە هاوسنوری میسیا بوو، پایتەختەکەی بریتی بوو لە (نیکۆمیدیا-Nicomedia). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Owen Doonan: Bithynia and Pontus, Published by Blackwell, London, 2020, P. 6-18.

[٤] گلازۆمێنی: شارێکی ئایۆنی یۆنانی بوو، پاشماوەی شارەکە ئێستا کەتۆتە نزیکەی (٢٠ کلم) لە ڕۆژئاوای ساری (ئیزمیر)ی تورکیا، ئەم شارە بە زیوو بەناوبانگ بوو، لە چاخی ئاسنەوە نشینگەی دانیشتوان بوو، بە تایبەتی خەڵکی دورگەکانی ئیجە وەک نشینگەی هەمیشەیی تیایدا نیشتەجێبوون و پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ جهیانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Sedef Erincik: Integration of Archaeological Sites into Planning Process, Izmir Institute of Technology, Izmir, 2021, P. 60-70.

هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە، دواتر ئالیاتس هێرشیکردە سەر کاریا، هەربۆیە پەلاماردانی کاریا بە دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆر بەندەری کاریا کۆتایی هات. داگیرکردنی ئەو ناچانە لەلایەن ئالیاتسەوە، وەک جەژنێکی سەرکەوتن لەلای لیدییەکان لەماوەی جەنگ تەماشادەکرا، هەموو ساڵێک مەراسیمێک بەوبۆنەیەوە سازدەکرا، کە ژمارەیەک هونەرمەند بانگ دەکران و شمشاڵ یان دەژەند و مۆسیقایان لێدەدا و لە گۆڕەپانی شاری ساردس سوپای لیدییەکان نمایشی سەربازیان ئەنجامدەدا[١].

لەساڵی دوانزەیەمدا، بەهۆی پەلامارێکی لیدییەکانەوە ئاگریان لە زەویوزاری ناوچەکە بەربوو، بەهۆی بای توندەوە پەرستگەی (ئاتین-Athene) لە (ئاسیسوس-Assesos)[٢] بەتەواوەتی سووتا، سەرەتا ئەم ڕووداوە زۆر گرنگی پێنەدرا، بەڵام کاتێک لەشکری لیدییەکان گەڕایەوە، ئالیاتسی پادشایان نەخۆش کەوت، هەربۆیە پادشا پەنای بردە بەر پەرستگەی دیلفی پرسیاری نەخۆشیەکەی لە خواوەندی دیلفی کرد، پیاوانی ئاینیی پەرستگەکە پێیان ڕاگەیاند پێویستە زۆر بە خێرایی پەرستگەی شارەکە نۆژەنبکاتەوە، ئەویش دەستبەجێ نوێنەری خۆی ناردە لای سوپای لیدییەکان لە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان و داوای لێکردن لە تەواوی شارە ئایۆنییەکان بە تایبەتی لە میلیتوس جەنگ ڕابگرن، بەڵام (تراسیبۆلۆس-Thrasyboulos)، سەرداری شاری میلیتوسدا وایکرد، سوپای لیدییەکان لە شارەکە بچنەدەرەوە و دەستهەڵبگرن لە تاوانکاریی و برسیکردنی خەڵکی شارەکە، دواتر لیدییەکان بە ناچاری لەگەڵ شارە دەوڵەتی میلیتوس هاوپەیمانیان بەست[٣].

تراسیبۆلۆس بەخێرایی هەرچی خواردەمەنی و ئازووقەی خۆی و دانیشتووانی ناوچەکە هەبوو کۆی کردەوە و هێنایە ناوبازاڕی شاری میلیتۆس، پاشان بەخەڵکی ڕاگەیاند هەرکات فەرمانی پێدان، هەموویان بیکەنە شایی و خۆشی، مەبەستی ناوبراو میلیتۆس لەو کارەی ئەوە بوو، کاتێک نوێنەری پادشای لیدییەکان دێتە شارەکە، ببینێت بڕێکی زۆر خواردەمەنی لەشارەکە هەیە، هەربۆیە خەڵکی شارەکە جەژن دەگێڕن و لە خۆشیدان، دواتر نوێنەری پادشا ئەو دیمەنانە بۆ پادشا دەگێڕێتەوە ئەوە تەنها هۆکارە بۆ ڕاگەیاندنی ئاشتی لەگەڵ شارەکەدا، چونکە، پادشای لیدییەکان بە پێچەوانەوە لە بارودۆخی شارەکە تێگەیشتبوو وا تێگەیەندرابوو، دانیشوانی شارەکە خەریکە لە برسا دەمرن، هەربۆیە کاتێک پادشای لیدییەکان لەو باردۆخە ئاگادار کرایەوە لەگەڵ

---

1 Annick Pyane: Op. Cit., P. 7.

٢ ئاسیسوس: شارێکی بچووکی یۆنانییەکان بوو لە هەرێمی کاریا لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، ئەم شارە پەستگەی (ئاتیین)ی یۆنانییەکانی لێبوو، لای یۆنانییەکان شارێکی پیرۆز بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
M. Negmeldin: The Culture Bgenning of The Lydo- Greek Interactions, Journal of Faculty of Archaeology, Cairo University, VOL. 23, 2020, pp. 1-18. P

3 Herodotus: book. I. 19.

شاری میلیتوس هاوپەیمانی بەست و ئاشت بوونەوە، پاشای لیدییەکان لە جیاتی یەک پەرستگە هەستا بە دروستکردنی دوو پەرستگە بۆ شارەکە[1].

پادشا ئالیاتس گرنگییەکی زۆری بە شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، لەڕووی بازرگانیەوە، ئەم شارانەی وەک ناوەندێکی گرنگی بازرگانی دەبینی لە نێوان جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لەبەرئەوە لەڕوی بازرگانییەوە شانشینی لیدیا لەسەردەمی ئەم پادشایەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، وەک چۆن هەستا بە گرنگیدانی زیاتر بە ڕێگەی بەناوبانگی شاهانە و زیاتر پەرەیپێدا[2].

ئالیاتیسی پادشای لیدییەکان، لەبەر ئەوەی پێشتر بەهۆی پەرستگەی دیلفی چاک بووبووەوە، جارێکی دیکە پێش ئەوەی کۆچی دوایبکات، دیاری پێشکەشی پەرستگەکە کرد، دواجار دوای کۆتایی شەڕ لەگەڵ شارە دەوڵەتی میلیتوس و پاش شەست ساڵ لە پادشایەتی، کۆچی دوایکرد، و دوای خۆی کریسۆس بوو بە پاشای لیدییەکان[3].

## شانشینی لیدیا لە سەردەمی پادشا (کرۆیسوس Croesus ٥٦٠-٥٤٦ پ.ز.)دا و کۆتایی دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان:

کرۆیسوس لە ساڵی (٥٩٥پ.ز.) لەدایکبووە، کوڕی ئالیاتس پادشای پێشوتری لیدیا بووە، دایکی ژنێکی کاری بوو، لە تەمەنی سی و پینج ساڵیدا بوو بە پادشا[4]. ناوبانگ و دەوڵەمەندی ئەم پادشایە لەتەواوی جیهاندا دەنگی دابوەوە، توانی هەموو دانیشتوانی ڕۆژئاوای ڕوباری هالیس، هەر لە باکوری شامەوە هەتاکو دەریای ڕەش بهێنێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتەکەی، بە یەکەمین دەسەڵاتداری بیانی ناودەبرێت، کە بۆ یەکەمین جار هێزی خۆی بەسەر تەواوی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا سەپاند و ناچاریکردن باج سەرانە بدەنە دەسەڵاتەکەی[5].

هەرچەندە کرۆیسوس لەژێر سایەی دەسەڵاتی باوکیدا پێگەیشت، بەڵام سەرەتای دەرکەوتنی وەک سەرداری شاری (ئادرامیتیوم-Adramyttium) و دەشتی میسیا بوو، دوژمنە سیاسییەکانی لە ناکۆکی لەگەڵ براکەیدا پشتی براکەیان گرت، کە ناوی (پانتالیۆن-Pantaleon)

---

[1] Herodotus: book. I. 22.

[2] د. إيمان لفته حسين: م. س، ص٦.

[3] Herodouts: book. I. 17.

[4] James Ussher and Archbishop of Armagh: The Annals the World, E. Tyler and G.bedell Publisher, London, 1958, P. 135.

[5] Peter Aicher: The Story of Croesus, Journal of Humanities and the Classics, Trustees of Boston University, VOL. 21, 2013, pp.1-26, P.22.



CamScanner

بوو، بەردەوام وەک بەربەستێک وابوو لەبەردەمی کرۆیسوس، بەڵام سەرئەنجام توانی سەربکەوێت و دەسەڵاتی پادشایەتی شانشینی لیدیا وەربگرێت و لەژێر سەرکردایەتی ئەودا لیدیەکان ئیمپراتۆریەتێکی مەزن و بەهێزیان لەڕوی هێزی سەربازیی و ئابوورییەوە دامەزراند، کۆریسۆس ژمارەک هەڵمەتی سەربازی ئەنجامدا لەپێناو فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەی[1].

کرۆیسوس بە درێژایی ماوەی حوکمڕانی خەریکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و فروانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەی بووە، لەڕاستیدا هەڵمەتە سەربازییەکانی ئەم پادشایە بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی بەندەرەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوو، لەلایەکی دیکەوە بۆ پاراستنی لیدییەکان لە هێرشی دەرەکی کرۆیسوس هەوڵی کۆنترۆڵکردنی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیایدا، زۆربەی ئەو شارە دەوڵەتانە هەتاکو کۆتایی دەسەڵاتی کریسۆس لە (٥٤٦ پ.ز.)دا، لەژێر دەسەڵاتی لیدییەکاندا مانەوە، دواتر لەلایەن ئەخمینییەکانەوە دەستیان بەسەرداگیرازۆربەی شارە یۆنانییەکانی ناچارکرد ملکەچی لیدییەکان بن و سەرانە بدەن بە لیییەکان، تەنها شارە دەوڵەتی میلیتوس بەسەربەخۆی مایەوە وەک بەربەستێک لەبەردەم هەوڵە فرانخوازییەکانیدا کۆرۆیسۆس دەبینرا، هەربۆیە ڕێکەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ بەستن. توانی هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا هەتاوەکو ڕوباری هالیس بخاتە سەر شانشینەکەی، بێجگە لە (لیکیا–Lycia) و (کلیکیا –Cilicia)[2]، لەلایەکی دیکەوە ئەو سنورە فراوانەی لیدییەکان بووە هۆی بارگرانییەکی زۆر لەسەر دەسەڵاتی لیدییەکان بە تایبەتی ملکەچ کردنی ژمارەک هێزی جیاواز کارێکی زەحمەت بوو، لەگەڵ ئەوەدا کوروشی پادشای فارس هەوڵی دەدا ئایۆنییەکان دژی کرۆیسوس هانبدات [3].

پادشای لیدییەکان دوای ئەوەی زۆربەی یۆنانییەکانی ئەناتۆڵیای هێنایە ژێر ڕکێفی شانشینکەی، پاشان بیری کردەوە هێزی دەریایی و کەشتیگەلی سەربازی دابمەزرێنێت و دورگەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا داگیربکات، لەکاتی ئامادەکاری بۆ دروستکردنی کەشتیگەلی سەربازیی هەواڵی پێدەگات، پادشایانی دورگەنشینەکان، خەریکی کڕینی ئەسپن و دەیانەوێت لە وشکانییەوە هێرشبکەنە سەر شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان، بیستنی ئەو هەواڵە بوە هۆی ئەوەی کرۆیسوس دەست لە

---

[1] Annick Pyane: Op. Cit., P. 6.

[2] کلیکیا: هەرێمێکی کۆن بوو لە باشوری ئەناتۆڵیا، لە باکور و ڕۆژئاواوە بە زنجیرە چیاکانی تۆرۆسەوە گرێدرابوو دەریای ناوەراست لە باشورەوە هاوسنوری بوو، بەشی ڕۆژئاوای هەرێمەکە ناوچەیەکی سەختبوو ژیانکرد تێیدا قورسبوو، بەڵام بەشی ڕۆژهەڵاتی دەشتێکی بەپیت بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Michael C. Hoff and Rhys F.Townsend: Rough Cilicia, Oxbow Books, Nebarska, 2007, PP. 220-231. P. 1-6.

[3] George Hutt William: The Ancient Greeks speak to us, the School direction of Philadelphia, Philadelphia, 1974, P. 165.



CamScanner

دروستکردنی کەشتیگەلی سەربازیی هەڵبگرێت و پەیمانی ئاشتی لەگەڵ دانیشتوانی ئەو دورگانە مۆرکرد[1].

ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە وەک وتراوە زۆربەی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیای داگیرکرد و کۆنترۆڵی کەناراوەکانی دەریای ئیجەی کرد، بەڵام لەلای یۆنانییەکان زۆر خۆشەویست بوو، چونکە ڕێگەیدا بە شارە ئایۆنییەکان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، بە مەرجێک باج بدەنە لیدییەکان، بەم جۆرە لە یۆنانییەکان نزیک بوەوە، پاشان هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێک لەو شارانە بەست و دۆستایەتی لەگەڵ پتەوکردنبە مەبەستی بەکار هێنان لە هێرش و پەلاماری دەرەکی[2].

کرۆیسوس سیاسەتی هێزی سەربازی بۆ چەوساندنەوە و توندوتیژی بەرامبەر ئەم شارانە بەکارنەهێنا، بەڵکو دەیویست سیاسەتێکی دۆستانە بەکاربهێنێت، تەنانەت ڕێگەیدا زمانی یۆنانی لە تەواوی ئەو ناوچانە بەکاربهێنرێت، هەروەها لەڕووی ئاینییەوە ڕێگەیدا بە پەرستنی خوداکانی یۆنان و دیاری پێشکەشدەکردن و پەرستگەی یۆنانی لە شارە یۆنانییەکان دروستکرد، گرنگترین پەرستگە بریتی بوو لە پەرستگەی ئەرتمیس، هەروەک لەسەر دیواری پەرستگەکە نووسرابوو ئەم پەرستگەیە بۆ پادشا کرۆیسوس تەرخانکراوە[3]. هەرچەندە کرۆیسوس لیدی بوو نەک یۆنانی، حەزێکی زۆری هەبوو بۆ گرنگیدان و پێشخستنی کلتوری یۆنانی، بە تایبەتی لە بواری زمان و ئایندا[4].

لیدییەکان لەسەردەمی کرۆیسوس سودی زۆریان لە یۆنانییەکان وەرگرت، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیر، هونەرمەند، شاعیر لە کۆشکی کرۆیسوس بوونی هەبوو، هەروەها بێجگە لەوەی دەوڵەمەندی پادشای ناوبراو وایکرد بوو خەلکی لە زۆربەی ناوچەکانی دراوسێی شانشینی لیدیاوە ڕوبکەنە شاری ساردس[5].

وتراویشە کە زۆر کەسی زانا و یاساناس و کەسانی شارەزای یۆنانی سەردانی شاری ساردسیان کرد لە سەردەمی بنەماڵەی میرمنادیدا، دیارترینیان ئەو حەوت کەسە بوون کە بە

[1] Herodotus: book .I. 12.

[2] صلاح رشيد الصالحي: المملكة الحثية دراسة في التاريخ السياسي لبلاد الأناصول، الطبعة الأولى، دار الكتب و الوثائق، بغدادو ٢٠٠٧، ص٥٤١ ؛ محمد كامل عياد: تأريخ اليونان، دمشق، ١٩٨٠، ص١٣٨.

[3] د. إيمان لفته حسين: م. س، ص٦.

[4] Jack Weatherford: The History of Money, Crown Publisher Inc, New York, 1997, P. 34

[5] Annick Pyane: Op. Cit., P. 7.



CamScanner

حەوت داناکەی یۆنان ناو دەبرێن، لە ناویاندا (سۆلۆن-Solon)[1] هەبوو، دوای ئەوەی یاساکەی لە ئەسینا دانا، پێی باش بوو بۆ چەند ساڵێک خۆی ون بکات، هەربۆیە بڕیاریدا دەست بە گەشتکردن بکات، لە درێژەی گەشتەکەیدا شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکانی بەسەرکردەوە، لە کۆشکی پادشایەتی مایەوە جوانترین و گرانترین پۆشاک یان بۆ پۆشی کە بە ئاڵتون و ئەڵماس ڕازێنرا بووەوە[2].

کاتێک سۆلۆن گەیشتە شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان، کرۆیسوس لە کۆشکی پادشایەتی خۆی میوانداری سۆلۆنی کرد، دوای چەند ڕۆژێک لە پشودان خزمەتکارەکانی پادشا سۆلۆنیان برد بۆ بینینی خەزێنەکانی پادشای لیدییەکان کرۆیسوس، خەزێنەکانی ئەوەندە زۆربوون لە ژمارە نەدەهاتن، سۆلۆن بە هێمنی چاوی بە خەزێنەکاندا گێڕا، پاشان پادشای لیدییەکان لێ پرسی: **"ئەی میوانی ئەسینی، ناوبانگی تۆ لە بارەی زانست و گەڕانەکانت گەیشتۆتە شاری ساردس، خولیای تۆ بۆ فێربوون بوەتە هۆی ئەوەی زۆربەی وڵاتان بگەڕێیت، بۆ ئەوەی زیاتر جیهان بناسیت، ئێستا من ئەمەیت لە تۆ بپرسم بەختەوەرترین مرۆڤی سەر زەوی کێیە؟"** پادشای لیدییەکان پێی وابو خۆی بەختەوەرترین کەسە لە دونیادا. سۆلۆن بەبێ هیچ شەرمێک وەڵامی دایەوە: **"بە پادشای خۆم بڵێم (تیلوسی ئەسینی-Tellus of Athens)"**. پادشای لیدییەکان بە وەڵامەکەی سۆلۆن تووشی شۆک بوو، لە سۆلۆنی پرسی بۆچی پێت وایە تیلوس بەختەوەرترین کەسە؟ لە وەڵامدا سۆلۆن وتی: **"تیلوس لە کۆمەڵگەیەکی خۆشبەختدا ژیا، خاوەنی منداڵی باش و دڵسۆز بوو، بە چاوەکانی خۆی بینی نەوەکانی باش ژیان، بە پێوەری لای ئێمە مرۆڤێکی سادە بوو، بە شانازییەوە مەرگی هەڵبژارد، لە شەڕی نێوان ئەسینییەکان و (ئێلویسس- Eleusis)ی دراوسێی ئەسینا، جوامێرانە شەڕیکرد و بە ئازایی کوژرا".**[3]

پاشان کرۆیسوس لێی پرسی: **"لە دوای تیلوس کێ خۆشبەخترین کەسە؟"**. کرۆیسوس دڵنیا بوو خۆی دەبێت بە دووەم بەختەوەرترین کەس لە جیهاندا، بەڵام سۆلۆن وەڵامی دایەوە گوتی: **"(کلێۆبس- Kleobis و بیتۆن-Biton) ئەوان خەلکی (ئارگیڤس-Argives)ن و خاوەن ژیانێکی بێکەموکورتین، تەندروست ساغ و بەهێزن، لە پاڵاوانێتی وەرزشیدا سەرکەوتوون، بۆ ڤیستیڤالی**

---

[1] (سۆلۆن-٦٣٠-٥٦٠ پ.ز.): کەسایەتییەکی سیاسی و یاسادانەر و شاعیرێکی شاری ئەسینا بوو، هەستا بە بوونیاتنانەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکانی ئەسینا، بناغەی دیموکراسی بۆ شارە دەوڵەتەکە دانا لە ڕێگەی چاکسازییەکانیەوە، گەشتی بۆ ئەناتۆڵیا و میسر کرد. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Klecy Sagstetter: Solon of Athens: The Man, The Myth, The Tyrant, And Pennsylvania University Press, Pennsylvania, 20113, P. IV.

[2] Charles Rollin: Op. Cit., P. 511.

[3] Herodotus: book. I. 30.

خوداوەند (ئێرا-Here) لە شاری ئارگیڤس بوون، دەبوایە دایکییان بە سواری عەرەبانە بچێت بۆ شوێنی مەڕاسیمەکە، بەڵام کاتێک کەڵەگا دەست نەکەوت عەرەبانەکان ڕابکێشت، ئەو دوو کوڕە لە جیاتی کەڵەگاکان عەرەبانەکانیان ڕاکێشا، هەتاکو گەیشتنە شوێنی مەڕاسیمەکە، دواتر هەردووکیان مردن. پیاوانی شارەکە بە ڕێزەوە یادی ئەو گەنجانەیان کردەوە، ژنانیش دوعایان بۆ دایکی کوڕەکان نارد، چونکە خاوەنی دوو گەنجی ئازا و بەجەرگ بوو"[1].

کرۆیسوس بە نیگەرانییەوە لە سۆلۆنی پرسی: " بەختەوەری من چی لێهات، ئەی میوانی ئەسینی؟ خۆشبەختیی من ئەوەندە بەکەم دەزانیت کە تەنانەت لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بەراوردم ناکەیت؟" سۆلۆن لەوەڵامدا پێیگوت: " تۆ پرسیار لەمن دەکەیت سەبارەت بە مرۆڤ، ئەوەندەی من ئاگادارێم خواکانیش بە بەختەوەری مرۆڤ ئیرەیی دەبەن، هەمیشە بەختەوەری مرۆڤ دەشێوێنن، بە درێژایی ژیانی مرۆڤ هەندێک شت ڕوودەدات هەرگیز مرۆڤ ئاوات ناخوزێت بەسەری بێت، ئەی جەنابی پادشا من باش تۆ دەناسم کە دەسەڵاتداری خەڵکێکی بێشوماریت و بەڕادەیەکی زۆر ساماندارێت، بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەت ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، پێش ئەوەی بە بەختەوەری ماڵئاوایت لە ژیانکردبێت، مرۆڤی خاوەن سەروەت و سامان کاتێک بە بەختەوەر دادەنرێت کە بەخت لەگەڵی بێت و دوارۆژەکانی ژیانی بە بەختەوەری بژی، بە پێچەوانەوە مرۆڤێکی ئاسایی کە خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیەتی لە تۆ بەختەوەرتر دەژی، زۆر کەسی دەوڵەمەند هەیە کە ژیانێکی خۆش ناژین، زۆر کەسی ئاسایی هەیە هێندە دەوڵەمەند نییە، لە خاوەن سەروەت و سامانەکە خۆشتر دەژی، کەسی دەوڵەمەند تەنها لە دوو لایەنەوە لە کەسی بەختەوەر دەوڵەمەن ترە، بەڵام کەسی خۆشبەخت لە زۆ بواری دیکەدا دەوڵەمەندە، مرۆڤی دەوڵەمەند بە لێقەوماویی دەژی، کەسی دەوڵەمەند لەوانەیە بتوانێت غەریزەکانی بە ماڵی دونیا دابینبکات، بەڵام مرۆڤی ئاسایی هەندێک تایبەتمەندی هەیە کە یارمەتی خۆراگرییەکەی دەدات، ڕەنگە لە بەرامبەر هەندێک ڕووداو دەستە وەستانبێت و خۆزگەکانی بۆ پڕنەکرێتەوە بە سەروەت و سامان، بەڵام بەختەوەری لە زۆر نەهامەتی دەیپارێزێت دووچاری ئازاری ناکات و تەندروستە و کەمتر تووشی نەخۆشی دەبێت، مرۆڤ ناتوانێت خاوەنی هەموو شتێک بێت، ئەگەر دەست ڕۆشتووبێت لەوانەیە هەندێک کەلێنت بۆ پڕبێتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر کەموکورتی دێتە ڕێگات، پادشاکەی من بە باوەڕی من مرۆڤی بەختەوەر ئەو کەسەیە، کە بۆ ڕۆژی مردنی موحتاج نەبێت و مەرگێکی ئارامی بەنسیب بێت، مرۆڤ دەبێت چاوەڕوان بێت بزانێت پاشەڕۆژی ژیانی بەکوێ دەگات، چونکە خواوەند بەختەوەری بە زۆر کەس دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا سەرگەردانی دەکات"[2]. دوا بەدوای

---

[1] Klecy Sagstter: Op. Cit., P .50
[2] Herodotus: Book. I. 34.

ئەم گفتوگۆیەی پادشای لیدییەکان و سۆلۆن، کرۆیسوس هیچ بایەخی بەقسەکانی نەدا، چونکە پێی وابوو سۆلۆن کەسێکی نەفامە سەروەت و سامان بەلایەوە گرنگ نییە، هیرۆدۆت ئاماژە بەوەدەکات: "**کاتێک سۆلۆن پایتەختی لیدییەکان بەجێدەهێڵێت، خوداوەندی یەکسانی بەتوندترین شێوە کرۆسوسی سزادا، چونکە پێیوابوو بەختەوەرترین کەسە بەهۆی سەروەت و سامانەکەیەوە، کرۆیسوس دوو کوڕی هەبوو، یەکیان نەخۆشبوو، کە کەڕولاڵ بوو، دووەمیان ناوی (ئاتیس- Atys) بوو، پادشا خەونی بە ئاتیسەوە بینی کوژرا، کاتێک خەبەری بووەوە زۆر ترسا بڕیاردا ژن بۆ کورەکەی بهێنێت، هەرچەندە کوڕەکەی فەرماندەی لەشکری لیدی بوو، لەزۆربەی شەڕەکاندا بەشداری کرد، بەڵام باوکی بڕیاردا چی دیکە، کوڕەکەی نەنێرێت بۆ ئەرکی سەربازی**"[1].

لەوکاتەدا خەریکی ئامادەکاری بوون بۆ ئاهەنگی کوڕەکەی کرۆیسوس، کابرایەک گەیشتە شاری ساردس بەناوی (ئادراستۆس- Adrastus) ئەم کەسە خەڵکی ناوچەی فریجیا بوو، دەستەکانی بۆنی خوێنیان لێدەهات، دیاربوو تاوانێکی کردبوو، داوای لە پادشای لیدیا کرد بەپێی دابونەریتی ناوچەکە لەتاوان و گوناهەکانی پاکبکرێتەوە، پاشان بە پێی داب نەریتی تایبەتی لیدییەکان لەتاوان پاکرایەوە، کرۆیسوس لێپرسی چی تاوانێکت کردووە؟ وەڵامی دایەوە: "**براکەی خۆمم کوشت، لە ترسی باوکم ڕامکردوە پەنام بۆ ئێرە هێناوە**". پادشا میوانداریەکی قبوڵکرد و لە کۆشکی کرۆیسوس مایەوە، دوای چەند ڕۆژێک مانەوەی، لەو سەردەمەدا بەرازە کێوی زۆری بۆ دانیشتوانی هەرێمی (ئۆلیمپوس-Olympus)ی میسیا هێنابوو، دانیشتوانی دەڤەرەکە پەنایان بۆ پادشای لیدیا هێنابوو، داوایانکرد ئاتیسی کوڕەکەی لەگەڵ هەندێک گەنجی بەغیرەت و جوامێریان بۆ بنێرن، هەتاکو لەدەست ئەو بەرازانە ڕزگاریانبکەن، کرۆیسوس بە خێرایی خەونەکەی بیرکەوتەوە ڕەتیکردەوە کوڕەکەی بنێرێت، بەڵام کاتێک کوڕەکەی هەواڵەکەی بیست سوربوو لەسەر ئەوەی کە بڕوات، سەرئەنجام کرۆیسوس بە دواکاریی کوڕەکەی ڕازی بوو، هەربۆیە داوای لە ئادراستۆس کرد، کە تازە پەنای بۆ شاری ساردس هێنابوو، ئاگاداری کوڕەکەی بێت و چاودێری بکات، کاتێک کەوتنە ڕێ شوێنی بەرازەکانیان دۆزیەوە ئادراستوس نێزەی بۆ بەرازەکان هاویشت، بەڵام بە هەڵە بەر ئاتیسی کوڕی کرۆیسوس کەوت و کوشتی[2].

کاتێک جەنازەی کوڕەکەی کرۆیسوس گەیشتەوە شاری ساردس بە مەڕاسیمێکی شایستەدا ناشتیان، پاشان ئادراستۆس، هەر کە خەڵکی لە دوای ناشتنی لاشەی ئاتیس گۆڕستانیان بە

[1] Herodotus: Book. I. 34.
[2] Ibid, Book. I. 40-41

جێهێشت خۆی کوشت، چونکە پێی وابوو بەدبەخترین مرۆڤی سەر زەوییە، کرۆیسوس لەدوای کوژرانی کوڕەکەی دوو ساڵ پرسە و ماتەمی بۆ کوڕەکەی گرت و دەستی بۆ هیچ کارێک نەبرد[١].

وتراوە کە کرۆیسوس هەمان ئەو کەسەیە لە قورئانی پیرۆزدا بە قارون[٢]، ناوی هاتووە، کە لەیەکێک لە ئایەتەکاندا دەفەرموێت: (فَخَرَجَ عَلٰى قَوْمِهٖ فِيْ زِيْنَتِهٖ ؕ قَالَ الَّذِيْنَ يُرِيْدُوْنَ الْحَيٰوةَ الدُّنْيَا يٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ اُوْتِيَ قَارُوْنُ ۙ اِنَّهٗ لَذُوْ حَظٍّ عَظِيْمٍ)[٣]واتە: **ئینجا قارون خۆی سازدا و بە ڕازاوەیی چووە دەرەوە بۆناو قەومەکەی، بۆ کەشخەکردن و خۆنواندن، ئەوانەی ئاواتی ژیانیان ژیانی دنیایە وتیان:"خۆزگە ئێمەش وەک قەرون، سامان و دەسەڵاتمان هەبوایە، بەڕاستی خاوەنی بەختێکی باشە"[٤].**

کرۆیسوس بە دەوڵەمەنترین پادشای جیهانی دێرین باسدەکرێت، هێندە دەوڵەمەند بوو خاوەنی حەوت گەنجینە بوو، سوپایەکی گەورەی دروستکرد، چەندین ناوچەی لە ئەنجامی هەڵمەتە سەربازییەکانییدا داگیرکرد، وەک ناوچە و دەوڵەتەکانی فریجیا، میسیا، (پافلاگۆنیا-Paphlagonia)، بیسینیا و (پامفیلیا-Pamphylia) لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کارییەکان، ئایۆنییەکان، دورییەکان و ئایۆلییەکان[٥].

دەوڵەمەندی پادشای لیدیا کرۆیسوس لە ڕادە بەدەر بوو، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەمەند بوو، ئارەزویەکی زۆری هەبوو لە بە فیڕۆدانی پارە و خۆشگوزەرانی، خێزانی پادشایەتی لیدیا پارەیەکی زۆریان بە فیڕۆدەدا، هەر خێزانێک گۆڕستانێکی گەورەی شاهانەی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەریەکە لە گۆڕەکانیان بە مەڕ مەڕو عاج دەرازاندەوە، کاتێک کەسێکی خێزانی پادشایەتی کۆچی دوایی دەکرد، پرسەیەکی درێژیان بۆ سازدەکرد، لەگەڵ مردووەکەدا کەل و پەلە گران بەهاکانی تایبەت بە مردوەکەیان دەناشت، وەک تاجی ئاڵتون، بازن، ئەنگوستیلە، نەوە لەدوای نەوە لە کۆمەڵگەی لیدیدا لە جیاتی ئەوەی برەو بە پێشکەوتنی بواری ئابووریی شانشینی لیدیا بدەن،

---

[1] Johan D. Dillery: Croesus great nemesis, 2th edition, Cambridge University Press, 2019, P. 15.

[٢] پێ ناچێت کرۆیسوس هەمان ئەو پادشایەبێت، کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی بە قارون هاتووە، بەڵکو دەوڵەمەندی پادشای شانشینی لیدییەکان وای لە بەشێک لە توێژەران کردووە، قارون و کرۆیسوس بە یەک کەس ناوبهێنن، هەروەک بەشێکی دیکە لە زانایان ئاماژە بەوەدەکەن، قارون کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بووە و لە کاتی پێغەمبەر موسادا ژیاوە و ئامۆزای پێغەمبەر موسا بووە، واتە لە بەنی ئیسرائیل بووە، لە کۆشکی فیرعەونی میسردا پۆستی هەبووە و لەو ڕێگەیەوە سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە و لە ململانێی نێوان پێغەمبەر موسا و فیرعەوندا پشتگیری فیرعەونی میسری کردووە.

[٣] القصص، آية (٧٩).

[٤] ئەحمەد کاکە مەحموود: ئەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چاپی دووەم، چاپخانەی دار الفکر، بەیروت، ٢٠٠٩، ل. ٧٨٥.

[5] Charles Rollin: Op. Cit., P. 511.

سەروەت و سامانی باوانیان تەخشان و پەخشان دەکرد، ئەوەی پێشتر بەدەست هاتبوو لە ناویان دەبرد[1].

سەروەت و سامانی کرۆیسوس لە دوو لایەنەوە بەفیڕۆ چوو ئەو کارانە بۆ خۆشگوزەرانی و تێرکردنی حەزو ئارەزوی تایبەتی بوو، وەک دروستکردنی هەندێک بینا و شوێنی تایبەت بۆ خۆشگوزارانی و دروستکردنی سوپا، پادشای لیدییەکان دەوڵەمەندیەکەی قۆستەوە بۆ داگیرکردنی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا، بۆ نموونە شاری ئیفیسوسی داگیرکرد و وێرانیکرد سەر لەنوێ بونیاتی نایەوە بە شیوازێک تێچویەکی زۆری پێوویستبوو[2].

لەلایەکی دیکەوە لە ناوەڕاستی سەدەی (٦ پ.ز.)دا، ئەخمینییەکان بەسەرکردایەتی کوروش خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ئەناتۆلیا، مەبەستی سەرەکی ئەوان بریتی بوو لە پاراستی بەرژەوەندییە بازرگانیەکانییان لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا و دەریای ئیجە، بەڵام بەهێزترین دەسەلات، کە ڕێگربوو لە بەردەم هەوڵی فراوانخوازیی ئەخمینییەکان شانشینی لیدیا بوو، لەوکاتەدا لیدیا هاوپەیمانی لەگەڵ میسردا هەبوو، هەربۆیە کوروش هەوڵی بەستنی هاوپەیمانی دا لەگەڵ دەوڵەتی بابلی لەبەرامبەر هاوپەیمانی لیدی-میسریدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو کاتێک کوروش و سوپاکەی لە پایتەختی دەوڵەتی ئەخمینییەوە (ئەگباتانە-Ecbatana)[3]، بەرەو ئەناتۆلیا پێشرەویانکرد، لە ڕوباری هالیس پەڕینەوە، لەوکاتەدا کوروشی پادشای ئەخمینییەکان نێردراوی نارد بۆ شارە ئایۆنییەکان داوای لێکردن دژی کرۆیسوسی پادشای لیدیا شۆڕش بکەن، بەڵام شارە ئایۆنییەکان ئەم داواکاریەی پادشای ئەخمینیان رەتکردەوە[4].

دوای ئەوەی کوروش هەڵگەڕایەوە و هێرشی کردە سەر ئیمپراتۆریەتی میدیا و بەسەر ئەستیاگزی کۆتا پادشای میدییەکاندا سەرکەوت، شانشینی لیدیا پێشتر لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی میدیا ڕێکەوتنیان هەبوو لە دوای ئەوەی جەنگی نێوانیان لە ساڵی (٥٨٥ پ.ز.)دا، بە ڕێککەوتنی ئاشتی و هاوسەرگیری سیاسی کۆتایی هاتبوو، هەربۆیە پاشای شانشینی لیدیا کرۆریسوس بەخێرایی

---

[1] Jack Weatherford: Op. Cit., P. 33.

[2] Ibid, P. 35.

[3] ئەگباتانە: یەکەمین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی بوو لە لایەن کوروشی دووەم (٥٥٠-٥٣٠ پ.ز.) دروستکرا لە دوای سەرکەتنی ئەخمینییەکان بەسەر ئیمپراتوریەتی میدیادا، شارەکە کەتۆتە هەرێمی فارس لە باشوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ. بۆ زانیاریی زیاتر، بروانە:

A.T. Olmastead: History of the Persian Empire, $2^{th}$ editions, Chicago University Press, London, 1948.P. 162-172.

[4] أسامة عدنان يحى: بابل في العصرالإخميني (٥٣٩-٣٣١ ق.م) رسالة ماجستر ، جامعة بغداد، العراق، ٢٠٠٣، ص ٣٩.



CamScanner

هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و بەرەو سنوری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری هالیس ڕۆشت بەمەبەستی ڕوبەڕوبوونەی ئەخمینییەکان، کوروش تازە نازناوی پادشای وڵاتی ئەخمینی وەرگرتبوو، لە ئەکباتاناوە بەرەو ڕووی دوژمنەکەی ڕۆشت، گەیشتە هێلی سەرەکی زنجیرە چیای زاگرۆس لە دەروازەی ئاسیا، هەرچەنە بە پێی هەندێک سەرچاوە کوروش لەوکاتەدا سەرەتا بەرەو باشور گەڕاوەتەوە بۆ ڕوبەڕو بوونەوەی بابلییەکان، چونکە هەردوکیانی وەک دوژمنی خۆی دەبینی[١].

سەرئەنجام پادشای لیدیا بڕیاریدا ڕووبەڕوی سوپای ئەخمینییەکان ببێتەوە، کاتێک خۆی بۆ ئەو لەشکرکێشییە ئامادەکرد، کەسێکی نزیک لە لیدییەکان، بە ناوی (ساندانیس-Sandanis)، کە بە کەسێکی داناو فەیلەسوف دادەنرا، بە کرۆیسوسی ڕاگەیاند: **ئەی پادشاکەی من سەبارەت بەو خەڵکانەی کە بەنیازیت لەگەڵیان بکەویتە جەنگەوە، ئەوان پانتۆڵی چەرم و فشەلیان لەبەردایە و گشت جل و بەرگەکانیان چەرمە، هێندە ناخۆن کە تێربن، بەڵکو ئەوەندە دەخۆن کە هەیانە، چونکە وڵاتەکەیان هەژارە، بێجگە لەوەش شەراب ناتۆشن، بەڵکو تەنها ئاو دەخۆنەوە، تەنانەت هەنجیریشیان دەستناکەوێت کە بیخۆن، خاوەن سەروەت و سامانیش نین. باشە ئەگەر بەسەریاندا زاڵ بوویت چیت دەستدەکەوێت، وەختێک تووشی شکست بێیت هەرچی هەتە لەدەستی دەدەیت. ئەوان ئەگەر سەربکەون هیچمان پێوەناهێڵن"**، بەڵام ساندانیس بەو قسانەی نەیتوانی کرۆیسوس پادشای لیدیا ڕازی بکات[٢].

لەگەڵ ئەوەدا، تاکو دەهات کۆروش دەبووە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی لیدییەکان بە تایبەتی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە کۆروش ئیمپراتۆریەتی میدیای کۆتایی پێهێنابوو وە ئەستیاگزی کۆتا پادشایانی بوو بە دیلی گرتبوو ئەم پادشایە زاوای لیدییەکان بوو، لەتۆڵەی ئەستیاگز کرۆیسوس بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر کۆروش وە داوای لە هاوپەیمانەکانی میسر، بابل و سپارتا کرد کە بێنە پاڵی دژی ئەخمینییەکان. پێش ئەوەی لە ڕوباری هالیس بپەڕێتەوە و دەست بە هێرش کردن بکات بۆ سەر ئەخمینییەکان، لەگەڵ سوپا و ڕاوێژکارەکانی کۆبووەوە بەڵێنی پێدان، کە ئیمپراتۆریەتی فارس لەناودەبات، دوای ئەوەی ئەخمینییەکان هێرشیان کردە سەر کەپەدۆکیا لەو ناوچەیە کرۆیسوس توانیبووی شاری (پتێریا-Pteria) داگیربکات، کۆروش نوێنەری ناردە لای لیدییەکان و پێی ڕایگەیاند ئەگەر ملکەچی ئەخمینییەکان ببێت وەک فەرمانڕەوایەکی ئەخمینی لە لیدیا دەیهێڵێتەوەو لە کارە دوژمنکارەکانی پێشتری خۆش دەبێت، بەڵام کرۆیسوس ڕەتیکردەوە و بڕیاریدا لەشەڕکردن بەردەوام بێت، کاتێک هەردووک سوپا ڕووبەڕوی یەکتری بوونەوە، جەنگێکی سەخت لە نیوانیاندا ڕوویدا، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر سەربازی هەردوو لا کوژران، لەم

---

[1] A.T. Olmstead: OP. Cit., P. 16.

[2] Herodotus: Book. I. 71

جەنگەدا هیچ لایەکیان سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست نەهێنا، کرۆیسوس گەڕایەوە بۆ شاری ساردس دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ هەڵمەتی داهاتوو لە وەرزی بەهاردا[1].

داوای لە هاوپەیمانەکانی کرد کە بێن بە هانایەوە بە تایبەتی بابلییەکان، میسر و لاکێدیمۆنییەکان لە شارە دەوڵەتی سپارتا، بەڵام پێش ئەوەی هاپەیمانەکانی بگەنە سوپای شانشینی لیدیا، کوروش بڕیاریدا زۆر بەخێرایی بەرەو ساردسی پایتەختی لیدییەکان بکەوێتەڕێ، کاتێک نزیک بوونەوە لە شارەکە سوپای هەردوولا لە دەشتێکی فراواندا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە و کوروش چاوی بە سوپای لیدییەکان بە تایبەتی هێزی سوارە کەوت کە ئامادەی جەنگن ترسا، بەڵام گوێی بۆ ڕاوێژکارێکی میدی بەناوی (ئارپاگۆس-Harpagus) ڕاگرت، کە داوایکرد حوشترەکان ببەنە ڕیزی پێشەوەی سوپا کاتێک ئەو تاکتیکەیان بەکارهێنا و حوشترەکان لەڕیزی پێشەوەی سوپا جێگەیان گرت، ڕووبەڕووی هێزی سوارەی لیدییەکان بوونەوە، ئەسپەکانی هێزی سوارەی لیدییەکان کە وەک سروشتی خۆیان حەزیان لە ڕووخسار و بۆنی حوشترەکان نەدەکرد ترسان و گەڕانە دواوە، بۆیە سوارەکانی سوپای لیدی لە ئەسپەکانیان دابەزین و دژی سوپای ئەخمینی کەوتنە جەنگەوە، پاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا سەرئەنجام سوپای شانشینی لیدییەکان پاشەکشەیان کرد و لە شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان گەمارۆدران[2].

کرۆیسوس کە پێی وابوو جەنگ درێژە دەکێشێت نوێنەری ناردە لای هاوپەیمانەکانی تاکو پێنج مانگی دیکە بگەنە شاری ساردس ، بەڵام لاکێدیمۆنییەکان، کە نزیکترین هاوپەیمانی شانشینی لیدیا بوون، بەهۆی سەقالَییان بە جەنگەوە نەیانتوانی بگەنە شاری ساردس، لە کۆتاییدا، کوروش توانی شوراکانی شاری ساردس تێکبشکێنێت و داگیری بکات، دوای چواردە ڕۆژ لە گەمارۆدانی، شارەکە و کۆشکی کرۆیسوس و ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان لە شارەکە بە زیندویی سوتاند و دواتر کرۆیسوس دەستگیرکرا، هەرچەندە هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لەسەر ئاگردان سوتێندراوە دوای ئەوەی بەدیلی کەوتۆتە دەست ئەخمینییەکان، لەدوای کرۆیسوس شکۆمەندی لیدییەکان کۆتایهات و لیدییەکان بوونە ژێر دەستەی ئەخمینییەکان[3].

کاتێک کوروش، شاری ساردس داگیردەکات بە دەوڵەمەنترین شاری ئەناتۆڵیا دادەنرا، سەربازەکانی دەستیانکرد بە تاڵانکردنی شارەکە، ساردس ، لەوکاتەدا کوروش بە کرویسوس دەڵێت: **"سەیری سەربازەکان بکە چۆن شارەکەت تاڵان دەکەن و وێرانی دەکەن، کرۆیسوس وەڵامی دەداتەوە پێی دەڵێت: "لێرە بەدواوە ساردس شاری من نییە بەڵکو شاری تۆیە، ئەم**

---

[1] Herodotus: Book. I. 76.
[2] Annick Pyane: Op. Cit., P. 8.
[3] Annick Pyane: Op. Cit., P. 8-9.

**سەربازانە شارەکەی تۆ تالآن دەکەن، بەم گفتوگۆیە کۆتایی شانشینی لیدیا و سەرەتای دەسەلآتی ئەخمینییەکان بوو، لە خاکی شانشینی لیدیا"[١].**

دوای سەرکەوتن بەسەر لیدیا و کۆتاییهێنان بەدەسەلآتی سیاسی و شانشینەکەیان، کوروشی پادشای ئەخمینییەکان، کەسێکی دیاریکرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا ئەوکەسە ناوی (تابالوس-Tabalu) بوو، بەلآم دوای ماوەیەکی کەم لیدییەکان دەستیانکرد بە یاخیبوون و شۆڕش دژی دەسەلآتی ئەخمینییەکان لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەخمینییەکان لەڕێگەی سەرکردەی سوپای ئەخمینی (مازارس-Mazares و هارپاگ-Harpagus) نارەزاییەکەی سەکوت بکات، لە دوای ئەوەوە لیدییا وەک هەرێمێکی سەر بە دەسەلآتی ئەخمینی ناسێنرا[٢].

ئەوەی لە کۆتایدا جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە چۆن سەبارەت بە ماوەی سالآنی فەرمانڕەوایی کرۆیسوس کۆتا پادشای لیدییەکان جیازی هەیە، پێشتر ئاماژەی پێدراوە سەبارەت بە سەرەتاو و کۆتایی دەسەلآتی سیاسی لیدییەکان بۆچوونی جیاواز هەیە، لەم بارەیەوە وتراوە هەندێک لە سەرچاوە سالّی (٥٤٦پ.ز.) بە سالّی کۆتایی هاتنی شانشینەکە دادەنێن هەندێکیش سالّی (٥٤٧پ.ز.) یان (٥٤٨پ.ز.)یان دیاری کردووە، بەلآم من سالّی (٥٤٦ پ.ز.) لە هەموو سالّەکانی دیکە پێراسترە.

---

[1] Robert W. Wallace: redating crossus herodotean chronologies and The Date of The Earliest Coiages, The Journal of Hellenic Studies, Vol.136, 2016, PP. 168-181, P. 175.

[2] Nicolas Victor Sekunda: Achaemenid colonization in Lydia, Journal Revue Etudes Anciennes, Vol.87, 1985, PP. 7-30, P. 8.



CamScanner

# بەشی دووەم:

# سیما شارستانییەکانی شانشینی لیدیا:



CamScanner

## باسی یەکەم: سیمای سیاسی سەربازی و ئابووریی شانشینی لیدیا:

بوونی چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی جیا جیا لە ڕووی ڕەگەزی و فەرهەنگییەوە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، هەروەک هەتاکو ئێستا مێژوو و پاشماوەی شارستانییەتی بەشێک لەو دەوڵەتانە لەلایەن شوێنەوارناسان و مێژوونووسانەوە کاری لەسەر دەکرێت و زۆر لایەنی شارستانییەتیان هێشتا بە نادیاری ماوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ناوچەکە وەک پردی بەیەکگەیشتنی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەردەوام سەرە ڕێگەی شەپۆلی کۆچی نەتەوە جیاوازەکان و کاروانە بازرگانییەکان بووە، هەربۆیە دیاریکردن و جیاکردنەوەی توخمە ژیارییەکانی شارستانییەتی شانشینی لیدیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بەپشت بەستن بە کنەوپشکنینی شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا، توێژەران توانیویانە بەشێکی گرنگ لە سیما شارستانییەکانی شانشینی لیدیا دیاریبکەن وەک یەکێک لە شارستانییەتە دیارەکانی ناوچەکانی ڕۆژئاوی ئەناتۆڵیا بیناسینن.

## لایەنی سیاسی:

وەک ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی لیدیا لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی مێرمنادیدا(٦٨٥-٥٤٦ پ.ز.)، پێینایە قۆناغێکی تەواو جیاواز، لە پێشتردا دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان زیاتر لە فۆڕمی خێڵەکیدا بوو، هەندێک هۆزی جیاواز فەرمانڕەوایەتییان کردووە، هەتاکو ئەوکاتەوەی پادشا گیگس توانی فەرمانڕەوایەتی شانشینکە بگرێتە دەست و یەکێتییەکی سیاسی لە شاری ساردس پێکهێنا و سیستمی فەرمانڕەوایی پادشایەتی پەیڕەوکرد، هەرچەندە شێوازی فەرمانڕەوایی لە کۆشکی شانشینی لیدیادا بەتەواوەتی نازانرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە لە سیستمی سیاسی شانشینی لیدیادا، پادشا لە لوتکەی دەسەڵاتدا بووە و ئەو کەسەی دەبوو بە پادشا هەموو دەسەڵاتێکی ئاینی و دونیایی هەبوو، وەک کەسێکی پیرۆز و ڕابەری پەرستگە لێی دەڕوانرا، پادشا خۆی فەرماندەی باڵای سوپا بوو، تەنانەت لە دادگاکاندا بەهەمان شێوە پادشا بڕیاری کۆتایی دەدا، لەلایەکی دیکەوە پادشا دەبوایە ئاگاداری هەموو ئاڵوگۆڕێکی نێودەوڵەتی بێت لەبواری بازرگانی و هەر بەرهەم و دیارییەک کە هاوردە و هەناردە دەکرا، چونکە پادشا فەرمانیدەکرد بە خەرجکردنی پارە و گەنجینەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوو[1].

[1] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., 2016, P. 57.



CamScanner

دەسەڵاتی کارگێڕی لە کۆشکی پادشایەتی لە شاری ساردس بوو، پادشا و دەست و پێوەندەکەی بڕیارە چارەنووس سازەکانییان دەدا، هەرچەندە ئاماژە بەوەدەکرێت، کە ئەنجومەنێکی پیران لە شاری ساردس هەبوو، بەڵام هەتاکو ئێستا لە کاتی کنەوپشکنین لە شارەکە شوێنەواریی ئەو شوێنە نەدۆزراوەتەوە، کە ئەنجومەنەکە لە کۆشکی پادشایەتی تێیدا کۆدەبوونەوە، بەڵام بوونی ئەم ئەنجومەنە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پادشا لەهەندێک کاتدا ڕاوێژی بەم ئەنجومەنە کردووە، لەگەڵ ئەوەدا لەکاتی هەر قەیران و پێشهاتێکدا پادشا بەبێ هیچ ڤیتۆیەک خۆی بڕیاری کۆتایی دەدا، هەموو دامەزراوەیەک لە کۆشکی پادشاتیدا هەبوو، بۆ نموونە لە کۆشکی پادشایەتیدا، پەرستگە، دادنووس، سەربازگە، گەنجینە و تەنانەت میوانخانەی جۆراو جۆر هەبوو بۆ پێشوازیکردنی میوانەکان، کۆمەڵێک ژن هەبوون خزمەتی خێزانی شاهانەیان دەکرد و خواردنیان دروستدەکرد و نانیان ئامادە دەکرد[1].

تەنها لەکاتی هەر هێرش و پەلامارێکدا پادشا هەندێک ڕاوێژکاری هەبوو ڕاوێژی پێدەکردن، بە شێوازێکی گشتی هەموو پادشاکانی شانشینی لیدیا زۆر گرنگییان بەلایەنی سەربازیی دەدا، لەڕووی سەربازییەوە، سوپای شانشیی لیدیا لە ڕووی پێکهاتەی سوپا و چەک و کەرەستەی جەنگییەوە، ئاوێتەیەک بوو لە شێوازیی سوپای یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی ئایۆنی، کاری و میسری لە ڕیزی سوپای پیادە خزمەتیان دەکرد، بەشێک لەو سەربازانە بەکرێگیراو بوون، یەکێک لە نموونەکانی کاریگەری سوپای ڕۆژهەڵات لەسەر سوپای شانشینی لیدیا بریتی بوو، لە شێوازی تەکنیکی ئەندازەیی لەکاتی دروستکردنی تەپۆڵکە سەربازییەکان بە مەبەستی قایمکردنی سەربازگەکانی سوپای شانشی لیدیا لەکاتی گەمارۆی سەربازییدا، لیدییەکان ئەو تەکنیکەیان لە ئاشورییەکانەوە وەرگرتبوو، کە تەپۆڵکەکانیان بە لێژیی دروستدەکرد، وەک ئەو تەپۆڵکانەی پادشای شانشینی لیدیا ئالیاتس لە ساڵی (٦٠٠پ.ز.)دا دروستیکرد بە مەبەستی قایمکردنی بنکە سەربازییەکان، بەرزی تەپۆڵکەکان نزیکەی بیست مەتر دەبوو، ئەو تەپۆڵکانە بە چواردەوەری شارەکاندا دروستکرابوون، بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان.[2] لەمڕووەوە زیاتر لە پێنج سەد تەپۆڵکە لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی شانشینی لیدیادا بوو دۆزراوەتەوە، ئەمانە لەلایەن ئەریستۆکراتە لۆکاڵیەکانی شانشینی لیدیاوە بوونیاتنرابوون لە نزیک زەوییەکانیان بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەموڵک وماڵەکانیان، لەلایەکی دیکەوە سوپای شانشینی لیدییا لە بواری سوارچاکیدا زۆر لێهاتووبوون، گالیسکە سەربازییەکانیان لە ئاسن دروستکرد بوو، سوپای سوارەی لیدییەکان لە کاتی جەنگەکاندا بەناوبانگ بوون،

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 22.
[2] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 57.

به تایبەتی لە ڕمبازیدا، هەروەها سوپای لیدییەکان بێجگە لە ڕم، هەروەک ئامرازە سەربازییەکانی وەک مەنجەنیق، تەور، تیروکەوان، شمشێر و خەنجەریان بەکاردەهێنا، بیجگە لە ئەسپ یەکێکی دیکە لەو ئاژەڵانەی سوپای لیدییەکان لە کاتی جەنگەکاندا بەکاریاندەهێنا سەگ بوو، لە کاتی هەڵمەتی کیمرییەکان بۆ سەر شانشینی لیدیا سوپای لیدیا پشتیان بە ئاژەڵی سەگ دەبەست، چونکە کیمرییەکان زۆر دڕندەبوون هەڵمەتیاندەکردە سەر سوپای لیدییەکان پاشەکشەیان دەکرد، هەربۆیە سوپای شانشینی لیدیا سەگیان شوێن دەخستن و ڕاویان دەنان هەتاکو دووریان دەخستنەوە[١].

سەربازانی سوپای شانشینی لیدیا جل و بەرگی سەربازیی تایبەت بەخۆیان دەپۆشی کڵاوی ئاسن یان[٢]، لە سەرچاوەیەکدا هاتووە هەرچەندە هەندێک لە سەرچاوە ئەخمینییەکان بە داهێنانی کڵاوی ئاسن دادەنێن، بەڵام بەر لەهاتنی ئەخمینییەکان سەربازانی شانشینی لیدیا لەکاتی جەنگەکاندا کڵاوی ئاسنیان لەسەردەکرد و جل و بەرگە سەربازییەکانیان لە ئاسن دروستکرابوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو بەپێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان، لە یۆنان و ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین زۆربەی کڵاوە سەربازییەکان لە بڕۆنز دروستدەکران، بەڵام لە شاری ساردس کڵاوی ئاسن دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧پ.ز.)، جیا لەمانە جۆرێکی دیکە لە کڵاوی ئاسن لە زۆر پاشماوەی شوێنەواریی شانشینی لیدیادا دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی لە قەڵایەک لە باکوری شاری ساردس، شێوازی کڵاوەکە لە کڵاوی یۆنانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین جیاوازترە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی (٦ پ.ز.) بە تایبەتی کاتی جەنگی ئەخمینییەکاندا ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر بوونی ڕەگەزی یۆنانی لە ڕیزی سوپای شانشینی لیدیادا، هەروەها کاریگەریی ڕوونی یۆنانییەکان لەسەر لایەنی سەربازی شانشینەکە[٣].

لەلایەکی دیکەوە لەکاتی کنەوپشکنینەکانی شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا چەندین پاشماوەی سەربازیی دۆزراوەتەوە، گوماندەکرێت سەربازانی شانشینی لیدیا بن لەکاتی پشوداندا، کە یاری جۆراو جۆر دەکەن وەک یاری ماروپەیژە، زار، بژمێر، یارییەکان لە بەرد، تەختە و ئێسک دروستکراون لەبنکە سەربازییەکاندا سەربازەکان ئەنجامیاندەدا[٤].

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 32.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

[3] Crawford H. Greenewalt and ann M. Heywood: A. Helemt of Sixth century B.C. from Srdis, Journal of the Amrican school of Oriental Research, VOL. 38, 2006, pp. 1-31, P.15.

[4] Anne Pearson: Eyewitness Ancient Greece, Dk Publisher, London, 2007, P. 35.



CamScanner

سەرچاوەیەک ئاماژە بە بەهێزی سەربازانی شانشینی لیدیا دەکات و نوسیویەتی سوپاکەی لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەک فراوانخوازیی ئەنجامبدات و بەگەیشتنیان بۆ هەر ناوچەیەک دەیانکرد بە داگیرگەی خۆیان و ژمارەیەک بنکەی سەربازییان لەو ناوچانە دروستدەکرد، وەک حامیەی سەربازی بۆ پارێزگاریکردن لە هەژموونیان لەو ناوچانە، لەگەڵ ئەوەی زانیارییەکان سەبارەت بە داگیرگەکان زانیاری کەم و ناڕونن، زۆربەی هەڵمەتە داگیرکارییەکان وەک پێشتر وتراوە لەسەردەمی هەردوو پادشای شانشینی لیدیا گیگس و ئالیاتسدا بوو، چونکە بەشێک لە داگیرگەکان پێیان دەوترا (داسکیلیوم-Dascyluim) لە ناوی (داسکیلوس -Dascylus)ی باوکی پادشا گیگسەوە وەرگیرابوو، لە دواتردا هەر ناوچەیەکیان داگیردەکر ئەو ناوەیان لێدەنا، بە تایبەتی دوای ئەوەی گیگس، ئەبیدوسی وەک داگیرگەی خۆی دروستکرد و کردییە بنکەیەکی سەربازی بۆ سوپا و ناوەکەی گۆڕی بە ناوی لیدی، پادشای دواتری لیدییەکان ئالیاتس ژمارەک هەڵمەتی سەربازیی ئەنجامدا و دەستیگرت بەسەر پێدەشتەکانی (سیبان-Theban) لە هەرێمی میسیا وەک ناوچەی داگیرگەی لیدییەکان ناساندی و بنکەی سەربازی تێدا دامەزراند[١].

سوپای شانشینی لیدیا لە کاتی فراوانخوازییە سەربازییەکاندا تەنها پشتیان بە هێزی سەربازیی نەدەبەست، بەڵکو هەندێک کات هاوپەیمانییان دەبەست لەڕێگەی هاوسەرگیری سیاسییەوە، بەو شێوازە دەیانتوانی بەردەوامی بە مانەوە و پارێزگاری لە داگیرگەکانیان بکەن، بە تایبەتی لە شارە دەوڵەتە ئایۆلی و ئایۆنییەکان، هەندێک کات کچی لیدییەکانیان دەدا بەو شارە دەوڵەتانە، لەو ڕێگەیەوە لە ڕووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی داگیرگەکانیان دەکرد و زۆر جار پادشاکانی شانشینی لیدیا لەو شارە دەوڵەتە یۆنانیانە هاوسەرگیریان دەکرد، بۆنموونە دایکی کریسۆس کە دەکاتە خێزانی پادشا ئالیاتس ژنێکی کاریی بوو، بەهەمان شێوە دایکی گیگس ژنێکی فریجی بوو[٢].

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P.16.
[2] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 58.



CamScanner

## لایەنی ئابووریی:

خاکی لیدیا لەڕووی سەرچاوەی سروشتی جۆراو جۆرەوە ناوچەیەکی بەپیت بوو، بە تایبەتی هەرێمەکانی (تمۆلۆس-Tmolos) و (میسۆجیز-Messogis) لە ناوەڕاستی شانشینی لیدیادا، بە داری بەرهەمدار بەناوبانگ بوو، بێجگە لەوەی لە زەوییە بەرزەکاندا ڕێژەیەکی زۆر درەختی زەیتوون و ئەو دارانەی بۆ دروستکردنی کەل و پەلی ڕۆژانە بەکاردەهارت، وەک سنەوبەر، دار ئورز و داری بەڕوو بوونی هەبوو، بە تایبەتی لە بەشی باکوری تمۆلۆس، لەلایەکی دیکەوە ناوچەی گرکانەکان خاکێکی بە پیتی هەبوو برێکی زۆر بەرهەمی ترێ هەبوو، لەو ناوچەیەدا ڕێژەیەکی زۆر شەرابی لێ بەرهەمدەهێندرا، هەروەها بوونی دەشتێکی بەپیت بەدرێژایی ڕوباری هێرموس و کایستەر، کە بۆ کشتوکاڵ کردن زۆر گونجاو بوو سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوی بوو لە شانشینی لیدیادا، بەڵام زەوی ناوچە بەرزەکان کەمتر بەپیت بوون، بە زۆری بۆ ئاژەڵداری لەوەڕگای مەڕو بزن سودی لێ دەبینرا، لەگەڵ ئەوەدا ناوچە سنورییەکان لەگەڵ خاکی فریجیادا لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سنوری شانشینی لیدیا بەهەمان شێوە ناوچەی بۆ کشتوکاڵکردن بەکارنەدەهات و دانیشتوانەکەی نیمچە کۆچەری بوون و ئاژەڵدارییان وەک پیشە هەڵبژاردبوو[١].

بوونی سەرچاوەی جیاوازی ئاو بە تایبەتیش ڕوبار و خاکی بەپیت وایکردبوو کشتوکاڵ بەرەو پێشچوونی بەرچاو بەخۆوە ببینێت لە خاکی شانشینی لیدیادا، بەپێی بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان ئەوان بەرهەمی وەک، زەیتون، نۆک و بەرهەمی ترێیان چاندووە، ئاژەڵی مەڕ، و بزن، ئەسپ، گوێدرێژ و بەرازیان بەخێوکردووە، هەروەک لە ناوچە شاخاوییەکانی شانشینی لیدیادا کەرەستەی سروشتی وەک تەختە، مەڕمەڕ، بەردەقسڵ و بەردی گرانبەها بەڕێژەیەکی زۆر بوونی هەبوو، ئەمە وایکردبوو لە زۆربەی هەرێمەکانی شانشینەکەدا نشینگەی جیاواز بوونی هەبێت، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە هەندێک کات گۆڕانکاریی کەش و هەوا و ڕوودانی لافاو بومەلەرزە دەبووە هۆی چۆڵکردنی هەندێک ناوچە، کەش و هەوای شانشینی لیدیا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بوو، بەهۆی ئەو سنورە فراوانە خاکی شانشینی لیدیا هەبوو، بە تایبەتی لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لە ڕۆژئاوای ڕوباری هالیس، دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە سنوری خاکی شانشینی لیدیا بەڕێژەیەکی زۆر فراوان بوو، ئەمە وایکربوو هەموو ناوچەکان یەک کەشوهەوایان نەبێت، وەک پێشتر وتراوە کەنارەکانی دەریای ئیجە لەژێر کاریگەریی کەش و هەوای دەریای ناوەڕاستدا بوون، زستانێکی مام ناوەند و شێداری هەبوو، هاوینێکی گەرم و شکی هەبوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی لیدیا بەردەوام کەش و هەوایەکی

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 9.

کیشوەری هەبوو، وەرزی زستانی سارد بوو وەرزی هاوینی بارانی کەم بوو ئەمەش کاریگەریی لەسەر جۆراوجۆری چالاکی ئابووری و فرە جۆری سەرچاوەی بژێوی هەبووە[١].

هەربۆیە وەک لە سەرچاوەیەکدا هاتووە سەرەڕای جیاوازی کەش و هەوا و تۆبۆگافیای خاکی وڵاتەکەدا، بەڵام لە بەشێکی گرنگی خاکی لیدیا کشتوکاڵ پەرەسەندێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی بوو، بە تایبەتی لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی پێدەشتەکانی ڕوباری هێرموسدا، بڕی پێوویست بەرهەمی کشتوکاڵی ساڵانە بەرهەم دەهێندرا[٢].

بەشێک لە دانیشتوانی شانشینەکە بە کاری ڕاوکردن و ڕاوە ماسییەوە خەریک بوون، بە زۆری ئەوە لە ڕووباری گیجیان و هێرموسدا دەکرا، هەروەک بەڵگەی ئەدەبی و شوێنەوارییە بەدەستهاتوون سەبارەت بەڕاوکردنی بەراز و ئاژەڵی دیکەی کێوی، بۆنموونە شێر وێنەی ئەو ئاژەڵانە لەسەر دراوی لیدییەکان دەبینرێن. لەکاتی کنەوپشکنینەکانی شاری ساردس پاشماوەی ئاژەڵەکانی وەک ئەسپ، گوێدرێژ، تەنانەت حوشتر بەدەستهاتووە بەهەمان شێوە ئێسکی بزن، مەڕ، بەراز و ئاژەڵی دیکە دۆزراوەتەوە، لیدییەکان گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ئەسپ و لە بەخێوکردنی ئەسپدا شارەزای باشیان هەبوون، بەهەمان شێوە سەگیان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەخێودەکرد[٣].

بێجگە لەوەی لە ڕووبارەکانی سنوری شانشینەکەدا ڕاوی ماسی و هەندێک ئاژەڵی دیکە دەکرا، لەوڕوبارانەدا کەرەستەی سروشتی جۆراوا جۆر دەردەهێنرا، بە تایبەتی ڕووباری (پاکتۆلۆسPaktolos- )[٤]،

لەدوای لاوازبوون بەرەو پوکانەوە چونی دەسەڵاتی فریجی، زۆربەی ناوچەکانی ئەناتۆڵیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی شانشینی لیدیا، لیدییەکان لە ڕووی هێزی سەربازیی و ئابوورییەوە زۆر بەهێزبوون ئەمە بووە هۆی پەرەپێدانی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لەگەڵ هێز و دەوڵەتەکانی

[1] Christopher Roosevelt Christin Luke: Mysterious Shepherds and Hidden Treasures: The Culture of Looting in Lydia, Western Turkey. Journal of Field Archaeology, VOL. 31, 2006, pp. 185-198, P. 190.

[2] John Boardman F. B. A. And Others: Persia, Greece, Op. cit., P. 655.

[3] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 9.

[٤] پاکتۆلۆس: ڕوبارێک بوو لە نزیک کەناراوەکانی دەریایی ئیجە، سەرچاوەی ڕوبارەکە لە بەرزاییەکانی تمۆلۆسەوە هەڵدەقوڵا بەرەوو شاری ساردس، سەرچاوەیەکی گرنگ بوو لە شانشینی لیدیادا، بە تایبەتی لەڕووی کەرەستەی سروشتییەوە: بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Robert A. Mundell: Op. Cit., P. 19-21.

دەوروبەریان، بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی ڕێگە بازرگانییەکان کەوتنە ژێر هەژموونی ئەوان[1]، هەربۆیە لەکاری بازرگانیدا زۆر لێهاتووبوون، بازرگانییان لەگەڵ زۆربەی ناوچەکاندا ئەنجامدەدا، هیرۆدۆت ئاماژە بەوە دەکات یەکەمین کەس کاری بازرگانی ئەنجامدا لیدییەکان بوون[2].

ئاڵوێری بازرگانی یەکێکی دیکە بوو لەسەرچاوە ئابوورییە دەوڵەمەندەکانی شانشینی لیدیا، لەم کارەدا پێگەی ستراتیژی جوگرافیای شانشینەکە یارمەتیدەرێکی زۆر گرنگبوو، لەوکاتەی بەشێکی دیاری ڕێگە بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەژێر دەسەڵاتی تێپەڕ دەبوو و سنوری خاکی شانشینەکە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوا بوو[3].

ڕێگەی بازرگانی ناوداری شاهانە بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا دەڕۆشت، ئەو ڕێگە بازرگانییە بەناو زیاتر لە (٢٠) دەوڵەتدا تێپەڕدەبوو، هەروەها چەندین شوێنی مانەوەی لە خۆدەگرت، وەک کاروانسەرا، مەیخانە و دوکان هەتاکو دەگەیشتە خاکی فریجیا و سنوری شانشینی لیدیا، لەلایەکی دیکەوە ڕوباری هالیس لە خاکی لیدیا بە دەوازەی ڕێگە بازرگانییەکە دادەنرا، کە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو لەڕوی سەرچاوەی سروشتی و ئاڵوێری بازرگانی[4].

ڕێگە بازرگانییەکانی ئەناتۆڵیا سەرچاوەکی گرنگی بژێوی ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوون، دەسەڵاتدارانی شانشینی لیدیا کاتێک هاتنەسەر دەسەلات گرنگییەکی زۆریاندا بەو ڕێگە بازرگانیانە، سەربازی تایبەتیان دامەزراندبوو بۆ چاودێریکردن و پاراستنی ڕێگە بازرگانییەکان. لەسەردەمی لیدییەکان زۆربەی ئەو ڕێگەیانەی بەکاریاندەهێنا ڕیگەی کۆن بوون و مێژوویەکی دێرینیان هەبوو هەندێکیان دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی حیتتیی، لە دواتردا لیدییەکان سودی زۆریان لەم ڕێگەبازرگانییانە وەرگرت بە مەبەستی بازرگانی و کۆکردنەوەی باج و سەرانە[5].

فەرمانڕەوا لیدییەکان بەهەمان شێوە لەگەڵ شارە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی یۆناندا، ئاڵویۆڕی بازرگانییان ئەنجامدەدا، ڕێگە بازرگانییەکان لە ناوەڕاست و باشوری ئەناتۆڵیا بەرەو کەناراوەکانی دەریا ئیجە پاڵنەرێکی گرنگی چالاکی بازرگانی بوون لە شارە دەوڵەتەکانی دەریای ئیجەدا، وەک ڕێگەی بازرگانی نێوان شاری ساردس و هەرێمی مانیسیا، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی نیوەی

---

[1] Arthur Cotterll: The Ancient Near East a Cultural History, C. Hurst, London, 2017, P. 164.
[2] Curtius E.: The History of Greece VOL.1, Richard Bently Son, London, 1868, P. 7.
[3] Susan Wrigley: The Lydion revealing connectivity across the Mediterranean Sea sixth century B.C., University of Sydney, 2011, P. 85.
[4] Herbert Reinhold Jcobson: Op. Cit., P.76.
[5] Ergun Laflı: Op. Cit., P. 216.



CamScanner

زیاتری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا کەوتەژێر دەسەڵاتی شانشینی لیدیا و ئیدی خاکی شانشینی لیدیا بوو بە ناوەندێکی گرنگی ئابووریی لە ڕۆژهەڵاتی دەریایی ناوەڕاست، بەشێکی زۆری ڕێگە بازرگانییەکانی گەیشتن بە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان و ڕێگە بازرگانییەکانی دەشتەکانی ئەناتۆڵیا بە درێژایی ڕوباری هێرموس و مێن دروس لە ژێر دەسەڵاتی شانشینی لیدییەکاندا بوو، ڕێژەیەکی زۆری هاوردەکردنی پێداویستییەکانی یۆنان لە شانشینی لیدیاوە هەناردە دەکران[١].

لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا هەرێمی ئیفیسوس ناوەندی هاتووچۆکردن و بازرگانی بوو، لە سەر کەناری دەریای ئیجە، لە نزیک گەروی ڕوباری کایستەردا، کە بە گرنگترین بەندەری جیهانی کۆن دادەنرێت، لیدییەکان توانییان ئەم ناوچەیە داگیربکەن و لەڕووی ئابوورییەوە سودێکی زۆریان لێوەرگرت[٢].

بیجگە لەو ڕێگە بازرگانییانە، بازرگانانی شانشینی لیدیا ئاڵوێری بازرگانییان لەگەڵ ناوچەکانی دیکە ئەنجامدەدا بۆ نموونە، لە ڕێگەی بازرگان و بەکرێگیراوەکانیانەوە پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵ شام و میسردا هەبوو، کاڵا و پێداویستی جیاوازیان ئاڵوێر دەکرد[٣].

فرە جۆری کاڵا و شمەکە هاوردەکراوەکان لەڕێگەی بازرگانی دەرەکییەوە وەک پێشتر باس کرا، بووە هۆی داهێنانی دیکە، بۆنموونە دامەزراندنی دوکان و بازاڕ هەمیشەی، پێوویستی نەدەکرد وەک جاران کڕیار بە دوای پێداویستییەکانیدا زۆر بگەڕێت، بازاڕی لیدی بازاڕێکی گەورە بوو، بەڵام دوکانەکانی بچوک بوو، هەر بازرگانێک بەرهەمەکانی خۆی دەبردە دوکانەکان و دەیفرۆشت، پەیدابوونی سیستمی دوکانداری لە شانشینی لیدیادا لە کۆتایی سەدەی (٧پ.ز.)دا، پێشکەوتنی بەرچاوەی بەخۆوەبینی، لە دواتردا یۆنانییەکان لە لیدییەکانە فێری دروستکردنی دوکانی هەمیشەی بوون، بازاڕی یۆنانییەکان (ئاگۆرا-Agora)ی پێدەوترا، ئەمە لاکاتێکدا بوو بازاڕی لیدییەکان گرنگی و ناوبانگێکی زۆری هەبوو بۆ لیدییەکان تەنانەت هیرۆدۆت بە لیدییەکانی وتووە نەتەوەی (کاپیلۆی-Kapeloi) بە واتای بازرگانەکان یان فرۆشیارەکان دێت[٤].

لە دواتردا خزمەتگوزاری جۆراو جۆر زۆر بە خێرایی گەیشتە دوکانەکان. لە دوکانەکاندا کاری جۆراوجۆر ئەجامدەدرا، یەکێک لە کارانە کاری لەشفرۆشی بوو پێشکەشی بازرگانەکان دەکرا، یەکەمین بازاڕەکان کاری لە شفرۆشی تێدا ئەنجامدەدرا، لە شاری ساردس بوو، بەشی زۆری ئەو

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 7-8.
[2] Ergn Laflı: Op. Cit., P. 216.
[3] M Negmeldina, S. El-Hewailyb and A. Elnaggarc: The Cultural Beginnings of the Lydo-Greek Interactions, Journal of Faculty of Archaeology – VOL.23, 2020 Cairo, pp. 1-22 P P. 8
[4] Jack Weatherford: Op. Cit., P. 32.



CamScanner

ئافرەتانەی لەوێ کاریان دەکرد، کەسانێک بوون هێشتا هاوسەرگیریان نەکردبوو، دەیانویست پارە کۆبکەنەوە، هەتاوەکو هاوسەرگیری بکەن[١].

هەروەک شاری ساردس ناوەندێکی گرنگی پیشەی جۆراوجۆر بوو بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتی شانشینی لیدیا و بگرە لە دواتریشدا، لەسە دەی (٧ پ.ز.)دا نزیکەی بیست بۆ پەنجا هەزار لە دانیشتوان لە شارەکە دەژیان، لەشارەکە جووتیاری دەوڵەمەند، هەژار، بازرگان، پیشەساز و خەڵکانی چینەکانی خوارەوە دەژیان، هەروەک ناوەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانی کەل وپەلی ڕستن و چنین بوو، جیا لە کاری سیرامیک و کەرەستەی گران بەهای وەک خشڵ و ئاڵتون و کاری ڕازاندنەوەیان بە بەردی گرانبەها ئەنجامدەدا[٢].

وەک ئاشکرایە گەورەترین و گرنگترین داهێنانی شانشینی لیدیا لە مێژوودا بریتی بوو وەک پێشتر باسکرا لە داهێنانی دراوی زێڕ، بۆ یەکەمین جار لەسەردەمی ئالیاتسی پادشای شانشینی لیدیا لەساڵانی (٦٣٠ پ.ز.)دا لیدییەکان دراوی زێڕیان لە تێکەڵەی زێڕ و زیوو دروستکرد، ئەم دراوە پێی دەوترا (ئەلیکترۆم-Electrum) دراوی لیدییەکان وێنەی جۆراوجۆری لەسەر نەخشێندرابوو[٣]، هەندێک لە دراوەکان لە دیووی پێشەوەی وێنەی شێرێک هەبوو، لە بەشی پشتەوەشی وێنەی مانگا هەبوو، بەپێی سەرچاوەکان شێرەکە هێمای تایبەت بوو بە شانیشینی لیدیا و مانگاکە ئاماژەی دیکە بوو بە فریجییەکانی دراوسێی لیدییەکان، چونکە کۆتا پادشای فریجییەکان بەهۆی خواردنەوەی خوێنی مانگاوە گیانی لەدەستداوە. دوای ئەوە لیدییەکان وێنەوی کەڵەگایان وەک هێمایەکی تایبەت بەکاریناوە و ڕێزیان لێگرتووە[٤].

بەشێک لە دراوەکانی دیکە وێنەی خوداوەندی تایبەتی لیدییەکان یان وێنەی پادشاکانی شانشینی لیدیا، یاخود هەندێک کات هێمای تایبەت بەو شارەی لەسەر دەنەخشێنرا، کە دراوەکەی لێدروستدەکرا. بەشێکی دیکە لە نەخشی سەر دراوەکانی شانشینی لیدیا دەوڵەمەندی و هەمەجۆری سەرچاوەکانی ئابووریی شانشینی لیدییەکانی دەردەخست، بە تایبەتی وێنەی ڕووەک یان ئاژەڵی لەسەر دەنەخشێنرا، دواتر ئەم دراوە گەیشتە ناوچەکانی دیکە وەک یۆنان، کاتێک دراو

---

1 Ibid. P. 32-33.

2 Susan Wrigley: Op. Cit., P. 66.

٣ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

4 Benjamin Geva: from commodity to Currency in Ancient History on Commerce Tyranny and the modern Law of Money, Osgoode Hall Law Journal, VOL 25, Number 1, 1987, pp. 116-158, P. 130.



CamScanner

لە لیدیاوە گەیشتە یۆنان و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە شۆڕشی بازرگانی لە یۆناندا و بووە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی شارستانییەتی یۆنان لە سەدەی (٧و٦ پ.ز.)دا[١].

لەکاتی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی شانشینی لیدیا لە شاری ساردس، شوێنەوارناسان هەندێک شوێنیان دۆزییەوە، کە ئەگەری زۆرە شوێنی دروستکردنی دراو و شوێنی پاڵفتەکردنی زێڕ و کارخانەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی دراوبێت[٢].

بەرهەمهێنانی دراوی زێڕ داهێنانێکی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و پشکەوتنێکی خێرا بوو لە پەیوەندیی ئابووریدا، بە تایبەتی لە (هەزارەی یەکەمی پ.ز.)دا، سەرەتا کاریگەریی ئەم داهێنانە لە ئەناتۆڵیادا دەرکەوت، دواتر لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی دێریندا کارگەرییەکەی دەبیندرا، بێجگە لە بواری ئابووریی ئەم دۆزینەوەیە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بواری سەربازیی و پەیوەندیی سیاسیدا لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا[٣]. هەرچەندە لە پێش شانشینی لیدیادا ئاشورییەکان لەسەردەمی پادشا( سەنحاریب٧٠٥-٦٨١ پ.ز.)دا هەوڵیاندا بە هەمان شێوە، بە تواندنەوەی کانزایی برۆنز جۆرێک دراو دروستبکەن، بەڵام ئەو هەوڵەی دانیشتوانی نێوان دووڕووبار وەک خۆی مایەیەوە و پەرەی پێنەدرا، پێش سەدەی (٧پ.ز.) هەندێک بەرهەمی بەنرخ هاوشێوەی دراو یان هەندێک کەرەستە لە بازاڕ و ناوەند ئابوورییەکانی شارستانییەتی میسۆپۆتامیا، چین، میسر و هەندێک لە ناوەندە شارستانییەتەکانی جیهانی دێرین بەکارهێنراوە، بەڵام بە تەواوەتی ئەوەی دراوی زێڕی بەرهەمهێنا یەکەمجار لەلایەن شانشینی لیدیاوە بوو[٤].

ئەوەی وایکرد لیدییەکان ببنە داهێنەری دراوی زێڕ، ڕووباری پاکتۆلۆس بوو کە پێشتر باسکرا، ئەم ڕووبارە لەخاکی شانشینی لیدیادا، سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ بەرهەمهێنانی زێڕ، بۆ کشتوکاڵیش سودیان لێ دەبینی لەنزیک شاری ساردس بڕێکی زۆر زێر دەردەهێندرا، بەپێی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان دەوڵەمەندی ئەو ڕووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشا میداس، کە پادشای دەوڵەتی فریجی بوو، تاکو ئەوڕادەیەی ئەمە لە ئەفسانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بە نموونە میداسی پادشا لە ئەفسانەی لیدییەکاندا دەستی لە هەرشتێک داوە بووە بە زێڕ، ئەو زێڕە

[١] زاندو كلاونز: المسكوكات الإغريقية القديمة، ترجمة جيلان حسين رشيدى، مجلة المسكوكات، العدد ١٢,١٣ ، بغداد، ١٩٨١، ص١٦٧.

[2] Alain Bresson : The Origin of Lydian and Greek Coinage Cost and Quantity, The University of Chicago Press, Conference of Ancient History, Fudan University, Shanghai, 17-21.08.2005, PP.149-165 P. 153.

[3] Robert Mundell: Op. Cit., P. 8.

[4] Stephen Bertman: Handbook to Life in Ancient Mesopotamia, University of Windsor, New York, 2013, P. 256.

مەبەست و داخوازی پادشا میداس بووە، کاتێک دەستی بەر خواردنەکەی کەوتووە هەمووی بووە بە زێڕ، هێندەی نەماوە لە برسا بمرێت، بەڵام بە خێرایی لە ڕووباری پاکتۆلۆس خۆی شۆردووە و لەمردن ڕزگاری بووە. لەو کاتەوە لە ڕووبارەکەدا زێڕ بوونی هەبوو، کاتێک لیدییەکان بوونە دەسەڵاتداری ناوچەکە و دەستیان بەسەر ڕوبارەکەدا گرت، دانیشتوانی شانشینی لیدیا لەو ڕوبارانەدا کاری پاڵفتەکردنی ئاڵتونیان ئەنجامدەدا و سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوی و دەوڵەمەندیی دانیشتوانی لیدییەکان بوو[1]. سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەم ڕوبارەدا دەوڵەمەن بوو بە کانی زێڕ، دانیشتوانی شانشینی لیدیا سودێکی زۆریان لە زێڕی ئەو ڕوبارە وەرگرت، هەروەها خاکی شانشینی لیدیا لە ڕووی بازرگانییەوە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ بوو، هەربۆیە بازرگانی پێوویستی بەوە بوو لە قۆناغی گۆڕینەوەی شمەک بە شمەکەوە بچێتە قۆناغی مامەڵەکردن بە دراوەوە، کە ئەمە کارئاسانییەکی گەورە و خێرای کرد بۆ ئاڵوگۆڕ و کۆکردنەوەی دراوا[2].

لەدەوربەری (٦٠٠ پ.ز.)دا دراوی زێڕ، کە لەلایەن شانشێنی لیدیاوە بەرهەمهێندرا، زۆربەی ناوچەکانی دراوسێیی لە ئاڵووێری بازرگانیدا بەکاریانهێنا، دراوی زێڕ بووە هۆی ئاسانکاریی بۆ بازرگانەکان و بەرەوپێشبردنی مامەڵەی بازرگانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو[3].

وەک ئاشکرایە ئاڵوووێری بازرگانی بەر لە داهێنانە لەسەر بنەمای ئاڵووێری شمەک بە شمەک بوو بەبێ بوونی دراوێکی دیاریکراو بە تایبەتی لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز.دا، کارێکی ئاسان نەبوو، هەتاکو سەدەی (٧ پ.ز.)، لەوکاتەی پادشایانی شانشینی لیدی بیریان لە بەکارهێنانی ڕێگەیەک کردەوە و دروایان داهێنا بۆ ئەوەی بە کەمترین و ئاسانترین تێچوو بتوانن کەلوپەلەکانیان ئاڵووێربکەن، چونکە گواستنەوەی کاڵاکان کات و تێچوی زۆری پێویست بوو، لەهەمانکاتدا سودی کەمیشی هەبوو[4].

سەرەتا کاتێک لیدییەکان دراوی زێڕیان داهێنا، هێشتا ئەو شارە دەوڵەتانەی شانشینی لیدییەکان لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا دەستیان بەسەرداگرتبوو، ئاشنای ئەو جۆرە دراوە نەبوون، لیدییەکان لە پێشتردا لەڕێگەی هێزی سەربازیی و داگیرکاریی و تاڵانکاریی ئەو ناوچانەوە بڕێکی زۆر سەروەت و سامانیان کۆکردبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی لیدییەکان بوونە خاوەنی دراوی زێڕ، بازرگانانی لیدی کاڵا و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیان وەک، دانەوێڵە، ڕۆن، شەراب، بیرە، چەرم، گڵێنە، خوری، کەل و پەلی بەنرخیان وەک بۆن، خشڵ و کەل و پەلی جوانکاریی، ئامرازی

[1] R.S.P. Beekes: Op. Cit., P. 133.
[2] Arthur Cotterll: Op. Cit., P. 164
[3] Alain Bresson: Op. Cit., P. 153.
[4] Stephen Bertman: Op. Cit., P. 256.

مۆسیقی، سیرامیک، پێداویستی لە برۆنز دروستکرا و، کوتاڵ، مەڕ و عاجیان بە دراوی زێڕ ئاڵوویر دەکرد[١].

بەکارهێنانی دراوی زێڕ لەلایەن لیدییەکان، وەک شۆڕشێکی گشتگیر تەماشا دەکرێت لە بواری بازرگانیدا، زۆر بە خێرایی لە بەشێکی زۆری شارستانییەت و ناوەند فەرهەنگییەکاندا برەوی پەیدا کرد، دراوی زێڕ جێگەی سیستمی سونەتی ئاڵوگۆڕکردنی شمەک بە شمەکی گرتەوە و سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لە دوای بەرهەمهێنانی دراوی زێڕ لیدییەکان یەکەمین کەس بوون جۆریکی سەرەتایی لە سیستمی بانکیان دامەزراند، بۆ ئەم مەبەستە سودیان لە دراوی زێڕ وەردەگرت، لەهەندێک لە ناوەندە بازرگانییەکاندا بنکەی تایبەتیان هەبوو، کاتێک بازرگانانی لیدی ئالوویری بازرگانیان ئەنجامدەدا، لەڕێگەی ئەو ناوەندانەوە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان دەکرد[٢].

داهێنانی دراو شۆڕشێک بوو بووە هۆی گۆڕانکارییەکی فرە ڕەهەند و فراوان لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیادا و ناوچەکە بە گشتی، ژنان یەکێک بوون لەو چینەی کۆمەڵگە کە بەژداری چالاکی بازرگانیان دەکرد و دووکانی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەمە بووە هۆی ئازادبوونی ژنان لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان، چونکە خاوەی سامان و دارایی تایبەت بە خۆیان بوون[٣].

وتراوە کە ناوبانگ و دەوڵەمەندی دانیشتوانی شانشینی لیدیا بەهۆی داهێنانی دراوی زێڕەوە بوو، کاتێک لیدییەکان بوونە خاوەنی درای زێڕ، لەژیانێکی خۆشگوزەرانانەدا دەژیان و جل و بەرگ و پێداویستی گرانبەهایان دەپۆشی، کە بە گەوهەر چندرابوو[٤].

خۆشگوزەرانی ژیانی لیدییەکان، لە جیهاندا دەنگی دابووەوە، هەندێک کەل وپەلی تایبەتیان بەکاردەهێنا وەک بەکارهێنانی بۆن، لیدییەکان لە بەکارهێنانی بۆنی خۆشدا بەناوبانگ بوون، یەکێک لەو بۆنانەی خۆیان بەرهەمیاندەهێنا ناوی(بەککاریس -Bakkaris)[٥] بوو، ئەم بۆنە لە دار دروستیان دەکرد هەر بەناوی دارەکەوە ناونراوە، دارێکی بۆن خۆش بوو لەهەمانکاتدا وەک دەرمان بەکاریاندەهێنا، جۆرێکی دیکەی بۆنی لیدییەکان بریتی بوو لە (میرتل-Myrtle) لە داری مۆرد یان ڕەیحانە بەرهەمیاندەهێنا، هەروەها لیدییەکان ڕەگی هەندێک داریان دەهاڕی و بۆنیان

[1] ack Weatherford: Op. Cit., P. 31

[2] I. E. S. edwards F.B.A. and Late C. J. Gadd F.B.A.: History of The Middle East and The Aegean Region, 3th edition, VOL. II, Part 2, Cambridge University Press, New York, 2008, P. 468

[3] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 68.

[4] Annick Pyan: Op. Cit., P. 9.

[٥] بۆنی بەککاریس: لە ئێستادا یەکێکە لە بەناوبانگترین بۆنەکان و لەزۆربەی وڵاتان خواستیکی زۆری لەسەرە.

لێدروستدەکرد، ئەم بۆنانە دەکرایە گۆزەی بچوکەوە، لە هەندێک لە گۆڕەکاندا ئەم جۆرە گۆزانەی تایبەت بە هەڵگرتنی بۆن دۆزاوەتەوە وەک گۆڕی پادشای شانشینی لیدییەکان ئالیاتس، لە گۆڕستانی بین تەپە[١].

ئاکامێکی دیکەی داهێنان و بەکارهێنانی دراوی زێڕ لە شانشنی لیدیادا برەوسەندنی کۆمەڵێک یاریی بوو، کە توێژەران لەو بڕوایەدان، جۆرێکی سەرەتایی بوو لە قومار کردن، لەو یاریەدا زاریان بەکاردەهێنا یارییەکی خۆبەختانە بووە، بەزۆری لە بازاڕ و دوکانەکاندا ئەنجامدەدرا، یارییەکی دیکە (لایەنس لیدیا –Lions Lydia) یان شێرەکانی لیدیا بوو، کە یاریەکی ئابوورییە و یاریەکی بەناوبانگە، ئەم یارییە کاریگەریی لەسەر سەرکردەکان هەیە، شێوازی یاریەکە بە جۆرێک بوو بازرگانەکانی دەنارد بۆ دەروازەی شارێک بۆ مامەڵەی بازرگانی و بەدەستهێنانی زەوی، کاتێک بازرگانانی شانشینی لیدیا دەگەیشتن، دراوی ئاڵتونیان پێ بوو بە دراوی شێر ناسراو بوو، هێزی کڕینی بێ ڕکابەریان هەبوو، ئەوکاتە بازرگانانی شانشینی لیدیا، بەهۆی دراوی شێرەوە، سەرکەوتن بەدەستدەهێنا[٢].

هیرۆدۆت ئاماژە بەوەدەکات " **لیدییەکان خاوەن دابونەریتی هاوشێوەی یۆنانییەکانن، جیاوازیان تەنها لەوەدا کاری لەشفرۆشیان بە کچەکانیان دەکرد، لیدییەکان لە کاری بازرگانی و کۆکردنەوەی پارەی زێڕ و زیو لێهاتوو بوون، ئەوان دەڵێن یارییە یۆنانییەکان سەرەتا هیی ئەوان بوون و دۆزینەوە و بیر و ئەندێشەی خۆیان بەکارهێنا"**[٣].

کرۆیسوس کۆتا پادشای شانشینی لیدیا، یەکێک بوو لەو پادشایانەی، کە دەوڵەمەندییەکەی دەنگی دابووە وە و خاوەنی سەروەت و سامانێکی بێسنور بوو، زۆربەی کاتەکانی بە حەز و ئارەزووە کەسییەکانییەوە بەسەردەبرد، خولیایەکی زۆری هەبوو بۆ کۆکردنەوەی زێڕ و پارە، کاتێک هاتەسەر دەسەڵات لە ساڵی (٥٦٠ پ.ز.)دا ،ئەم پادشایە توانی سیستمێکی نوێ دراو دروستبکات، هەرچەندە پێشتر دراو لە تێکەڵکردنی زێڕ و زیوو دروستدەکرا، بەڵام کرۆیسوس شێوازێکی نوێی دروستکردنی دراوی پەیڕەوکرد، لە سەردەمی کرۆیسوسدا دراو لە ڕووی شێوازی دروستکردن و نەخشی سەر دراوەکان گۆڕانکاریی بەسەرداهات و تەنها لە زێڕ دروستدەکرا بەبێ ئەوەی هیچ مادەیەکی دیکەی تیکەڵبکرێت، ئەمە بەهای دراوەکەی بەرزکردبووەوە لەکاتی کڕین و فرۆشتنی شمەکەکاندا. دراوەکانی سەردەمی پادشا کرۆیسوس

---

[1] Annick Pyan: Op. Cit., P. 6-9
[2] Jonny Pac, Darri T. Jones: Lions Lidya, Bellwether Publisher, London, 2020, P. 6
[3] Herodotus: Op. Cit., book. I. 94.

بەزۆری وێنەی ئاژەڵی شێری لەسەر هەڵدەکۆڵدرا، چەندین دراوی زێڕ لەم جۆرە لەکاتی کنەوپشکنینی شاری ساردس دۆزراوەتە، کە مێژووەکەی بۆسەردەمی ئەم پادشایە دەگەڕێتەوە[١].

سامان و دارایی ئەم پادشایە، هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خۆی، بەڵکو کاتێک کرۆیسوس هاتە سەر دەسەڵات، پادشاکانی پێش خۆی گرنگی زۆریاندابوو بە دەوڵەمەندی شانشینەکە لە ڕووی ئابووریی و پێشخستنی پیشەسازیی و کۆکردنەوەی هەندێک کەرەستەی گرانبەها لە جیهانی دێریندا[٢].

لەکاتی گەڕان و پشکنین لە پاشماوەی شوێنەوارییەکانی شانشینی لیدیادا شوێنەوارناسان گەنجینەیەکیان دۆزییەوە وەک گەنجینەی لیدییەکان یاخود هەندێک کات بە گەنجینەی کرۆیسوس یان گەنجینەی ڕۆژهەڵاتی یۆنان ناودەبرێت، لە گەنجینەکەدا زیاتر لە سێسەد و شەست کەرەستەی گرانبەهای لەخۆدەگرت، بەشی زۆری کەرەستەکان بریتی بوو لە ئاڵتون، زیو، گۆزە، بابەتی جوانکاریی، جووت پەیکەری لە مەڕمەڕ دروستکراو، نەخش و نیگاری جۆراو جۆر، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٦پ.ز.)، ئەو ناوچەیەی گەنجینەکەی تیایدا دۆزراوەتەوە تەپۆلکەیەکە، کە گۆڕستانی تایبەت بە پادشاکانی شانشینی لیدیایە، لە هەرێمی مانیسا و ئوشاک لە تورکیای ئەمڕۆ[٣].

---

[1] Crawford H. Greenewalt.: Op. Cit., P. 264.
[2] Jack Weatherford: Op. Cit., P. 30
[3] Christopher H. Roosevelt*:* Iron Age Western Anatolia: The Lydian Empire and Dynastic Lycia, Blackwell Publishing, Boston, 2012, P. 17.

## باسی دووەم: لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە شانشینی لیدیادا:

## چینەکانی کۆمەڵگە لە شانشینی لیدیادا:

کۆمەڵگەی لیدی لەسەرەتای سەدەی (٨ و ٧ پ.ز.)دا لەسەر بنەمای هۆزایەتی دابەشبوو بوو، هەر هۆزێک سەرۆک هۆزێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. دەسەڵات لەناو هۆزەکاندا بە شێوەی هەڕامی بوو لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو، ئەندامانی هۆزەکان پابەند بوون بە داب و نەریتی هۆزایەتی خۆیانەوە و لە چوارچێوەی هۆزەکەیاندا دەمانەوە[١].

کاتێک لە سەدەی (٦ پ.ز.)دا گۆڕانکاریی کۆمەڵاتی، ئابووریی و سیاسی گەورە لە دەوروبەری ئەناتۆڵیا، یۆنان و دەریای ناوەڕاست هاتەکایەوە، بۆ نموونە لەڕوی سیاسییەوە لە یۆنان و ناوچەکانی دیکە دەسەڵاتداری زۆردار سەریهەڵدا و، ئەریستۆکراتەکان بوونە خاوەنی دەسەڵات لە زۆربەی شار و هەرێمە جیاوازەکاندا، هەرچی لایەنی کۆمەڵاتی و ئابوورییە لەلایەن چینی ئەریستۆکراتەکانەوە قۆرخکرابوو، ئەم گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا، کۆمەڵگەی شانشینی لیدیاشی گرتەوە[٢].

دوای ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵگەی لیدی هەنگاوینا بەرەو کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی، لەسەروی هەموویانەوە کەسانی ئەریستۆکراتەکان و دەوڵەمەند بوون، کە زۆربەیان سەر بە خێزانە شاهەنەکان و خانەدانەکان بوون، ئەم چینە خاوەنی بەشی زۆری زەوی و زارەکانی شانشینی لیدیا بوون، لە زەوییەکانیاندا کشتوکاڵیان بە چینەکەدی خوارەوە وەک هەژار و جوتیارەکان ئەنجامدەدا، بەشی زۆری خانەدانەکان سەرقاڵی بەخێوکردنی ئەسپەکانیان بوون، خێزانەکانی پادشایانی شانشینی لیدی و ئەریستۆکراتەکان دەستیانگرتبوو بەسەر کاروباری ئابووریی و بازرگانیدا، دادگاکانیش لەژێر دەسەڵاتی چینی دەوڵەمەندە ئەریستۆکراتەکاندا بوو، تەنها منداڵەکانی ئەم چینە مافیان هەبوو بخوێنن، چینەکانی دیکە بێ بەش بوون لە خوێندەواری. ئەم چینە خاوەن کۆیلەی تایبەت بە خۆیان بوون کۆیلەکانیان دەنارد بۆ ئیشکردن و پارە پەیداکردن[٣].

---

[1] Hanfmann, George and Mierse, William: Sardis from Prehistoric to Roman Times:
Results of the Archaeological Exploration of Sardis 1958-1975, Harvard University Press, London, 1983, PP. 176-179.

[2] Alexander, Leigh: Op. Cit., P. 46.

[3] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 13-14.



CamScanner

خێزانەکانی چینە باڵاکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیادا، زۆربەی ئەم خێزانانە لە یەک شوێندا نیشتەجێبوو بوون، تێکەڵاوی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە نەدەبوون، تەنانەت مردووەکانیان لە نزیک خۆیان دەناشت، ژنان لە چوارچێوەی چینە خانەدانەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو، تەنانەت ژنانی خانەدانەکان لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتدا دەردەکەتن و بەشێکیان خاوەن پیشەی تایبەت بەخۆیان بوون، وەک دوکان و کاری بازرگانی[١].

ئەفسەرانی سوپا یەکێک بوون لەو چینانەی ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو، لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیدا، سەرکردە سەربازییەکان زۆر دەوڵەمەند بوو، جل و بەرگی تایبەت و گرانبەهایان دەپۆشی، خاوەنی گەنجینەی تایبەت بەخۆیان بوو، پادشایانی شانشینی لیدیا گرنگییەکی زۆریان بە سوپا دەدا لە شانشینی لیدیدا و سوپای پێگەیەکی دیاری لەلایەن دەسەڵاتدارانی شانشینەکە هەبوو[٢].

لە دوای چینەکانی سەرەوە چینەکانی دیکەی لەکۆمەڵگەی لیدی وەک پیاوانی ئاینی، بازرگانەکان، وەستاکان و دەستڕەنگینەکان، پیشەگەرەکان پاشان بەندە و کۆیلەکان دەهات، زۆربەی ئەرکە قورسەکان لە سەر شانی چینەکانی خوارەوە بە تایبەتی کۆیلەکان بوون، کۆیلەکان بەشێکیان دیلەکانی جەنگ یان ئەوانە بوون زۆر هەژار بوون بەناچار دەبوو ببن بە کۆیلە بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان پەیدابکەن، تێبینی دەکرێت جیاوازی هەبوو لە نێوان کۆیلەکان، هەندێک لە کۆیلەکان دەیانتوانی لە کۆیلایەتی ڕزگاریان بێت کاتێک بیتوانیایە پارەی بدایە بە خاوەنەکەی[٣].

پادشایانی شانشینی لیدیا کاتەکانیان بە خۆشی و گاڵتەو و گەپەوە بەسەردەبرد، چیان بوویستایە بۆ خۆشی خۆیان دریخیان نەدەکرد، یەکێک لەو کارانەی پادشاکانی شانشینی لیدیا ئەنجامیان دەدا بریتی بووە لە خەساندنی مرۆڤ، ئەم کارەیان هەر بۆ حەزی تایبەتی خۆیان دەکرد و خۆشیان لێدەبینی، ئەو کەسانەی دەیان خەساند زۆربەیان دیلەکانی جەنگ و کۆیلەکان بوو، چونکە کاتێک کەسێک دەبوو بە کۆیلە لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیادا هیچ مافێکی نەبوو، خاوەنەکەی بەرپرس بوو بەرامبەری وەک کاڵایەک دەیتوانی کۆیلەکەی بفرۆشێت یان هەر هەڵسوکەوتێکی بەرامبەر بکات بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک[٤].

---

[1] Alexander, Leigh: Op. Cit., P. 48.
[2] Hanfmann, George and Mierse, William: Op. Cit., P. 179.
[3] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 127.
[4] Lydia Matthews: Xanthus of Lydia and The Invention of Female eunuchs, Journal of The Classical Quarterly, VOL. 65, 2015, pp. 489-499, P. 495.

## سیما فەرهەنگییەکانی شانشینی لیدیا:

یەکێک لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی شانشینی لیدیا ئەوەیە، هەرچەندە لە زۆر بواردا بە تایبەتی لایەنی زمان، هونەر، ئاین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی...هتد، جیاواز بوون لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە و خاوەنی داب و نەریت و فەرهەنگی تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام بەهۆی نزیکی لە شارستانییەتی یۆنانی، کە بە دایکی شارستانییەتەکانی ڕۆژئاوا و ئەناتۆڵیا دادەنریت، هەربۆیە لەزۆر بواری فەرهەنگیدا هەژموون و باڵادەستی شارستانییەتی یۆنانی بەسەر شارستانییەتی لیدییەوە بە ئاشکرا دەبینرێت، تەنانەت هەندێک لە توێژەران وەک یەک شارستانییەت ئاماژەیان پێدەکەن، بەڵام بەهۆی نزیکی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی شانشینی لیدیا لەگەڵ شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات، بۆتە هۆی ئەوەی لە هەندێک لایەنی فەرهەنگیدا شارستانییەتی شانشینی لیدیا تایبەتمەندی و شوناسی خۆی هەبێت.

سەبارەت بە لایەنی فەرهەنگی شانشینی لیدیا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کۆچی لیدییەکان لە سەدەی (١٢ پ.ز.)دا، و ئاشنا بوون بە ناسنامەی نەتەوەییان، کاتێک لیدییەکان هاتنە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا ئەم نەتەوەیە کۆمەڵێک هۆزی کۆچەری بوون و لە خاکی یۆنانەوە کۆچیانکرد بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا و لە ڕووی فەرهەنگییەوە وەک یۆنانی ئاماژەیان بۆ کراوە، لە چوارچێوەی داب و نەریتی هۆزایەتی و فەرهەنگی خۆیان، هاوشێوەی ئەو هۆز و تیرانە بوون کە، لە خاکی یۆنانەوە کۆچیان کردبوو بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا، بەڵام کاتێک هاتنە ناوچەکانی ئەناتۆڵیا و نیشتەجێبوون، وردە وردە گۆڕانکاریی بەرچاو لە بواری شارستانییەتی ئەو گەلە کۆنانەدا ڕوویدا لیدییەکان یەکێک بوون لەو نەتەوانە، هەریەکە لە هەڵکەتەوی جوگرافیای خاکی شانشینی لیدیا و هەڵمەت و فراوانخوازییەوە دەرەکییەکان و پەیوەندییە بازرگانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە دروستبوونی گۆڕانکارییەکاندا، کاتێک شانشینی لیدیا شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی داگیرکرد، دووبارە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیا لە ڕووی فەرهەنگییەوە کەوتە ژێر کاریگەریی لایەنە جیاوازەکانی یۆنانییەکان. بەنموونە، بیروباوەری ئاینی و هونەری زمانەوانی ...هتد، ئەو شارە دەوڵەتانە ڕۆڵێکی گرنگیان دەبینی لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یۆنانی لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، لەبەرئەوە کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر فەرهەنگی شانشینی لیدیا هەبوو، بەهۆی ئەوەی لەمێژووی دێریندا کەم نەتەوە هەبوو هێندەی لیدییەکان بەریەککەوتن و تێکەڵاوی شارستانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت[١].

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 7.

کاتێک شانشینی لیدیا ئەوە شارانەی داگیرکرد، لیدییەکان ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند و دەستڕەنگین، سەرباز، بازرگانی یۆنانییان لەو شارانەوە برد بۆ شاری ساردسی پایتەختی لیدیا کرد، ئەو کەسانە ڕۆڵی سەرەکیان دەبینی لە ڕەواجپێدانی هونەری یۆنانی لە ئەناتۆڵیادا بەگشتی و شانشینی لیدیا بە تایبەتی، ئەمە وایکرد لەڕووی فەرهەنگییەوە لیدییەکان زیاتر بەکرداریی فەرهەنگی یۆنانی لە نێویاندا ڕەنگبداتەوە وەک لە ناوچەکانی دیکە، هەربۆیە بەشی زۆری توخمە ژیارییەکانی فەرهەنگی شانشینی لیدیا هەمان توخمی شارستانییەتی یۆنانی بوون[1].

لەگەڵ ئەوەدا فەرهەنگی شانشینی لیدیا بەریەککەوتنی زۆر و بەردەوامی لەگەڵ شارستانییەتی یۆنانیدا هەبوو، بەڵام ناتوانرێت بە تەواوەتی بە فەرهەنگێکی یۆنانی دابنرێت، بەڵکو خاوەنی هەندێک سیمای جیایە لە فەرهەنگی یۆنانی، زیاتر ئاوێتە بوون و وەرگرتنی ڕەگەزە جیاوازەکانی شارستانێتی لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ کراون، بەڵام کاریگەریی شارستانی یۆنانی دیارترە لەسەر شارستانی شانشینی لیدیا وەک بە پێچەوانەوە[2].

## لایەنی زمان و نووسین لە شانشینی لیدیادا:

کاتێک بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩١٧ز)دا توانرا زمانی حیتتی بخوێندرێتەوەو وەک زمانی هیندۆئەوروپی ناسێندرا و ئەوە ئاشکراکرا لە سنوری ئەناتۆڵیای دێرین وەک ناوچەیەکی مێژوویی گرنگی چەندین زمانی جیاواز بەکارهێندراوە، شارەزایانی بواری زمانە کۆنەکان دوو زمانی سەرەکییان لە ئەرشیفی زمانەوانی حیتییەکان دەستنیشان کرد، کە زمانی لووی و زمانی لیدی بوو، وەک لقێک لە زمانە هیندۆئەوروپییەکانی ئەناتۆڵیای دێرین، کە لە (هەزارەی یەکەمی پ.ز.) بەکارهێنراون لەلایەن دانیشتوانی ئەناتۆڵیاوە، ئەمەش بەڵگەی بەهێزە لەبارەی بوونی کرداری بۆ دەسەڵات و نفوزی شانشینی لیدیا لە ئەناتۆازیادا[3].

بە گشتی کۆمەڵەی زمانە هیندۆئەورپیەکانی ئەناتۆڵیا، لە ڕوی زمانەوانییەوە دابەشدەبوون بۆ دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەیەکیان ئەوانە بوون بە خەتی مێخی دەیان نوسی، لە (هەزارەی دووەمی پ.ز.) وەک حیتتییەکان، پالێک و لووییەکان، هەروەها لووییەکان خەتی هیرۆگلفیشیان بەکاردەهێنا، هەتاوەکو چاخی ئاسن، کۆمەڵەی دووەم لە (هەزارەی یەکەمی پ.ز.)، ئەلف بێی یۆنانییان بەکاردەهێنا وەک لیکییەکان، لیدییەکان، کارییەکان، پیسیدیەکان و سادیتیکییەکان، هەروەها

[1] Noel Robertson: Hittite Ritual at Sardis, Classical Antiquity, University of California Press, 1982, VOL.I, 1982, PP. 122-140, P.130.

[2]. Annick, Pyane: Op. Cit., P. 17.

[3] Antonio Sagona and Paul Zimansky: Op. Cit., P. 246.



CamScanner

فریجییەکان هەرچەندە زمانیان جیاواز بوو، بەڵام زمانیان نزیک بوو لە زمانی یۆنانی و سەر بەهەمان لقی زمانی یۆنانی بوو[1].

کاریگەری زمانی یۆنانی لەسەر زۆربەی زمانەکانی ئەناتۆڵیا دەبینرێت، هیرۆدۆت ئاماژە بەوەدەکات، زمانی یۆنانی کاریگەریی گرنگی هەبوو لەسەر زۆربەی زمانەکانی ئەناتۆڵیا، لەکاتێکدا زمانی یۆنانی بە چەند دیالکتێک قسەی پێدەکرا و بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم دیالێکتانە لە چوار ناوچەی جوگرافی جیاواز قسەی پێدەکرا، ئەوانیش ناوچەی یەکەم ئەو هەرێمانەی سەر بە کاریا بوون وەک میلیتوس، میوس، پرینی، ناوچەی دووەم ئەو شارانە بوون کە سەر بە شانشینی لیدیا بووەن وەک ئیفیسوس، کۆلۆفۆن، لیبیدۆس، تیۆس، گلازۆمینی، فیۆکیا بوون، سێیەم ناوچە بریتی بوو لە (چیۆس-Chios) و (ئریساری-Erythrae)، چوارەم ناوچە (سامۆس-Samos) بوو، لە ڕاستیدا ئەم چوار دیالێکتە بە دیالێکتەکانی لیدی، کاری و کۆمەڵەی دورگەکانی باکور ناودەبرێن، دواتر هەریەکەیان بوون بە زمانێکی سەربەخۆ. ئەمە لەکاتێکدا بوو بەشی زۆری دانیشتوانی شارە دەوڵەتەکانی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و ڕۆژهەڵاتی یۆنان لەماوەی (هەزارەی دووەمی پ.ز.)دا بە دوو زمان قسەیان دەکرد، کە زمانی یۆنانی و زمانی لۆکاڵی خۆیان بوو.[2] سەرەتا کاتێک لیدییەکان لە سەدەی (١٢پ.ز.)دا کۆچیانکردووە بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا دیار نییە بە چی زمانێک قسەیانکردووە، بەڵام لەو کاتەدا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا زمانی لووی زمانێکی باو بوو، کە ئەم زمانەش لقێک بوو لە زمانی هیندۆ ئەوروپی و نزیک بوو لە زمانی حیتتیی[3].

بەپێی بەڵگە زمانەوانییەکان دوای ئەوەی لیدییەکان هاتوونەتە ناوچەکە، پێدەچێت سەرەتا زمانی لووی یان بەکارهێنابێت، کە زمانێکی باو بوو لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، چونکە کاتێک لیدییەکان هاتنەناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، یەکەمجار لە هەرێمەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوون، لەوکاتەدا ئەو ناوچەیە سەر بە دەسەڵاتی لووییەکان بوو، زمانی لووی لەو ناوچانەدا زمانێکی باو بوو[4].

---

[1] Sharon R. Steadman and Gregory Mcmahon: Op. Cit., P. 52.

[2] Anna Kramarova: The Jewellery of The Lydian Treasure, Univeristy of Magisterska diplomova Prace Vedouci Prace, Mgr.Vera Klontza, 2014.P. 135.

[3] Christopher H. Roosevelt: Iron Age, Op.Cit., P. 899

[4] Anna Krcmarova: Op. Cit., P. 14



CamScanner

دواتر لە سەرەتای (هەزارەی یەکەمی پ.ز.)دا لیدییەکان بوونە خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆیان، زمانی لیدییەکان لقێک بوو لە زمانی هیندۆ ئەوروپی لە ئەناتۆڵیادا، کە گەورەترین لقیان بریتی یە لەزمانی حیتتیەکان، کە زیاتر لە بیست و پێنج هەزار تۆماری نووسرا بە زمانی حیتتی دۆزراوەتەوە، کە بە خەتی مێخی نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٧٠٠-١٢٠٠پ.ز.).[١] بەڵگەی ئەوەی زمانی لیدیەکان، زمانێکی هیندۆ ئەوروپیە و سەر بە لقی ئەناتۆڵیای دێرینە، لە ئەلف و بێی لیدییەکاندا دەردەکەێت، کە لەکاتی کنەوپشکنی شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان دۆزراوەتەوە[٢].

سیستمی زمانی لیدی بریتی بوو لە ئەڵف و بێ، بە پێچەوانەی هەندێک زمانی دیکەی ئەناتۆڵیاوە وەک زمانی لووی، کە هێما بوو، ئەلف و بێی زمانی لیدی لە زمانی یۆنانییەوە داتاشراو بوو، لەسەر دیواری بەرد و دراو دەقی نووسراو بەزمانی لیدی دۆزراوەتەوە، لە کۆتایی سەدەی (٧پ.ز.)دا و سەرەتای سەدەی (٦پ.ز.)دا زمانێکی باو بوو، بەڵام زمانی لیدی ڕوبەڕوی دوو کێشەی سەرەکی بۆتەوە، لەلایەک هێشتا بەتەواوەتی نەتوانراوە زۆر لایەنی نهێنی زمانی لیدی ئاشکرابکرێت، چونکە زۆربەی تۆمارەکان شکاون یان ناتەواون، هەروەها زۆر بەکەمی لەزمانەکانی دیکەدا ئاماژە بەشێوازی زمانی لیدی کراوە یان بەکارهێنراوە[٣].

تەنها چەند وشەیەکی کەمی زمانی لیدییەکان لە زمانەکانی دیکە بەدەستهاتووە، یەکێک لەو زاراوەکانی زمانی لیدی بریتییە لە (Carpet –Tapete- مافور) زانایانی بواری زمانەوانی پێیان وایە، ئەم وشەیە لە زمانی لیدییەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو بەشی زۆری زمانەکانی دیکە.[٤]

لەگەڵ ئەوەدا هەندێک زاراوەی زمانی لیدی پەڕیوەتە ناو زمانی یۆنانییەوە، وەک وشەکانی (مەڵهەم-unguent-βάκκαρις), (پیاوی ئاینی-priest– καύης) و (پادشا– King-πάλμυς) ئەویش بە هۆی پەیوەندی بازرگانی و کلتوری لەنێوان لیدیا و ڕۆژهەڵاتی یۆنان[٥].

---

[1] Antonio Sagona and Paul Zimansky: Op. Cit., P. 246.

[٢] د. إيمان لفته حسين: م. س، ص٨.

[3] Roger D. Woodard: The Ancient languages of Asia Minor, Cambridge University Press, New York, 2008, P. 57.

[4] Guzel Sanatlar Fakultesi Dergisi: Op. Cit., P. 230.

[5] Rostislav Oreshko: Anatolian Linguistic Influences in Early Greek (1500-800 Bc) Critical Observations Against Socilinguistic and areal Background, University of Warsaw, Warsaw, 2018, P. 21



CamScanner

## بیر و باوەڕی ئاینی لە شانشینی لیدیادا:

توێژەرەوان لە بڕوایەدان پێش ئەوەی دانیشتوانی شانشینی لیدیا لە سەدەی (١٢پ.ز.)دا کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا ئاینی لیدییەکان بریتی بوو بێت لە بت پەرستی، بەڵام کاتێک کۆچیانکردە بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا ئەو خوداوەندانە یان پەرستووە، کە لە بنەڕەتدا خوداوەندی ئەناتۆڵیا یاخود یۆنانی بوون[1].

سەرەکیترین خوداوەندەکان، کە لەلایەن دانیشتوانی شانشینی لیدیا دەپەرسترا خودای دایک بوو، ئەم خوداوەندە لە زۆربەی شارە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و شارە دەوڵەتەکانی کەناراوەکانی دەریا ئیجە و شارەکانی نزیک دەریایی ناوەڕاست دەپەرستران، خوادی دایک لای لیدییەکان ناوی (سایبل- Cyblele)بوو.[2] لیدییەکان جگە لە خودای دایک هەریەکە لە خوداکانی وەک ئارتیمس و (لیتۆ-Leto) ئەو خوداوەندانە بوون بەردەوام لیدییەکان پەرستوویانن، بەهەمان شێوە (ئەپۆلۆ-Apollo)، کە خوداوەندێکی یۆنانی و ڕۆمانی بوو لە زۆربەی ناوچەکانی شانشینی لیدیادا پەرستراوە، کە بە خودای خۆر، میوزیک و شیعر.. هتد ناسرابوو.[3] لە ناوچەکانی شانشینی لیدیادا پەرستگەی خوداوەندی دایک، کە خودای سروشت بوو بوونی هەبوو، پەرستگەکە لە هەرێمی فریجیای کۆن بوو، بێجگە لەوەی ئەم خوداوەندە لە هەریەکە لە پەرستگەکانی وەک سمیرنا و پاشان لە پەرستگەی ئارتیمس لە ئیفیسوس دەپەرستراوە و بەپیرۆز سەیرکراوە[4].

دەتوانرێت بووترێت لە ڕووی ئاینییەوە دانیشتوانی شانشینی لیدیا لە ژێر کاریگەریی ئاینی یۆنانییەکاندا بوون و خوداوەندەکانی یۆنانیان دەپەرست، پادشایانی شانشینی لیدیا بە تایبەتی گیگس، ئالیاتس و کریسۆس بە بەردەوامی دیاری وەک زێڕ، زیو، قاپ و جامی نەخشێنراوی تایبەت بەخۆیانیان دەنارد بۆ پەرستگە یۆنانییەکان بە تایبەتی پەرستگەی ئەپۆلۆ لە دێلفی، لەوێ ئەو کەسانەی ئیشی فاڵچیەتیان دەکرد تەمەنی ئەو پادشایانەیان دیاری دەکرد لەگەڵ پاڕانەوە بۆ ئەوەی لەسەر تەختی پادشایەتی دووچاریی هیچ بەڵایەک نەبن[5].

---

[1] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 92.
[2] Ibid. P.12.
[3] Ibid. P. 12-13.
[4] Georges Perrot: Op. Cit., P. 240.
[5] Anna Krcmarova: Op. Cit., P. 20.



CamScanner

لەکاتی کنەوپشکنینی پاشماوە شوێنەوارییەکانی شانشینی لیدیادا، شوێنەوارناسان توانیان گرنگترین پاشماوەی ئاینی شانشینی لیدیا بدۆزنەوە، کە گۆڕستانی شاهانەی لیدییەکان بوو، لە بین تەپە لە نزیک شاری ساردس، بە پشتبەستن بە شێوازی گۆڕەکان و ئەو پاشماوانەی لە گۆڕستانەکەدا بەدەستهاتن، توێژەران زانیاریی گرنگییان دەستکەوت سەبارەت بە لایەنی ئاینی و پەرستشی دانیشتوانی شانشینی لیدیا[١].

لە گۆڕستانی شاهانەی شانشینی لیدیادا، ژمارەیەکی زۆر تەپۆڵکە دۆزراوەتەوە، بەگشتی دروستکردنی تەپۆڵکەکان، بۆ دوو مەبەست بوو یان بە مەبەستی سەربازیی یاخود بۆ مەبەستی ئاینی، بە تایبەتی ناشتنی مردووەکان بوو، بەگشتی ئەو تەپۆڵکانەی لە گۆڕستانەکاندا دۆزرانەوە زیاتر بۆ مەبەستی ئاینی بوو، کاتێک کەسێک دەمرد تەپۆڵکەیەکیان بۆ دروستدەکرد، کە لەناو تەپۆڵکەکاندا گۆڕی مردوو بوونی هەبوو، کە زۆربەی گۆڕەکان بە بەرد درستکرابوو[٢].

کۆنترین شێوازیی گۆڕی لیدییەکان دۆزرابێتەوە بریتی بوو لە چاڵێکی قوڵ یان گۆڕی لەبەرد دروستکراو، ئەم شێوەیە لە مردووناشتن. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی برۆنز(٣٣٠٠-١٢٠٠پ.ز.)، کە مردووەکانیان تێدا ناشتووە، شێوازی گۆڕەکان لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا لەو کاتەدا هەمان شێواز بوون، لە ناو گۆڕەکاندا لیدییەکان تابووتیان بۆ مردوەکانیان دروستکردوە، بە تایبەتی کەسێک دەوڵەمەند بوایە تابووتەکەی لە بەرد یان قور دروستدەکرا، لە نێو هەندێک لە گۆڕەکاندا تابووتی تەختە دۆزراوەتەوە، گۆڕی لیدییەکان ژووی هەبوو، کە هەر ژورە دەروازەیەکی هەبوو، لەگەڵ ڕێڕەوێکی بچوک پێی دەوترا (درۆموس-Dromos) لەو ڕێرەوەوە دەچوویتە ناو ژوورەکان، لە گۆڕستانە گەورەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ساردس هەزارو سەدو پەنجا ژووری لەبەرد دروستکرا دۆزراوەتەوە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧ و ٦ پ.ز.)[٣].

لیدییەکان گۆڕەکانیان بە شێوازێکی ئەندازەیی تایبەت بە خۆیان دروستدەکرد، گۆڕەکانیان بریتی بوو لە ژووری لەبەرد دروستکراو و تەپۆڵکەی بچوک، تابووتەکانیان لە بەردی تایبەتی گرانبەها دروستکردبوو[٤].

[1] Sharon R. Steadman and Gregory Mcmahon: Op. Cit., P .110.
[2] Annick, Pyane: The Lydian Empire, Op. Cit. P. 32.
[3] Anna Krcmarova: Op. Cit., P. 20.
[4] Sharon R. Steadman and Gregory Mcmahon: Op. Cit., P. 117.



CamScanner

دیارترین گۆڕەکان گۆڕی ئالیاتسی پادشای شانشینی لیدیا بوو، کە دەکەوێتە نزیک ڕوباری گیجیان لە تەپۆڵکەیەکدا بەرزی تەپۆڵکەکە (٤٦,٦١)مەترە و تیرەکەی (٣٥٥,٠٥)مەترە درێژی بازنەی تەپۆڵکەکە (١١١٥,٣٢)مەترە، بە یەکێک لە پاشماوە شوێنەوارییە زۆر گرنگەکانی شانشینی لیدییەکان دادەنرێت، بەپێی کنەو پشکنینە شوێنەوارییەکان لەناو تەپۆڵکەکە ڕێڕەوێک هەیە، کە لە ڕێڕەوەکەوە دەچێتە ژورێکی گەورە گۆڕێک لەخۆدەگرێت لە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوە. شوێنەوارناسان پێیانوایە، کە دەبێت ئامرازی پێشکەوتوو بەکارهێنرابێت بۆ بەرزکردنەوەوە گواستنەوەی ئەو پارچە مەڕمەڕە گەورانەی، کە لەناوچە دوورەکانەوە هێنراون، هەنوکە گۆڕی ئالیاتس تالانکراوە، تەنها چەند پاشماوەیەکی کەمی لێبەجێماوە، بەڵام بەهۆی شێوازی گۆڕەکان و ئەو کەل و پەلانەی لە گۆڕاکاندا دۆزرانەوە، شوێنەوارناسان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بیرو باوەڕی ئاینیی دانیشتوانی شانشینی لیدیا یەک بیرو باوەڕ نەبووە، بەڵکو بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوو[١].

لە کاتی کنەوپشکنینی شاری ساردس چەند ئەنگوستیلە و گوارەیەک[٢]، دۆزرانەوە، گوارەکان لە گوێی چەند ژنێکی لیدیان نەخێشی جۆراوخۆریان لەسەرە، کە بە کەرەستەی عاج ڕازێندراونەتەوە و موری زێڕی پێوەکراوە، کاریگەریی لایەنی ئاینی لەسەر دەبینرێت، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی ئاینی کاریگەریی گرنگی لەسەر دانیشتوانی شانشینی لیدیا هەبووە[٣].

لەلایەکی دیکەوە پەرستگەی ئارتمیس، کەوتۆتە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری پاکتۆلۆس، لە نزیک شاری ساردس، ناوچەیەکی بەرزە لە ئێستادا، کە بۆ نزیکەی دووسەد مەتر لەسەر ئاستی ڕوبارەکە بەرزە، لە ئێستادا کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەکەدا زەحمەتە، بەڵام چەند ستونێکی پەرستگەکە ماوە، ستونەکان پەنجەرە و دەرچەی تایبەتیان هەیە، ئەو بەردەی لە دروستکردنی ستونەکاندا بەکارهێندراوە، بەردی چوارگۆشەیە نەک بازنەیی، لەلایەکی دیکەوە شوێنەوارناسان پاشماوەی چەند شوێنێکیان دۆزیەوەتە لە نزیک پەرستگەکە، کە پێدەچێت بازاڕی لیدییەکان بێت،

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 26.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥)

[3] C. Densmore Curtis: Sardis, publications o the American society for the excavation of Sardis, Vol. XIII, Part 1, 1910-1914, Via fontanella Di Borghese, Roma, 1925, P. 35.



CamScanner

لەلایەن پەرستگەکەوە سەرپەرشتی کراوە نیشانەی ئەوەیە پەرستگەکەوە سەرچاوەی دارایی تایبەت بە خۆی هەبووە[1].

## لایەنی گڵینە و کەل و پەلی پێداویستی ناوماڵ و ڕازاندنەوەیان لە شانشینی لیدیادا:

توێژەرەوان سەبارەت بە هونەری نەخش و نیگار و گڵێنەی شانشینی لیدیا پشتیان بەو پاشماوە شوێنەواریانە بەستووە، کە لەکاتی کنەوپشکنینی شوێنەوارەکانی شاری ساردیس و ناوچەکانی دیکەی ئەناتۆڵیا دۆزراونەتەوە، وەک لە خاکی کاریا شارە دەوڵەتەکانی ئایۆنیا، ئایۆلیا، میسیا، دەوڵەتی فریجیا و هەرێمی کەپەدۆکیا و پیسیدیا، چونکە گڵێنە و نەخش و نیگار و بابەتی جوانکاریی شانشینی لیدیا لەو ناوچانە دۆزراوەتەوە[2].

کاتێک شێوازیی گۆزە و گڵینەی لیدی لە زۆر ناوچەی دەرەی شانشینی لیدیا دۆزراوەتەوە، پێدەچێت هاوردەی ئەو ناوچانە کرابێت و وەک کەل و پەل و کاڵای دیکەی بازرگانی مامەڵەتی کڕین و فرۆشتنی پێوەکرابێت، بە تایبەتی لە شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکانی ئەناتۆڵیادا، وەک سمیرنا، سامۆس، هەروەها لە شارە دەوڵەتەکانی یۆنان وەک ئەسینا، کرۆنیس و هەرێمی لاکۆنیا و لە دورگەی ئیبریا و باشوری (تۆکرا–Tocra) و دورگەکانی سیسیلیە و زۆر ناوچەی دیکە، بەرهەمی هونەری شانشینی لیدیا دۆزراوەتەوە[3].

شێوازێکی تایبەتی گۆزەی لیدی لەکاتی کنەوپشکنین لەلایەن تیمێکی شوێنەواری زانکۆی سیدنی لە دورگەکانی سیسیلیە دۆزرایەوە[4]، ئێستا لە مۆزەخانەی شاری سدینە، گۆزەکان لە قوڕ دروستکراوە و نەخشی جیاجیان لەسەرە، هەمان شێوازی ئەو گۆزانەیە لە شاری ساردس دۆزراونەتەوە، بەپێی بەڵگەنامەکانی تیمە شوێنەوارییەکە لە سەدەی (٧پ.ز.)دا ئەم گۆزانە لە ناتۆڵیاوە هاوەردە کراوە، بە تایبەتی لە شانشینی لیدیاوە، گۆزەکە بەرزییەکەی (٩،١٣)سم، تیرەکەی لە قەراخی خوارەوە (١١،٧)سم، چواردەوری گۆزەکە بە مەرمەڕی شەپۆلدار نەخشێندراوە بەشی ناوەڕاستی گۆزەکە بە ڕەنگی قاوەییەکی تۆخ کە لە پرتەقالیەوە نزیکە و بەشی سەرەوە و بنەکەی بە قاوەییەکی هێڵکاری نەخشێندراوە بە دەوری گۆزەکەدا، ئەو شێوازە لە نەخش و نیگار بریتی بوو لە ئیشی سیرامیکی هونەرمەندانی شانشینی لیدیا لە سەدەکانی

[1] Haward Crosby Butler: Srdis, publications o the American society for the excavation of Sardis, Vol.II, Part1, 1910-1914, Late E. J. Brill Ltd, Ledyn, 1922, P. 2-16

[2] Crawford H. Greenewal.: Lydian Vases from Western Asia Minor Journal of the California Studies in Classical Antiquity, Vol.1, 1968, pp. 139-154, P. 142.

[3] Susan Wrigley: Op. Cit., P. 10-11.

[4] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).



CS CamScanner

(٧،٦پ.ز.)دا، کە لەسەر قاپ، پەرداخ، مس و بەرد وێنەیان کێشا، ئەو قوڕەی لە گڵێنەسازییدا لە شاری ساردس بەکاردەهات لە ڕەنگی پرتەقاڵی سوربا و یان پەمەیی و قاوەی پێکهاتبوو[1].

جیا لەو بەرهەمانەی لەدەرەوە دۆزراونەتەوە، گڵێنە لە تۆمارە شوێنەوارییەکانی شاری ساردس بە شێوەیەکی زۆر تۆمارکراوە وەک لایەنێکی گرنگی کاری دەستی مرۆڤ و توخمێکی گرنگی ژیاریی، لە ئەناتۆڵیا و یۆنانییەکانی دەریای ئیجە بەکارهێنانی سیرامک بە شێوازە کۆنەکەی لە زۆربەی کاری گڵێنەسازیی هەزارەی یەکەمی پ.ز.دا باو بوو. ئەمە بەشێوەکی ڕوون و ئاشکرا لە گڵێنەسازیی ناوخۆی ناوچەکە لە کۆتای سەدەی (٧) و سەرەتای سەدەی (٦پ.ز.)دا ڕەنگیدا بووەوە، گڵێنەی لیدی شێوەی جیاواز بوو لەڕووی دروستکردن و قەبارە و نەخش و نیگار و ڕازاندنەوە، گرنگترین گڵێنەکانی شانشینی لیدیا بریتی بوو لە ( گۆزەی دەسکدار- table- amphora - فنجانی بچوکی ناو گەورە-column crater - گۆزەی شێوە جام crater -skyphos - مەنجەڵی یۆنانی- lebes - قاپی سەرداری شێوەی شەکردان-pyxis - کوپی یەک دەسک one-handled mug- - فنجانی قوڵی شەراب -skyphos - پەرداخی ئایۆنیIonian- Cup - دەوری لە ژێرەوە بنی هەبوو-stemmed dish - گۆزەی شێوەی سوراحی یەک دەسک ڕۆنی تێدەکرا -lekythos )بەشێوازی گشتی گۆزەکانی شانشینی لیدیا بنەکەی پانە پاشان باریک دەبێتەوە ناوەڕاستەکەی پانە وە بەشی سەرەوەی ملەکەی باریک و لێوارەکانی ئەستور، لیدییەکان گۆزەیەکی تایبەتیان هەیە پێ دەوترێت (لیدیۆن- lydion) ئەو گۆزەیە شێوەکەی وەک سوراحی وایە، لێوارەکەی وەک بازن خڕو گەورەیە و پاشان باریک دەبێتەوە و ناوەڕاستەکەی گەورەیە و بنەکەی زۆر باریکە، هەروەها (ring askos)[2] یان ئەسکوس گۆزەیەکی شێوە ئەلقەیی تایبەتی لیدییەکانە ئە شێویە لە گۆزە و هەریەکە لە گۆزەی بچوکی ناو گەورەو فنجانی قوڵی شەراب زۆر بەکاردەهێندرا لە شانشینی لیدیادا، کە ئەم دوو شیوازە لە گۆزەی کۆرنسی وەرگیرابوو[3].

گۆزەی لیدی بە شێوازێک بوو بەشی سەرەوەی بەرزترو باریکترە، شانەکانی کەم و خڕ بوو، بەشی خوارەوەی قۆقزی کەمە، بەشی ژێرەوەی بچوکە، بەگشتی گۆزەکان زۆر ئەستور نەبوون، لە هەردوو لاوە دەسکی هەبوو. لیدییەکان وێنەی جۆراو جۆریان لەسەر گۆزەکانیان دەنەخشاند، وەک وینەی دارو درەخت، ئاژەڵ... هتد[4].

---

1 Susan Wrigley: Op. Cit., P.100.

٢ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

3 Sharon R. Steadman: Op. Cit., P. 1122-1123.

4 Crawford H. Greenewalt: Lydian Vases, Op. Cit., P. 143.

مەنجەڵی لیدییەکان تەنها خواردنی تێدا ئامادە نەدەکرا، بەڵکو بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردەهات. بۆ نموونە مەنجەڵی گەورە بۆ هەڵگرتنی خۆراک و پاشەکەوتکردنی دانەوێڵە، هەروەها هەندێک کات ئاژەڵ لە مەنجەڵدا دەنێژرا، زۆرجاریش لە کارخانەکانی پاڵاوتەکردنی زێڕدا سودی زۆریان لێوەردەگرت[١].

گڵێنەی لیدییەکان فرە ڕەنگ بوو، بە تایبەتی قاپی لیدییەکان بریتی بوو لە کەمۆڵەیەک قاچێکی قوچەکی هەبوو، بەکاردەهات بۆ هەڵگرتنی بۆن و کرێمی تایبەت. کەمی هاوردەکردنی گڵێنەی دەرەکی نیشانەی ئەوە بوو، کە لیدییەکا خۆیان بەشێوەیەکی فراوان گڵێنەیان دروستدەکرد و لە بازاڕەکاندا دەیان فرۆشت، بەڵام هونەری نەخش و نیگار و گڵێنە لە شانشینی لیدیادا، بەردەوام یەک شێواز نەبوو، بەڵکو بە پێی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە. بۆ نموونە، کاریگەریی هونەریی یۆنانی لەسەدەی (٦پ.ز.)دا بە ڕوونی لەسەر هونەری گڵێنە لە شانشینی لیدیادا دەبینرێت، تەنانەت گەیشتنی هونەری یۆنانی بە ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی لیدییەکانەوە بوو[٢].

لەلایەکی دیکەوە جگە لە کاریگەریی گڵێنەی یۆنانی لەسەر گڵێنەسازیی لە شانشینی لیدیادا، کاریگەریی هونەری گڵێنەی میسری و ڕۆژهەڵات لەسەر گڵێنەی شانشینی لیدیا هەبوو، هەروەها کاریگەریی گڵێنەی لیدیای لەسەر ئەو ناوچانە هەبوو واتە کاریگەرییەکە دوو لایەن بوو، بەهۆی ئەو بازرگانەنەی ئاڵوێری بازرگانیان دەکرد لەگەڵ ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، بە تایبەتی پێداویستی ڕۆژانەی وەک قاپ، مەنجەڵ، گۆزە، فنجانی شەراب[٣].

ئەو شێوازەی لە ڕازاندنەوەی گڵێنەکاندا بەکاردەهات لە شانشینی لیدیادا لەسەر گۆزە و کەلوپەلەکانیان ڕەنگێکی تایبەت بوو بە (بیکرۆم– Bichrome) ناسراو بوو، ڕەنگی سوربوو دواتر ڕەنگی ڕەساسی لەگەڵی بەکاردەهێنرا، بەهەمانشێوە شێوازی ڕازاندنەوەی فریجییەکانیان لە گڵێنەسازیدا بەکاردەهێنا، کە بە (Phrygian bucchero) ناسرواوە، لەگەڵ شێوازێکی تایبەت کە بە یۆنانی ڕۆژهەڵاتی ناسراوە، لە هەمووی گرنگتر شێوازی تایبەتی لیدییەکان خۆیان بوو بە لیدیۆن ناسراوە، لەم شێوازەدا گۆزە ملی هەبوو، کە بە چینێکی مینا یان مەڕمەڕ ڕووپۆش دەکرا، لەگەڵ ئەوەدا لیدییەکان شێوازی یۆنانی و کۆرنسی و فریجیان لە کاری گڵێنەسازییدا بەکاردەهێنا، لەگەڵ ئەمەدا گڵێنەسازیی شانشینی لیدیا زۆر پێشکەوتوو بەناوبانگ بوو، تەنانەت لەسەردەمی ئەخمینییەکاندا هەمان گڵێنەسازی لیدییەکان بەردەوام بوو، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 200.
[2] Annick, Pyane: The Lydian Empire, Op. Cit., 12

[٣] صلاح رشيد الصالحي: م. س، ص٥٤١.

(٦پ.ز.)دا هەتاکو سەدەی (٥ پ.ز.)، دواتر شێوازی گڵێنەی ئەخمینی لە ڕۆژئاوای ئەناتۆلیادا، بە تایبەتی مەنجەڵ و قاپی ئەخمینی جێگەی گڵێنەی لیدی گرتەوە[١].

مەڕمەڕ یەکێک بوو لە مادانەی لیدییەکان لە دروستکردنی کەل و پەل و پێداویستی ڕۆژانە زۆر سودیان لێ وەردگرت، لە زۆربەی شارەکانی وەک ساردس، میداس، داسکیلۆن، گۆردیۆن کەمۆڵە و قەپ دۆزراوەتەوە، کە لە مەڕمەڕ دروستکراوە[٢].

بێجگە لە مەڕمەڕ لیدییەکان بەردیان لە دروستکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە، شوێنەوارناسان لەکاتی هەڵمەتی کنەوپشکنین لە شاری ساردیس جۆرێک مۆریان دۆزییەوە، تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەبوو، ئەم جۆرە مۆرە مۆرێکی تایبەت بوو بە لیدییەکان. مۆرەکە لە جۆررێک بەردی بەنرخ دروستکرا بوو، کە لە لیدیا بوونی هەبوو بە ناوی (جاسپێر-Jasper) دەمارێکی سورباوی تیایە، ئەم جۆرە مۆرە لە ڕۆژهەڵاتی شاری ساردس دۆزرایەوە، تیرەکەی دوانزە ملم و بەرزییەکەی یانزە ملم بوو، ئەم جۆرە مۆرە لە هەردولاکەیەوە کونی تێدابوو، کە لەناوەڕاستیدا بوو، واپێدەچێت بۆ هەڵگرتن و هەڵواسین بووبێت[٣].

## شێوازی جل و بەرگ لە شانشینی لیدیادا:

سەبارەت بە جل و بەرگی لیدییەکان لەسەر نەخشی گۆزە و گڵێنەی لیدییەکان چەندین پۆشاکی جیاواز دەبینرێت، لیدییەکان جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان دەپۆشی[٤]، بەڵام جل ڕەنگی مۆر لە زۆربەی جل و بەرگەکانیاندا دەبینرێت، بە تایبەتی ڕۆبێک، کە ڕەنگی مۆر بوو، لە زۆربەی نەخشەکاندا دەردەکەوێت، لێوارەکانیان شەپۆل شەپۆل بوو، جل و بەرگەکانیان بە خشڵ دەڕازاندەوە، جگەلەوەی ئەو پەیکەرانەی لە شاری ساردس دۆزراوەتەوە دەریدەخات، کە پیاوانی ئاینی جل و بەرگێکی تایبەتیان هەبووە. لەلایەکی دیکەوە هونەری یۆنانییەکان دەرخەری ئەوەیە کە لیدییەکان جل و بەرگی پان و پۆڕیان لەبەر دەکرد، پێڵاوی زستانەیان بە پوش و پەڵاش دە ئاخنی لەبەر سەرما، بە پێی ئەو پاشماوانەی وەک نەخشی سەر گۆزەکان و هەندێک لە پەیکەرەکان بەدەستهاتوون دەرکەوتووە، جل و بەرگی ئافەرەت لە شانشینی لیدیادا بەشێوازیکی

[1] Sharon R. Steadman: Op, Cit., P. 1123.
[2] Crawford H. Greenewalt, Jr.: Lydian Vases, Op. Cit., P. 142
[3] Elspeth R. M. Dusinberre: Administration, Interaction, and Identity in Lydia before the Persian Empire: A New Seal from Sardis, The American Schools of Oriental Research, VOL. 95, 2017, pp. 95-111 P. 102.

[٤] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨).



CamScanner

گشتی کورت و تەنک بوو، جلوبەرگی سەربازی ئەستور بوو بەجۆرێک بە ئاسانی تیروکەوان و ڕم نەیدەبڕی[1].

لەلایەکی دیکەوە پیاوانی لیدییەکان جل و بەرگی تایبەتی بەخۆیان هەبوو، ڕۆبێکی تەنکیان بەسەر جلەکانی ژێرەوەدا لەبەردەکر، هەتاکو سەر پێیان دەهات پێی دەوترا (بەسارا-Bassara)، دواتر ئەم جۆرە جل و بەرگە لەڕێگەی ئەو یۆنانیانەی کاری بازرگانیان پێدەکرا لەگەڵ ناوچەکانی دیکەوی ئەناتۆلیا و تەنانەت گەیشتە یۆنان. پێڵاوی لیدییەکان بریتی بوو لە پوتێکی چەرم، پێی دەوترا (Kothornoi)[2].

## بواری تەلارسازیی لە شانشینی لیدیادا:

سەرچاوایەک سەبارەت بواری تەلارسازیی لە شانشینی لیدیادا پێی وایە کە، بەشێوازێکی گشتی شوێنەوارناسان پشتیان بە پاشماوە شوێنەوارییەکانی شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدییەکان بەستووە، وەک کۆشکی پادشاکان، قەڵا و شوراکان، خانووە ئاساییەکان و گۆڕستانەکان ...هتد، شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان حەفتا و پێنج کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری ئیزمیری ئەمڕۆوە دوورە لە وڵاتی تورکیا، ئەم شارە لە کۆندا پێگەیەکی ستراتیژی هەبووە، لەسەر ڕێگەی سەرەکی گەیشتن بە دەریایی ئیجەدا بوو، شاری ساردس دەیڕوانی بەسەر دۆڵی بە پیتی هێرمووسدا، لە دەوروبەری (سێ هەزار ساڵ پ.ز)وە، خەڵکی لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووە، بەڵام لەسەردەمی شانشینی لیدیادا (٦٨٥-٥٤٦پ.ز.)دا، شارەکە بوو بە ناوەندێکی گرنگ و خەڵکێکی زۆری تیادا نیشتەجێ بوو. لە شاری ساردس قەڵایەک هەبوو بۆ پارێزگاری لەشارەکە لەلایەن بنەماڵەی هێراکلیدییەوە لە (٧٠٠پ.ز.) بوونیاتنرابوو، بێجگە لەو شورایە کە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە دۆزراوەتەوە، کۆشکی پادشایەتی و خانووی ئاسایی لە شارەکە دۆزراوەتە، بەرچاو ڕوونییەکی باشی داوە بە شوێنەوارناسان بە گشتی سەبارەت بە لایەنی تەلارسازی لە شانشینی لیدیادا[3].

شوێنەوارناسان ئاماژە بەوە دەکەن شورای شاری ساردس زۆر پتەو بووە، بەجۆرێک پانی شوراکە بیست مەتر بوو، درێژی بە دەوری شارەکەدا سەد و هەشت کیلۆمەتر بوو، چەندین خاڵی چاودێری لە بەرد دروستکراو لەسەر شورای شارەکە دروستکرابوو بۆمەبەستی پارێزگاری لە

---

[1] Annick, Pyane: Op.Cit., P. 16
[2] Annick, Pyane and Jorit Winties: Op. Cit., P. 81.
[3] Ibid. P.79.

دەروازە و بنکەی سەربازی بە چواردەوری شوراکە هەبوو، بە مەبەستی پارێزگاریکرد لە شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا[١].

یەکێکی دیکە لەو شارانەی شوێنەوارناسان کنەوپشکنینیان تێدا ئەنجامداوە شاری (داسکیلۆن-Daslyleion)بوو، کە شارێکی بەناوبانگ بوو لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، بە شارێکی فریجی ناسراوە، بەڵام ئەم شارە لە کۆتایی سەدەی (٧پ.ز.)دا و سەرەتای سەدەی (٦پ.ز.)دا لەلایەن شانشینی لیدیاوە داگیرکرا و ناوی شارەکە لە (داسکیلۆس-Dascylus) باوکی گیگسی پادشای لیدییەکانەوە وەرگیراوە. لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئاماژە بەوەدەکەن شێوازی هونەری نەخش و نیگار و تەلارسازیی شاری داسکیلۆن هەمان شێوازی تەلارسازیی شاری ساردسی پایتەختە[٢].

زانیاری پێوویست لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە شێوازی تەلارسازیی شارەکانی دیکەی شانشینی لیدیا، بەڵام وتراوە کە، چەند شارێکی دیکە دەکەن هاوشانی شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدییەکان، وەک شارەکانی (ماگنیسیا-Magnesia)، (سیاتیرا-Thyateira)و (فلادیلفیا-Philadelphia) لە دۆڵی هێرموس و (هیپایپا-Hypaipa)، بەداخەوە هەتاکو ئێستا بەشێک لەو شارانە نەدۆزراونەتە و کنەوپشکنین یان تێدا ئەنجام نەدراوە[٣].

لە سەرچاوەیەکدا هاتووە بە هۆی نادیاریی و نەدۆزینەوەی شارەکانی دیکەی شانشینی لیدیا، زۆرترین بەڵگەی تەلارسازیی لە کنەوپشکنینەکانی شاری ساردس بەدەستهاتووە، توێژەرەوان لەوبڕوایەدان تەلارسازیی شاری ساردس نزیکییەکی زۆری لە شێوازی تەلارسازیی شارە دەوڵەتەکانی یۆنانییەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی لە شانشینی لیدیادا ژمارەیەکی زۆر لە تەلارسازیی یۆنانی بوونی هەبوو لە شانشینی لیدیادا بە کاری تەلارسازییەوە سەرقاڵبوون، بەڵام تەلارسازیی شاری ساردس هەرچەندە نزیک بوو لە شێوازی تەلارسازیی شارە دەوڵەتەکانی یۆنان، بەڵام لەهەندێک ڕووەوە جیاوازی هەبوو بەنموونە، شێوازی دروستکردنی دیوار و پایە و سەربانی خانووەکانیان[٤].

لە شانشینی لیدیادا دانیشتوانی ئاسایی خاوەنی خانووی تایبەت بەخۆیان بوون، بە گشتی خانووەکان لە ژورێک یاخود دوو ژوور و هۆڵێک پێکدەهات و شوێنێکی تایبەتیان بۆ خواردن ئامادەکردن هەبوو. خانووەکانیان دیواریان بە دیواری دراوسێکانیانەوە بوو، بەگشتی سەربانی

[1] Sharon R. Steadman: Op. Cit., P. 118-119
[2] Gul R. Gurtekin-Demir: Lydian Painted Pottery at Daskyleion, Anatolian Studies, Journal of the British Institute at Ankara, VOL, 7, 2002, pp. 111-143, P. 123.
[3] Ibid. P.124.
[4] Annick, Pyane: Op. Cit., P. 23.



CS CamScanner

خانووه كانیان به قامیش و زەل دەگرت. هەرچەندە ئەو شێوازە له دواتردا گۆڕانكاریی بەسەردا هات و له هەموو شارەكاندا بەو شێوەیە نەبوو، لەسەرەتای سەدەی (٦پ.ز.)دا جۆرێك له كاشی كە بە شتایگەر ناسراوە، لە دروستكردنی سەربانی خانووه كانیان بەكاردەهات، هەروەها تەختەیان بۆ دروستكردنی خانووه كانیان بەكاردەهێنا، كە ئەو جۆرە تەختەیەی لە دروستكردنی خانووەكانیاندا بەكاریاندەهێنا لەناوچەی تمۆلۆس دەهێنران، بەڵام له قۆناغەكانی دواتردا بە هۆی گۆڕانكاریی كەش و هەواوە، ئەو جۆرە لە تەختە ڕووی لەكەمی كرد و كەرەستەی دیكەی وەك بەرد بۆ بونیاتنانی دیواری خانووەكان بەكاردەهێنران[١]. هەر خانویەك حەوشەیەكی تایبەت بەخۆی هەبوو، دیواری حەوشەكانیان به بەرد و خشتی لە قوڕ دروستكرا بەرز دەكردەوە، له بەشی پێشەوەی خانووەكانیان ناوچاوانی سەقفەكانیان دەڕازاندەوە، بە تایبەتی خانووی دەوڵەمەندەكان لەگەڵ بینا گەورەكاندا[٢].

بەگشتی تەلارسازیی لیدییەكان لە شاری ساردس بە تایبەتی لە سەدەی (٦پ.)دا، گۆڕانكاریی بەسەرداهات، دیواری خانووەكانیان بە بەرد و خشتی لە قوڕدروستكراو هەڵدەچنی، لەكاتی كنەوپشكنین بۆ كۆشكی پادشایەتی و ژورە تایبەتییەكەی ئالیاتس پادشای شانشینی لیدیا، هەمان شێوازی پاشماوەی خانووەكانی شارە دەوڵەتە یۆنانییەكانی ئەناتۆڵیایە بە تایبەتی شارە دەوڵەتی ئیفیسوس، بەڵام لەگەڵ خانووەكانی ناو شارە دەوڵەتەكانی ناوەندی یۆنان جیاوازبوو[٣]. لە سەردەمی پادشا كرۆیسوس تەلارسازیی لە شانشینی لیدیادا، زیاتر لە هونەری تەلارسازی یۆنانی نزیكتربوو، یەكێك لە دیاترین نموونەكان بریتی بوو لە بینای بەردینی ئەكرۆپۆلیس و گۆڕی پادشاكانی شانشینی لیدیا، كە زۆربەیان لە لایەن پەیكەرتاشانی یۆنانییەوە دروستكرابوو، هەروەها دەروازەی شارەكان، خانووەكان، هۆڵ و باڵكۆنەكان لەسەر هەمان شێوازی بیناسازی یۆنانی بوو[٤]. سروشتی جوگرافیای ئەناتۆڵیا بەجۆرێكە، یەكێك لە سیما دیارەكانی ڕوودانی بوومەلەرزە بوو، ئەم دیاردەیە ببووە هۆی ڕوخان و وێرانكردنی زۆربەی شارەكان و خانووەكان لە قۆناغە جیاوازەكان بۆ نموونە، زۆربەی دیواری خانووەكانی لیدیا درزی تیابوو، كاتێك خانوویان

---

[1] Annick, Pyane: Op. Cit., P.11.
[2] Sharon R. Steadman and Gregory Mcmahon: Op. Cit., P. 117.
[3] Philip Sapirstein: Archaeological Exploration of Sardis, University of Toronto, Toronto, 2012, P. 23.
[٤] صلاح رشيد الصالحي: م. س، ص٥٤١.

دروستدەکرد، هەوڵیاندەدا لەبەر مەترسی بوومەلەرزە بەشێوازێکی ئەندازەیی تۆکمە دروستیبکەن، هەربۆیە شانشینی لیدیا لەڕووی تەلارسازییەوە زۆر پێشکەوتووتر بوو لە زۆر شوێنی دیکە[١].

بە شێوازێکی گشتی ژیانی چین و توێژەکان لە شانشینی لیدیادا لەژێر کاریگەریی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکاندا بوو، بەڵام بەهۆی دەوڵەمەندی شانشینەکە و پاشان بەهۆی ئەوەی خاکی شانشینی لیدیا ناوچەیەک بوو کەوتبووە سەر ڕێگەی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەربۆیە چینەکانی کۆمەڵگەی شانشینی لیدیا دابەشبووبوون بۆ چەند چینێک لەسەر بنەمای سەروەت و دارایی، کە ئەم چینە زیاتر خێزانی پادشاکان و خانەدانەکان و بازرگانەکانی پێکدەهێنا، هەرچی چینەکانی خوارەوە بوو جوتیار و هەژار و کۆیلەکانی لەخۆ دەگرت، ئەم چینە بێ بەش بوون لە مافەکانیان و لەلایەن چینە باڵاکانەوە دەچەوسێندرانەوە. سەبارەت بە لایەنی فەرهەنگی لە شانشینی لیدیادا، کاریگەری فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و یۆنان لەسەر فەرهەنگی شانشینی لیدیا دەبینرێت، ئەمە تایبەتمەندییەکی دیاری بە فەرهەنگی شانشینەکە دابوو، بەجۆرێک لە هەندێک بواری فەرهەنگیدا شانشینی لیدیا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیە بینیبوو، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا بوونە داهێنەری دراو، کە ڕۆڵیکی گرنگی هەبوو لە ناوبانگ و باڵادەستی شانشینی لیدیا لە ناوچەکەدا.

[1] Muzaffer Demer: On The Possible Previous Links of The Dark Age Aiolian Colonists With Their Newly Colonised Territories,Mugla Universitesi, Sosyal Bilimler Enstitusu Degisi, Fakultiesi Tarih, Bolumu, 2003, P.10.



CamScanner

# بەشی سێیەم:

# پەیوەندییە سیاسی و شارستانییەکانی شانشینی لیدیا:



CamScanner

## باسی یەکەم: پەیوەندیی سیاسی و شارستانی شانشینی لیدیا لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات:

شانشینی لیدیا لەڕووی جوگرافییەوە لە ناوچەیەکی وادا هەڵکەوتبوو، کە هەرچی هەڵمەتی فراوانخوازیی و هێرش و پەلاماردانەکانە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ دووچاریی بەریەککەوتن و پێکدادان دەبووەوە لەگەڵ شانشینی لیدیادا، چونکە لیدییەکان زۆربەی خاکی ڕۆژئاوایی ئەناتۆڵیایان لە ژێر کۆنترۆڵدا بوو، هەر هێزێک فراوانخوازیی بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا ئەنجام بدایە، دەبوایە بە ناچاری بەخاکی شانشینی لیدیادا تێبپەڕێت و بکەوێتە جەنگ و ململانێ لەگەڵ شانشینی لیدیادا. لەلایەکی دیکەوە ئەم هەڵکەوتە جوگرافییە هەمان ڕۆڵی لە بواری ئابووریی و بازرگانیدا هەبوو، چونکە زۆربەی ڕێگە بازرگانییەکا و بەندەر و کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا کەوتبووە چوارچێوەی نفوزی خاکی شانشینی لیدیاوە.

### پەیوەندیی سیاسی:

یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکان بۆ مێژووی دێرین و پەیوەندیی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ئەناتۆلیا بریتییە لە تۆماری ئیمپراتۆرییەتی ئاشوریی نوێ. لەو نێوەندەدا لیدییەکان بەشێک بوون لەو نەتەوە دێرینانەی لە سەرچاوە ئاشورییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، بە تایبەتی لەو کاتەی لە سەدەی (٧پ.ز.)دا لیدییەکان توانیان لەسەردەمی پادشا گیگسدا هەژموون و باڵادەستی خۆیان بەسەر ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بسەپێنن، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن پادشای ناوبراو لە خەونێکیدا یەکێک لە خواوەندەکانی ئاشوریی بینیووە، کە ئامۆژگاری پادشای شانشینی لیدیای کردووە بۆئەوەی داوای یارمەتی لە ئاشوربانیپاڵی پادشای ئاشورییەکان بکات و ملکەچی بێت، لە سەربنەمای ئەم خەونە گیگس نوێنەرانی خۆی بەدیارییەوە ناردوە بۆ نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان، لە ئەنجامدا پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان شانشینی لیدییا و ئیمپراتۆریەتی ئاشوریدا گرێدرا، بەڵام ڕێکەوتنەکە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو[1].

بەپێی تۆماریی (ئاشوربانیپاڵ-٦٦٩-٦٣١پ.ز.)ی پادشای ئاشورییەکان، گیگس بە (گیوگوو-Guggu) ناوی هاتووە، لەو کاتەی داوای هاوکاری لە ئاشورییەکان کردووە، هەر بەپێی تۆمارەکە شانشینی لیدییا لە ناوچەیەکدا بوو کە زۆر دوور بوو لە سنوری ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی و هەرێمێکی سەر دەریا بوو لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، بەڵام پادشایانی ئاشوریی سەرەتا

[1] Anthony J. Spalinger: The Date of the Death of Gyges and its Historical implications Journal of the American Oriental Society, 1978, VOL. 98, pp. 400-409, P. 405.



CamScanner

گرنگییان بە داواکاری پادشای شانشینی لیدییەکان نەداوە، چونکە لەزمانی نامەکەی گیگسی پادشایان تێنەگەیشتوون، هەتاکو دوای ماوەیەک مەترسی کیمرییەکان پادشای ئاشوورییەکانی ناچارکرد بڕیاربدات هاوکاری شانشینی لیدیا بکات، هاوکارییەکانیش زیاتر لەبواری هاوکاری سەربازییدا بوو[١].

هۆکار ناڕوونی نێردراوەکان بە دیارییەوە بۆ نەینەوا لە لایەن گیگسەوە، بۆ هەڕەشە و مەترسی هۆزە کیمرییەکان دەگەڕایەوە لەسەر خاکی شانشینی لیدیا، و سەرکەوتن بەسەر کیمرییەکان و دورخستنەوەیان لە ناوچەکانی سنوری شانشینەکە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لە دوای ئەوەی ئاشوورییەکان هاوکاری لیدییەکانیان کرد، گیگسی پادشای شانشینی لیدییەکان توانی هەڕەشەی کیمرییەکان لە ناوچەکانی سنوری شانشینەکە دووربخاتەوە[٢].

دوای ئەوەی ناوبراو توانی  بە هاوکاری ئاشوورییەکان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، کۆمەک و پشتیوانی ئەوان یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن بوو، بۆ ئەوەش کە هاوکارییەکە بەردەوامبێت پادشای لیدییەکان چەندین جار دیاری و بەندکراوانی کیمری بۆ ئاشوورییەکان لە نەینەوا نارد، بەڵام دوای ماوەیەک هاوپەیمانی ئاشوورییەکانی لەدەستدا، وتراوە کە  هۆکاری پەشیمان بوونەوەی ئاشوورییەکان لە هاوکاریکردنی شانشینی لیدیا، دەگێڕنەوە بەپێی لێکدانەوەیەکی ئەستێرەزانی لە ساڵی (٦٦٥ پ.ز.)دا، ڕاپۆرتێک نێردرا بۆ ئاشور بانیپاڵی پادشای ئاشوری، واڵێک دراوەتەوە، کە کیمرییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، پێویستە ئاشوورییەکان پشتگیریان بکەن و دەستهەڵبگرن لە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ شانشینی لیدیادا، ئەمە جگەلەوەی لەو قۆناغەدا ئاشوورییەکان بەرەو لاوازی دەڕۆشتن و سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان بوون، لەلایەکی دیکەوە ئاشوورییەکان کیمرییەکانیان وەک ئامرازی تۆڵەکردنەوە بەکارهێنا دژی شانشینی لیدیا[٣].

هەمیشە هۆکاری سەرەکی لە تێکچوونی پەیوەندیی ئاشوری و شانشینی لیدییەکان، بۆئەوە دەگەڕایەوە، کە گایز پادشای لیدییەکان هاوکاری پسماتکی یەکەمی پادشای میسری کرد، هەتاکو بەوهۆیەوە توانی بەسەر ئاشوورییەکاندا سەربکەوێت، کاتێک ئاشور بانیپاڵ بەم هەوڵەی پادشای لیدیا زانی هیچ هەوڵێکی تۆڵەکردنەوەی لە دژیان نەدا، پێدەچێت پشتی بەو ڕاپۆرتی ئەسترەناسییە بەستبێت و دڵنیا بووبێت، کە کیمرییەکان ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا داگیردەکەن و بەسەر

---

[1] Antonio Sagona and Paul Zimansky: Op. Cit., P. 363.
[2] John Boardman F.B.A. And Other: The Assyrian, Op. Cit., P. 146.
[3] Ibid. P.147.

شانشینی لیدیادا سەردەکەون، سەرئەنجام لێکدانەوەی ڕاپۆرتەکە پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوو و کیمرییەکان توانیان شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا بگرن و سەرکەوتن بەدەستبهێنن[١].

وەک وتراوە لە نوسەرێکیش جەختی لەوەکردۆتەوە لە سەرچاوە ئاشورییەکانیشدا ئاماژە بەوەکراوە کە، پادشای لیدیا هێزی سەربازیی ناردووە بۆ هاوکاریکردنی پادشای میسر ( توشامیلکی- Tushamilki)[٢]،و بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان ئاشوری و شانشینی لیدیا تێکچووە[٣].

ناردنی هێز و بەکرێگیراوی یۆنانی، لیدی و کاری لەلایەن گایزی پادشای لیدیاوە بۆ یارمەتیدانی پسماتیکی یەکەمی پادشای میسر لەچەند سەرچاوەیەکدا ئاماژەی پێکراوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو هاوکارییە پادشای شانشینی لیدیا بۆ پادشای میسر لە (مۆری ڕەسام -Rassam (Cylinder)[٤]ی ئاشورییەکان تۆمار کراوە لە لایەن هەریەکە لە هیرۆدۆت(2.152.4-5) و دیۆدۆرس (1.66.12) و سترابۆ (C801-2) (17.1.18) ئاماژە بەم هاوکارییەی پادشای شانشینی لیدییەکان کراوە. هیرۆدۆت ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی ئەو سەربازانەی نێردرابوون بۆ میسر ڕەنگی پێستیان برۆنزی بوو، بە دانیشتوانی دەریا ناسرابوون، دوای گەیشتنیان بە میسر پسماتیکی یەکەم پادشای میسر ئەم سەربازانەی لە سوپای میسردا ڕێکخست ئەو کەسانە زۆربەیان بە کرێگیراو بوون، بەهاوکاری ئەو سوپایەی پادشای شانشینی لیدیا ناردی بۆ میسر، پسماتیک خۆی وەک پادشا لە شاری (سایس- Sais)[٥]، ناساند[١].

---

[1] Karen Rander: The Prosopography of The Neo-Assyrian Empire, VOL. 1, Part 1, Using the Electronic Data Base of the Neo-Assyrian Text Corpus Project and with the Collaboration of Numerous Colleagues, 1988, P. 159.

[٢] توشامیلکی هەمان پادشای میسر پەسماتیکی یەکەمە، کە لەسەرچاوە ئاشورییەکاندا بە توشاملکی ناوی هاتووە، چونکە هەندێک لە پادشاکای میسر چەند ناوێکی جیاوازیان هەبوو.

[3] John Boardman F. B. A. And Others: The Assyrians, Op. Cit., P. 50

[٤] مۆری ڕەسام: بریتی بوو لە مۆرێکی شێوە پوازیی، دە لای هەبوو، بە خەتی مسماریی لەسەری دەنووسرا، لەلایەن هەندێک لە پادشاکانی دەوڵەتی ئاشوریی نوێ بە تایبەتی ئاشوربانیپاڵ بەکاردەهێنرا، ژمارەیەکی زۆر لە مۆری ڕەسام لە شاری نەینەوا دۆزراوەتەوە، ئێستا هەندێکیان لە مۆزەخانەکانی بەریتانیان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Daniel David Luckenbill: Ancient of records Assyria and Babylonia, University of Chicago Press, Chicago, 1927, PP. 290-247.

[٥] دوای ئەوەی پسماتێکی یەکەم توانی ئاشورییەکان لە میسرِ دووربخاتەوە و تەواوی خاکی میسری داگیرکرد و سایس کە کەوتبووە سەر لقێک لە ڕووباری نیل بە ناوی ڕەشیدا لە ڕۆژئاوای نێل لە نێوان قاهیرەی ئێستا و ئەسکەندەرییە، وەک پایتەختی نوێ و میسر دەستنیشانکرد لە ساڵی (٦٥٦ پ.ز.)دا، ئەم شارە بە پایتەختی بنەماڵەی بیست و شەشەم دادەدرێت لە (٦٦٤-٥٢٥پ.ز.) دا لە میسری دێرین، ئەم بنەماڵەیە چەندینی پەرستگە و کۆشکیان لە شارەکە بونیاتنا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:



CamScanner

ئەو سەربازانەی پادشای شانشینی ناوبراو ناردبونی زۆربەیان یۆنانی و کاری بوون، بە تایبەتی کارییەکان زۆرینەبوو، چونکە گیگس لەگەڵ کارییەکان پەیوەندیی دۆستانەی هەبوو، بەهۆی ئەوەی ئەوان هاوکاریان کردبوو لە هاتنە سەر دەسەڵات و سەرکەوتن بەسەر پادشا کاندالیسی پادشای پێش خۆی، هەربۆیە گیگس هەستابوو بە دانانی شازادەی کارییەکان وەک سوپا سالار لە سوپای شانشینی لیدیادا بە ناوی (ئارسلیس میلا -Arselis Mylae ) و هەر کاتێک مەبەستی بوایە هێزی ئەوان بەکاردەهێنا، دژی هەر هەڵمەت و پەلامارێک، کە بکرایەتە سەر خاکی شانشینەکە، لەڕاستیدا ئەم پەیوەندییە دۆستانەیە بەڕوونی ڕەنگیدابۆوە بەسەر پەیوەندیی توندی نێوانیان کارییەکان و شانشینی لیدیادا[٢].

شایانی ئاماژە پێکردنە هەندێک لەوانەی ڕویانکردبووە میسر وەک سەرباز لە سوپای میسردا خزمەتیان دەکرد و بەکاریاندەهێنان دژی سوپای دوژمنەکانی میسر وەک ئاشورییەکان، بابلیەکان، ئەخمینییەکان و نووبیەکان وە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە تێکشکاندنی هێرش و پەلاماری هۆزە کۆچەرییەکانی بیابانی سینا بۆ سەر خاکی میسر لە سەرەتای سەدەی (٦ پ.ز.)دا هەندێکیش وەک کرێکار لە ڕوباریی نیل کاریان پێدەکرا و ڕوبارەکانیان پێ پاکدەکرایەوە[٣].

هۆکاری بوونی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی یۆنان و لیدی و کارییەکان وەک بەکرێگیراو لە میسر بۆ چەند خاڵێکی وەک بوونی هەژاریی بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی (٧ پ.ز.)دا، دوای زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، هەروەها کێشە و ململانێ و ناکۆکی ئەریستۆکراتەکان لەسەر دەسەڵات و جەنگ و هێرش و پەلاماردانی هێزە دەرەکیەکان وەک کیمرییەکان بۆ سەر خاکی ئەناتۆڵیا، لەلایەکی دیکەوە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی یۆنان بەدوای شکۆمەندیدا دەگەڕان، بێزاری و ناڕەحەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەهۆی ئەشکەنجەدانیان لەکاتی کارکردن لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا هۆکارێکی دیکەو بوو، هەروەها خەڵکی بەدوای سەرچاوەیەکی دیکەی بژێویدا دەگەڕان.[٤] لەڕاستیدا بەکرێگرتن لەوکاتەدا تا ڕادەیەک شتێکی باوو بوو.

---

Charles F. Kent and Frank K. Sanders: History of The ancient Egyptians, VOL.2, Charles Scribner Sons, New York, 1908, PP. 23-46.

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 53.

[2] John Boardman F. B. A. and Others: The Cambridge Ancient History, The Expansion of The Greek World Eighth to Sixth Centuries B.C, 2th edition, Vol. III, Part 3, Cambridge University Press, London, 2008.P. 51.

[3] Ibid. P.53.

[4]David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 52.



CamScanner

وتراوه کە، (فاینکیلستن- Finkelstein)[١]، ئاماژە بەوەدەکات کە بەکرێگیراوە لیدییەکان کاتێک لە سوپای میسردا خزمەتیان دەکرد، هەندێکیان لەکۆتای سەدەی (٧ پ.ز.)دا، کۆچیانکرد بۆ شام و لە فەڵەستین نیشتەجیبوون، دەشێ ناوی پادشای دواتری لیدییەکان ئالیاتس لە ڕووی زمانەوانییەوە هەمان واتای ناوی (گۆلیاس-جالوت Goliath) هەیە بەرهەمی بەریەککەوتنی نێوان هەردوو گەلبێت، هەر بەپێی بۆچوونی ناوبراو ئەم ناوە گواستراوەتەوە بۆ یەکێک لە پادشاکانی شانشینی لیدیا و بوو بە ناوێکی شاهانە، ئەمە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی مێژووی شانشینی لیدیا و دانیشتوانی ناوچەکە، بە تایبەتی لەوکاتەی فەڵەستین لەلایەن بەکریگیراوانی لیدییەوە دەستیبەسەردا گیرابوو کاتێک لە سوپای میسردا بوون و لە ناوچەکە نیشتەجێبوون. هەروەها ئەو لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو لیدییانەی سەرەتا وەک بەکرێگیراو چونە سوپای میسر، بەشێکیان دوای ماوەیەک چوونە شاری مێژووی (عسقلان – Ashkelon)[٢]، لە باشوری شام، ناوی شارەکە ناوێکی لیدییە لە (ئاسکیلۆس-Askalos )ەوە وەرگیراوە[٣].

ئەو سەربازانەی لیدی و یۆنانی بوون و کۆچیانکردبوو بۆ ناوچەکانی شام، دوای ماوەیەک لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی ئاینییدا کۆچیانکرد بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشوریی و چوونە ڕیزی سوپای ئیمپراتۆریەتی ئاشورییەوە، ئەمە لە تۆمارێکی ئاشوریدا (Assyran Prism E2) ئاماژە بەو خەڵکانە کراوە، چونکە پادشای لیدییەکان گیگس ئاشوری خواوەندی ئاشوری بە پیرۆز زانیوە و ڕێزی لێگرتووە، دەکرێت ئەمە بوبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئە خەڵکانەی یۆنانی و لیدی بوون چوونەتە نێو خاکی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی وبوون بە بەشێک لە هاوڵاتی ئەوێ تەنانەت باوەڕیان بە ئاینی ئاشورییەکان هێناوە[٤].

---

[١] فاینکلیلستین: لە ساڵی ١٩٤٩ لەدایک بووە، شوێنەوار ناسێکی ئیسرائیلیە لە زانکۆی تەل ئەبیب، لە چەندین زانکۆی بەناوبانگ وەک زانکۆکانی شیکاگۆ و هارڤارد وانەوەی وتوەتەوە، خاوەنی زیاتر لە (٢٥٠) کتێب و بڵاوکراوەی جیاوازە، بەناوبانگترین کتێبەکانی بریتین لە شوێنەوارەکانی ئیسرائیل، کۆمارە لە بیرکراوەکە، ئەم کتێبەی چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە، بەیەکێک لە بەناوبانگترین شوێنەوارناسەکان دادەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Alexander Fantalkin and Assaf Ysur- Landau: Studies in the Archaeology of Israel and the Levant during Bronze and Iron Ages in honor of Israel Finkelstein, published by Brill, Boston, 2008. P. 1-2.

[٢] شاری مێژووی ئاشکیلۆن: دەکەوێتە باشوری ئیسرائیل لەسەر کەنارەکانی دەریایی ناوەڕاست، بەنزیکەی پەنجا کلم لە باشوری شاری تەلئەبیب، شارەکە لەڕووی مێژووییەوە گرنگیەکی زۆری هەیە، هەر لە چاخی بەردینی نوێوە، مرۆڤ وەک نشینگە تیایدا نیشتەجێبووە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
عبدالرحيم أحمد حسين: قصة مدينة المجدل و عسقلان، المنضمة العربية التربية والثقافة والعلوم، عمان، ٢٠٠٨.

[3] John Boardman F. B. A. And Other: The Expansion of the Greek: Op. Cit., P. 82.

[4] Ibid. P.95.

نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو لیدی و یۆنانییانە لە دواتردا و لە سەردەمی دەوڵەتی بابلی نوێدا لەجەنگی (کەرکەمیش -Carchemish Battle پ.ز.)[1]، لە ساڵی(٦٠٥ پ.ز.)دا، ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە سوپای بابلیدا، (ئالخێوس- Alcaeus)ی شاعیری یۆنانی لە هۆنراوەیەکیدا ئاماژە بەوەدەکات بەسەرکەوتووی توانیویەتی براکەی (ئانتیمێنیداس-Antimenidas) لە خزمەتی سەربازیی لە سوپای بابلدا بگەڕێنێتەوە لە سەدەی (٧پ.ز.)دا لەو کاتەی وەک کۆمەڵێک سەرباز لە سوپای دەوڵەتی بابلی نوێدا خزمەتی سەربازیان دەکرد[2].

پسماتێکی یەکەم بە هاوکاری بەکرێگیراوانی لیدی، یۆنانی و کاری، توانی لە دەسەڵاتی ئاشورییەکان یاخیبێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و لە ساڵی (٦٦٤ پ.ز. )خۆی وەک پادشا میسر ڕاگەیاند، هەرچەندە پسماتیک ماوەیەکی زۆر بوو لە هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیدا بوو، بەڵام ئەوەی وایکرد پسماتێک دژی دەسەڵاتی ئاشورییەکان بووەستێتەوە، ئەوە بوو لەسەردەمی ئەم پادشایەدا ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی دووچای کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی و مەترسی فراوانخوازیی هەندێک هێزی نوێ لە ڕۆژهەڵات وەک( میدییەکان و بابلییەکان) بوو بووە، هەربۆیە سەرنجی سەربازییان زیاتر بە ئاڕاستەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بوو لەوکاتەدا[3].

پاش ماوەیەک لە تۆڵەی یاخیبوونی پسماتیکی یەکەمی پادشای میسر دژی ئاشورییەکان، پادشای ئاشورییەکان ئاشوربانیپاڵ بڕیاریدا هێرشبکاتە سەر میسر و توانی بەشێک لە خاکی میسر داگیربکات، هەرچەند پسماتیک دوای نزیکەی دە ساڵ لە فەرمانڕەوایەتییەکەی ملکەچی خۆی بۆ ئاشورییەکان پیشاندا بەجۆرێک بڕیاریدا هاوکاری سوپای ئاشورییەکان بکات لە دژی بابلی و

[1] جەنگی کەرکەمیش: لە ساڵی (٦٠٥ پ.ز.)دا ڕوویدا لە نێوان سوپای میسر، کە لەگەڵ پاشماوەی سوپای ئاشوورییەکان هاوپەیمان بوون دژی هەریەکە لە سوپای بابلی، میدی، ئەخمینییەکان و سکیسییەکان، لەوکاتەی پایتەختی ئاشوورییەکان نەینەوا لەلایەن ئەم هێزانەوە لە ساڵی (٦١٢ پ.ز.)دا داگیرکرا، ئاشوورییەکان پایتەختەکەیان گواستەوە بۆ شاری حەڕان لە شام، کاتێک هێزەکانی سوپای بابلی و میدی و سکیسییەکان بەهەمان شێوەی نەینەوا شاری حەڕانیان داگیرکرد لە ساڵی (٦٠٩ پ.ز.)دا، سوپای ئاشوورییەکان ڕوویانکرد شاری کەرکەمیش لەسەر ڕووباری فورات، کە لەوکاتەدا شارەکە لەژێر دەسەڵاتی سوپای میسردا بوو، پادشای ئاشورییەکان (ئاشور ئوبلێتی دووەم٦١٢-٦٠٩ پ.ز.) لەگەڵ سوپای میسردا هاوپەیمانیان بەست دژی سوپای بابلی و میدی و سکیسییەکان. بڕوانە:

Marc Vand De Mieroop: Op. Cit., PP. 272-276.

[2] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 170-176.

[3] Kathleen Kuiper: Mesopotamia The World's Earliest Civilization, Britannica Education Publishing, New York, 2011, P. 156.



CamScanner

میدییەکان، بەڵام دوای پسماتیک (نیخۆ٦٠٩-٥٦٤ پ.ز.-Necho)[١]، و پسماتیکی دووەم بوونە پادشای میسر، بەم شێوەیە ئاشوربانیپاڵ بۆ ماوەیەکی کاتی پارێزگاری لە سنوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی کرد، لەم کاتەدا کیمرییەکان دووبارە هێرشیانکردە سەر سنورەکانی دەوڵەتی ئاشوریی و بەهەمان شێوە خاکی شانشینی لیدیا، لیدییەکان بەناچاریی پەنایان بۆ ئاشورییەکان برد و داوای هاوکارییان لە ئاشورییەکان کرد، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا ئاشوربانیپاڵی پادشای ئاشوری لەگەڵ براکەی کەوتە ململانێ و دووچاری کێشەی ناوخۆ ببوەوە، لەلایەکی دیکەوە بابلییەکان و میدییەکان بڕیاریاندا بوو هێرشبکەنە سەر دەسەڵاتی ئاشوریی نوێ[٢]، و بابلییەکان لە دژی ئەوان دەستیانکردبوو بە شۆڕش و یاخیبوون، هەروەها شانشینی لیدیا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی میسر پەیوەندییان هەبوو، ئاشورییەکان بەدەم داواکارییەکەی پادشای شانشینی لیدیاوە نەچوون[٣].

دوابەدوای هێرش و پەلاماری کیمرییەکان بۆ خاکی ئەناتۆڵیا، سکیسییەکان هەستیانکرد پەیوەندیی نێوان شانشینی لیدییەکان ئاشورییەکان گرژی تێکەوتووە، لە ناوەڕاستی سەدەی (٧پ.ز.)دا هیرشیانکردە سەر ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا، سەرەتا کیمرییەکان هێرشیانکردە سەر خاکی فریجیا و داگیریانکرد، ئەمە ڕێگەی خۆشکرد بۆ سکیسییەکان هەڵمەتی داگیرکاری لە ئەناتۆڵیادا ئەنجام بدەن، شانشینی لیدیا لەوکاتەدا تاکە هێزبوو وەک بەربەست لەبەردەم هەڵمەتی سکیسیەکان مابووەوە، گیگس پاشای لیدی داوای هاوکاری لە ئاشورییەکان کرد، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەک نوێنەری ناردە لایە ئاشور بانیپاڵ پاشای ئاشورییەکان لە نەینەوا

[١] نیخۆ: یەکێک بوو لە پادشایانی بنەماڵەی بیست و شەشەم لە میسری دێرین، لە دوای پسماتیکی یەکەم دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕۆڵیکی گرنگی بینی لە هاوکاری ئاشورییەکان لە جەنگی کەرکەمیش، لە دوای خۆی کوڕەکەی پسماتیکی دووەم بوو بە پادشای میسر. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
چان ڤیرکوتیر: مصر القديمة، ترجمة ماهر جويجاني، دار الفكر الدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٢، ص.١٥٤-١٥٥.

[٢] لەساڵی (٦٥٠ پ.ز.) بەدواوە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بەرەولاوازی ڕۆشت، سنوری دەوڵەتی ئاشوریی ناوچەیەکی فراوانی لەخۆ دەگرت، هەر لەمیسۆپۆتامیاوە هەتاکو میسر و شام، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی میدی بووە هێزێکی دیار و جێگای مەترسی لەسەر ئیمپراتۆریەتی ئاشوری لە ڕۆژهەڵاتەوە، لەگەڵ بابلیەکان هاوپەیمانیان بەست دژی دەوڵەتی ئاشوری لە ساڵی (٦١٢پ.ز.) توانیان نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان داگیربکەن، دەوڵەتی بابلی فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیا گرتەدەست لە نێوان ساڵانی (٦٢٦-٥٣٩پ.ز.)دا، وە لە جەنگی (کەرکەمیش) سوپای دەوڵەتی بابلی نوێ لە ساڵی (٦٠٥ پ.ز.)دا سوپای میسرییەکان و ئاشورییەکانی تێکشکاند، ئەمە بووە هۆی باڵادەستی دەوڵەتی بابلی نوێ لە شام، لەسەدەمی پاشا نەبووخزنەسەر وە کاتێک جووەکان شۆڕشیانکرد، هێرشیکردە سەر (ئۆرشەلیم) و شارەکەی وێرانکرد لە ساڵی (٥٨٧پ.ز.)دا.

[3] Eugene Fair: Study of the Babylonians and Assyrians, Kirksville Missouri Journal Printing Company Publisher, Mississippi, 1907, P. 70-71.

بۆ ئەوەی لەبەرامبەر هێرشی سکیسی و کیمرییەکان هاوکاری لیدییەکان بکات، بەڵام ئاشوورییەکان بەدەم داواکەی گیگسی پادشای شانشینی لیدییەکانەوە نەهاتن بەهۆی لاواز بوونی دەسەڵاتیان[١].

گیگس کاتێک لە یارمەتی ئاشوورییەکان بێ ئومێد بوو، هەنگاوی دیکەی نا، وەک چالاکی دیپلۆماسی و سەربازیی لە دەریا ناوەڕاستدا، نێردراوی خۆی نارد بۆ میسر بۆ لای پادشا پسماتیکی یەکەم لەنێوان سالآنی (٦٦٢-٦٥٨ پ.ز.)دا، بەڵام بەهۆی مەترسی ئاشوورییەکان پادشای میسر نەیتوانی هاوکاری پادشای لیدییەکان بدات، هەربۆیە هێرش و پەلاماری هێزە دەرەکییەکان بۆسەر سنوری شانشینی لیدییەکان بەردەوام بوو و کیمرییەکان ساڵی (٦٤٤ پ.ز.)دا هێرشیانکردە سەر ساردسی پایتەختی لیدییەکان و شارەکەیان تاڵانکرد. لەم باردۆخەدا گیگس پادشای لیدییەکان کوچی دوایکرد و ئاردیس بوو بە پادشای لیدییەکان. لەسەردەمی ئەم پادشایەدا مەترسی کیمرییەکان هەر بەردەوامبوو هەتاکو هاتنە سەردەسەڵاتی پادشا ئالیاتس. ئالیاتس لەساڵی(٦١٥ پ.ز.)دا پادشای لیدییەکان توانی کیمرییەکان لە ناوچەکەدا تێکبشکێنێت و دووریان بخاتەوە و هەوڵی دووبارە بەدەستهێنانەوەی هاوکاری ئاشوورییەکانیدا و توانی بە یارمەتی ئاشوورییەکان کیمرییەکان دووربخاتەوە بۆ ناوچەکانی هەرێمی کلیکیا لە باشوری ئەناتۆڵیا، هەروەها ئالیاتس پادشای شانشینی لیدیا هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان میسر و شانشینی لیدیایدا، هەربۆیە پشتی بە هاوسەرگری سیاسی بەست لەگەڵ پسماتیکی یەکەمی پادشای میسردا[٢].

هەر لەوکاتەدا بووکاتێک سکیسییەکان دوای ئەوەی توانیان بەشێک لە خاکی ئەناتۆڵیا داگیربکەن، بەرەو بەرزاییەکانی ئەناتۆڵیا ڕۆشتن، لە سەروی ڕوباری دیجلەوە، دواتر چونە شام و سوریای ئێستا و نزیک بوونەوە لە سنوری میسر، بۆ ماوەی بیست و هەشت ساڵ بەشێک لەخاکی ئەناتۆڵیایان داگیرکرد و مەترسییەکی زۆریان لەسەر خاکی شانشینی لیدییەکان هەبوو[٣].

لەدوای لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی نوێ باڵانسی هێز لەڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین گۆڕانکاریی بەسەردا هات، یەکێک لەو ئیمپراتۆریەتانەی باڵادەستی پەیدا کرد ئیمپراتۆریەتی میدیا بوو، میدییەکان دوای ئەوەی دەستیانکرد بە فراوانخوازیی بەئاراستەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی

---

[1] Herbert Reinhold Jacobson: A History of Roads from Ancient times to motor Age, Georgia school of technology, Atlanta, 1940, P. 166.

[2] Potts D.T.: Companion to the Archaeology of the Ancient near east, VOL. 1, Willy –Blackwell, UK, 2012, P. 901.

[3] Herbert Reinhold Jacobson: Op. Cit., P. 169.



CS CamScanner

ئەناتۆڵیا ڕۆشتن سەرەتا ڕووبەڕووی مانناییەکان و دەوڵەتی ئۆرارتو بوونەوە، دواتر لەگەڵ شانشینی لیدییا لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا کەوتنە شەڕەوە[١].

جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی میدی و شانشینی لیدیا لە بنەڕەتدا دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو هێزە بەهۆی هەوڵی فراوانخوازیی هەردوو لایان و ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئەناتۆڵیا، بە تایبەتی سکیسییەکان، هەربۆیە جەنگی نێوانیا بۆ ماوەیەکی فراوان درێژەی کێشا[٢].

کاتێک سوپای ئیمپراتۆریەتی میدی و شانشینی لیدیا کەوتنە جەنگەوە، هەرجارەو یەکێکیان لە جەنگەکاندا سەردەکەوتن، لە ساڵی پێنجەمدا کاتێک کە جەنگ دەستیپێکرد ڕاستەوخۆ لەگەرمەی جەنگەکەدا ڕۆژ گیراو بوو بە شەو، تالیس یەکێک بوو لەو فەیلەسوفانەی پێشبینی ئەو ڕووداوەی کردبوو، هەردوولا ئەو ڕووداوەیان وەک نەهامەتییەک دەبینی، کە خوداوەند هێناویەتی بەسەریاندا، هەربۆیە زۆر بەخێرایی دەستیانکرد بە دانوستان و ئاگربەستیان مۆرکرد[٣].

بەهۆی ڕوودانی خۆرگیرانەوە، پێیان وابوو ڕووداوێکی ناخۆش ڕوودەدات ئەگەر کۆتایی بە جەنگەکە نەهێنن، سەرئەنجام ئاشتی نێوانیان بە ئامادەبوونی دەسەڵاتدارانی کلیکیا و پاشای بابل مۆرکرا، ئاگربەستەکە بە هاوسەرگیری سیاسی نێوان کچی پادشای شانشینی لیدی ئالیاتس بەناوی ئارینیس و کوڕی کەیخوسرەوی پادشای میدییەکان ئەستیاگز مۆرکرا، بەڵێنیاندا کە دۆستایەتی نێوانیان بەردەوامبێت، هەربۆیە بڕیاریاندا بە هاوسەرگیریی سیاسی نێوانیان، چونکە پێیانوابوو بەبێ هاوسەرگیریی دۆستایەتی نێوانیان بەردەوام نابێت[٤].

زانیارییەکی کەم هەیە سەبارەت بە هۆکاری ئامادەبوونی ئەو کەسانەی وەک نوێنەر بەشداریان لە ڕێکەوتنەکە کردووە، ئەوەی دەزانرێت نوێنەری دەوڵەتی کلیکییا لە ئاستێکی باڵادا ئامادەی ڕێککەوتنەکە بوو، بەڵام کاتێک سەرچاوەکان ئاماژە بە وەدەکەن نوێنەرێک لە ئیمپراتۆریەتی بابلی نوێ ئامادەی ڕێککەوتنەکە بووە، ڕوون نییە ئەوکەسەی لەلاین بابلییەکانەوە بەشدابووە وەک نوێنەری پادشای بابل نەبوخزنەسەر بەشداریکردووە یاخود، خۆی بەبێ ئاگاداری پادشا بەشداری کردبێت وەک کەسایەتییەکی دەوڵەتی بابلی نوێ. لە دوای ئەوەی کۆتایی بەجەنگ و ناکۆکی نێوان

---

[1] Steven Camac: Op. Cit., p. 79.

[2] Crawford C. H. Greenewalt: When a Mighty Empire Was Destroyed: The Common Man at the Fall of Sardis, ca. 546 B.C., the Journal of the American Philosophical Society, VOL. 136, 1992, pp. 247-271, P. 264.

[3] G. D. Summers: Op. Cit., P. 30.

[4] Amelie Kuhrt: Op. Cit., P. 569.



CamScanner

شانشینی لیدی و ئیمپراتۆریەتی میدی بە مۆرکردنی پەیمانی هاوسەرگیری نێوانیان هات، جارێکی دیکە پێکدادان و گرژی ڕووینەدایەوە، ڕوباری هالیس وەک سنوری نیوانیان دیاریکرا وەک بەشێک لەو ڕێککەوتنەی لە نێوانیاندا مۆرکرا[١].

وتراوە کە هیرۆدۆت کاتێک بەسەرهاتی جەنگەکە دەگێڕێتەوە، ئەو شوێنەی جەنگەکە و ڕووداوی خۆرگیرانەکەی تێیدا ڕوویدا دیاری نەکردووە، بەڵام نووسەرانی هاوچەرخ ئەو شوێنەیان بە پتێریا[٢]، و ڕوباری هالیس دیاریکردووە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی یۆنانی، میدی بابلی ئاماژەیان بەو شوێنە کردبێت، کە هەریەکە لە سوپای میدی و لیدی تێیدا روبەڕی یەکتر بوونەوە، ناوچەی پتێریا، کە دیاریکراوە وەک شوینی ڕووداوی خۆرگیرانەکەی لە ساڵی پێنجەمی جەنگەکە، بەشێک بووە لەخاکی لیدیا واتە جەنگی کۆتایی لەخاکی لیدیادا ڕویداوە، ئەم ناوچەیە لەکاتی هەڵمەتی پێشتری پادشای شانشینی لیدیا ئالیاتس بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و دەرکردنی کیمرییەکان و ڕاوەدوونانیان بەرەو ڕۆژهەڵات، دواتر داگیرکردنی خاکی فریجیا پتێریا بوو بە بەشێک لەخاکی لیدیا. شاری پتێریا لەلایەن ئالیاتس پاشای لیدیا دوبارە بوونیاتنرایەوە لە کۆندا بە (کەرکنیس داغ -Kerkenes Dağ) ناودەبرا، وەک شوێنی پادشا و کەسە بەناوبانگەکانی فریجیا دیاریکرا لەژێر کۆنترۆڵی فەرمانڕەوایانی شانشینی لیدیادا[٣].

ئەم شارە سەرەڕای ئەوەی نزیکبوو لەسەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانی شانشینی لیدیا لە شاری ساردسەوە بەرەو سوسە لە هەرێمی فارس لە وڵاتی ئێران، هەروەها قەڵا و شورای شارەکە وەک هێڵی بەرگریی دیاریکرا بەرامبەر هەڕەشە و مەترسی کیمرییەکان لەسەر شانشینی لیدیا، وتراویشە کە، ڕووداوی خۆرگیرانەکە لە ناوەندی ئەناتۆلیادا ڕوویداوە، لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگدا، لە دەوروبەری کاتژمێر سێ هەتاکو کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆ، لە کاتژمێر سێ و پەنجاوپێنج خولەک ڕووداوی خۆرگیرانی تەواوەتی ڕوویداوە، سی خولەک و بیست و شەش چرکەی خایاندووە، ئەمە بووەتە هۆی خۆرئاوابوون، لە ئەنجامدا هەردوو سوپای میدیا و لیدی جەنگیان ڕاگرتووە[٤].

---

[1] Kevin Leloux: The Battle of Eclipse (May 28, 585 B. C.), A Discussion of the Lydo-Median Treaty and the Halys Border, University of Liege, Belgium, 2017, P. 40.

[٢] پیدەچێت ئەم جەنگە لەچەند ناوچەیەکی جیاواز ڕویدابێت، چونکە جەنگێکی درێژخایەن کە نزیکەی پێنج ساڵی خایاندووە، ناکرێت لە یەک ناوچە ڕویدابێت.

[3] Geoffery D. Summers: The Kale at Kerkenes Dag: An Iron Age Capital in Central Anatolia Cities and Citadels in Turkey: From the Iron Age to the Seljuks. Leuven: Peeters, Journal of Ancient Near Eastern Studies, VOL. 40, 2016, pp. 137-160, P. 142.

[4] C. Crawford H. Greenewalt: Op. Cit., P. 264.



CamScanner

سەبارەت بە پەیوەندیی سیاسی نێوان شانشینی لیدییەکان و دەوڵەتی بابلی نوێ بەگشتی پەیوەندییەکی دۆستانەبوو، دەوڵەتی بابلی نوێ کاتێک چەند هەڵمەتێکی سەربازییان کردە سەر ناوچەکانی شام باکوری سنوری ئیمپراتۆریەتەکەیان، بە تایبەتی لەسەردەمی پادشا (نەبوخزنەسەر٦٠٥-٥٦٢پ.ز.دا) لەم هەڵمەتانەدا پشتیان بە هاوکاری لەگەڵ هەریەکە لە شانشینی لیدیی و سکیسییەکان دا بەست[١].

لەکاتی هەڵمەتیشیان بۆ سەر خاکی هەرێمی کلیکیا لە باشوری ئەناتۆڵیا لە دەوروبەری (٥٥٦پ.ز.)دا، لەسەدەمی (نیرگیسار Nergissar–٥٥٩-٥٥٦ پ.ز.) بوونە هاوسنوری شانشینی لیدییا، هەروەها لە یەکێک لە تۆمارەکانیدا نەبوخزنەسەر خۆی وەک سەرداری کلیکیا و لیدیا ڕاگەیاندووە[٢].

لە دوای لاوازبوونی دەوڵەتی بابلی لە ڕۆژهەلاتی نزیکی دێرین، هێزێکی نوێ سەریهەڵدا کە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی بوو، لە ساڵی (٥٥٠ پ.ز.)دا، دەسەلاتدارانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە فارس بوون لە هەرێمی عیلامی دێرین نیشتەجێبوون، پادشای ئەخمینییەکان کوروش دوای ئەوەی پێگەی خۆی لە ڕۆژهەلات قایم کرد، هەڵمەتێکی سەربازیی بەرەوو ئەناتۆڵیا ئەنجامدا[٣].

کرۆیسوس پادشای لیدیا، هاوپەیمانییەتێکی سیاسی پێکهێنا دژی فراوانخوازیی ئەخمینییەکان لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، بە تایبەتی کاتێک ئەخمینییەکان بەسەرکردایەتی کوروش توانیبوویان ئیمپراتۆریەتی میدیا بڕوخێنن لە ساڵی (٥٥٠پ.ز.)دا، ئەمە پادشای لیدییەکانی ناچارکرد بکەوێتە جەنگەوە دژی ئەخمینییەکان، چونکە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان شانشینی لیدیا و ئیمپراتۆریەتی میدیا خوشکی پادشای لیدییەکان ژنی پادشای میدییەکان بوو، لەبەرئەوە هەریەکە لە دەوڵەتی بابلی نوێ، میسر و سپارتا بوونە هاوپەیمان دژی فراوانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لەناوچەکانی ئەناتۆڵیا[٤].

(ئەحمیسی دووەم ٥٧٠-٥٢٦ پ.ز.)[٥]، پادشای میسر کە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان میسر، سپارتا، شانشینی لیدیا و ئیمپراتۆریەتی بابل، دژی هەرەشە و

---

[1] Janer R. Mcintosh: Ancient Mesopotamia New Perspective, ABC-CLO Publisher, California, 2005, P. 107

[2] See the *text BM 45690* edited, translated and commented in Lambert 1965, PP. 1-11.

[3] Goleman A. Baker: Israel and Empire a postcolonial history of Israel and early Judaism, Bloomsbury Publisher, London, 2011, P104.

[4] Amelie Kuhrt: Op. Cit., P. 569.

[٥] ئەماسیس: هەندێک کات بە ئەمۆسی ناوی دەهێنرێت، لەنێوان ساڵاتی (٥٧٠-٥٢٦پ.ز.) پادشای میسر بوو، لەسەردەمی بنەماڵەی بیست و شەشەمدا، توانی لە دژی پادشای پێش خۆی یاخیبێت و دەسەلات بگرێتە دەست

مەترسی ئەخمینی، بەردەوام نوێنەرو دیاری دەنارد بۆ پتەکردن و بەردەوامی پەیوەندیی نێوانیان، یەکێک لەو دیاریانەی پاشای میسر ناردی بۆ سپارتا، پێکهاتبوو لە قەڵغانێکی چنراوی کەتانی دەگمەن کە بەنزیکەی سێسەد و شەست تاڵی ئاڵتون، کە چەندین نەخشی ئاژەڵی لەسەری نەخشێنرابوو، تەنانەت لەدوای لە ناوچوونی لیدیاو بابل ئەحمیسی پادشای میسر، هیوای لەدەست نەدابوو بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی دژی ئەخمینییەکان، هەربۆیە لە ساڵی (٥٢٥پ.ز.) لەگەڵ (پۆلیکرات- Polycrate)[١]، لە دورگەی (سامۆس -Samos) کە دژی ئەخمینییەکان یاخیبوو بوو، هاوپەیمانی بەست[٢].

لە ڕیزی سوپای شانشینی لیدیا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیدا ژمارەکی زۆر لە سەربازی میسری بوونی هەبوو، کاتێکیش ئەخمینییەکان سەکەوتن بەسەر شانشینی لیدیا، ئەم سەربازە میسریانەیان لە ناوچەیەک لە شانشینی لیدیادا نیشتەجێکرد بەناوی (لاریسا-Larisa) نزیک (کیمی-Cyme) ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی شانشینی لیدیا و میسر هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیی سەربازییان لە نێوانیاندا هەبووە[٣].

دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی بە تایبەتی کوروش، کاتێک لەگەڵ شانشیی لیدیادا کەوتە ناکۆکی و جەنگەوە سەرەتا هەوڵیدا شارە ئایۆنییەکان بەکاربهێنێت هەتاکو دژی شانشینی لیدیا شۆڕش بکەن، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو، هەربۆیە هێرشی کردە سەر خاکی لیدیا و دوای داگیرکردنی خاکی لیدیا تەواوی شارە ئایۆنییەکان شان بەشانی ئیمپراتۆریەتی میدی و بابلی و خاکی ئەناتۆڵیا بوون بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی[٤].

---

بەیەکێک لە پادشایەنی میسر دادەنرێت کە توانی هاوپەیمانی لەگەڵ یۆنانییەکدان ببەستێت دژی ئەخمینییەکان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

R. M. Cook: Amasis and Greeks in Egypt, The Journal of Hellenic studies, VOL. l57, 1927, pp. 227-237, P. 234.

[١] پۆلیکرات (٥٣٥-٥٢٢ پ.ز.): کوڕی ئاخیس بوو، سەرداری دورگەی سامۆس بوو، نزیکەی سەد کەشتی سەربازیی دروستکرد و هاوپەیمانی لەگەڵ ژمارەیەک لە دورگەکانی دەریای ئیجە و شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان بەست، لە ساڵی (٥٢٥ پ.ز.)دا لەگەڵ ئیمپراتۆریەت ئەخمینی لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیا جەنگی بەرپاکرد، بەڵام ئەخمینییەکان بەسەرکردایەتی (ئۆریۆتس-Oroetes) سەرداری سوپای ئەخمینی لە شاری ساردس سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Aidden Carty: Polycrates, tryant of Samos, Journal of ancient history, VOL. 2, 2015, pp. 12-27 P. 18.

[2] John Boardman F.B.A. And Others: Greek World Eighth to Sixth, Op. Cit., P. 66

[4] Binod Bihari Satpathy: Ancient Civilization, University of Ddce Utkal Press, Odisha, 2005, P. 290.



CamScanner

## پەیوەندیی شارستانی نێوان شانشینی لیدیا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات:

پەیوەندیی شارستانی شانشینی لیدیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین بەپێی سەردەم و باڵادەستی و هەوڵی فراوانخوازیی ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆژهەڵات وەک ئاشوریی، بابلی، میدی و ئەخمینی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوەی شانشینی لیدیا کەوتبووە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، هەرچەندە تاکو ڕادەیەک دووربوو لە ناوەندە شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام لەکاتی هەڵمەتە فراوانخوازییەکاندا بەریەککەوتنی فەرهەنگی ڕوویداوە، هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندیی شارستانی نێوان ڕۆژهەڵات و شانشینی لیدییا بریتی بوو لە ئاڵوویێری بازرگانی لەنێوان ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین و کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیادا.

## پەیوەندی ئابووریی:

لە سەرەتای (هەزارەی دووەمی پ.ز.)دا، دانیشتوانی شارەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی، بە تایبەتی ئەو شارانەی دەکەوتنە سەر ڕووباری دیجلە و فورات ئاڵویۆڕی بازرگانییان لەگەڵ ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا ئەنجامدەدا، ئەم بازرگانییە نێودەوڵەتییە بەپێی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ هەرێمەکانی ئەناتۆڵییا، پاشان بازرگانانی ئاشوریی لەو ناوچانە نیشینگەیان بوونیاتنا و خۆیان کاروباری نشینگەکانیان بەڕێوەدەبرد وەک وەرگرتنی باج و ڕێکخستنی بازرگانی، ئاشورییەکان لە ئەناتۆڵیاوە کانزایی جیاوازیان هاوردەدەکرد و کەل و پەلی وەک رستن و چنینیان هەنارەدی ئەناتۆڵیا دەکرد، یەکێک لەو شارانەی ئاشورییەکان لە ئەناتۆڵیادا دروستیانکرد بریتی بوو لە کانیش لەم نشینگە ئابوورییەدا ئاشورییەکان یاسای تایبەت بەخۆیان هەبوو بۆ ڕێکخستنی ئاڵوویری بازرگانی[1].

لەلایەکی دیکەوە ئاشورییەکان لە کەنداوی فارسەوە ئاڵوویێری بازرگانییان لەگەڵ ناوچەکانی هیند و نیوەدورگەی عەرەبی و میسردا ئەنجامدەدا، لەمەشدا ڕوباری دیجلەیان بەکاردەهێنا بۆ هاتوچۆی بازرگانی بە تایبەتی لەگەڵ ناوچەکانی ئەرمینیا، بەڵام ئاڵوویێرکردنی بازرگانیکرد لەگەڵ ئەناتۆڵیادا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، ئاشورییەکان ناچار بوون ئەو ڕێگە بازرگانییانەیان بەکاربهێنن، کە بە ڕێگەی بازرگانی حیتتیی ناسرابوو، چاودێریکردنی ئەم ڕێگە بازرگانی یانە لە لایەن ئیمپراتۆرییەتی حیتتییەوە پارێزگاری لێدەکرا، هەربۆیە ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی و ئیمپراتۆریەتی حیتتیی ڕێکەوتنی بازرگانیان ئەنجامدەدا، بەڵام لەدوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی

[1] Herausgegebon von Kerstin: The Assyrian textile trade in Anatolia (19th century BCE) from traded goods to prestigious gifts, Harrasowitz Verlag. Wiesbaden, 2014, P. 113.



CamScanner

حیتتیی بەرەوو لاوازی ڕۆشت، هەربۆیە بازرگانی ئاشورییەکان لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا ڕووی لەکەمی کرد[١].

لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریی نوێ (٩١١-٦١٢ پ.ز.)دا ئیمپراتۆریەتی ئاشوری چەندین هەڵمەتی فراوانخوازیی و داگیرکاریی بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا ئەنجامدا، بە تایبەتی (سەرجۆنی دووەمی ئاشوری٧٢١-٧٠٥-SargonII)[٢]، لە ساڵی (٧٠٨ پ.ز.)دا، هەڵمەتی داگیرکارییەکەی ئەنجامدا بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا، یەکێک لەمەبەستەکانی پارێزگاریکردن بوون لە ڕێگە بازرگانییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئاشوری نوێ لە مەترسی هێرش و پەلامارە دەرەکییەکان، لە پاش هەڵمەتی سەرجۆن بۆ ناوچەکە هێزێکی نوی لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیا سەریهەڵدا، کە شانشینی لیدیا بوو. پادشایانی ئاشوریی نوێ بە تایبەتی (ئاشووربانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٧ پ.ز.) لەگەڵ شانشینی لیدییادا هەماهەنگیانکرد بەمەبەستی پاراستنی ڕێگە بازرگانییەکان لە هەڕەشەی کیمرییەکان، لەگەڵ ئەوەدا زانیاریی لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە پەیوەندیی ئاڵوویری بازرگانی نێوان شانشینی لیدیا و دەوڵەتی ئاشوریی، بەهۆی دووری لیدییەکان کە کەوتبوونە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، هەروەها بازرگانی ئاشورییەکان زیاتر لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەلات و ناوەند و باکوری ئەناتۆڵیادا بوو[٣].

لە کنەوپشکنینەکانی شاری ساردس لە ساڵی (١٩٢٣ز) چەند تابلۆیەک[٤]، دۆزرانەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧و٦پ.ز.)، تابلۆکان بە شێوازی جیاواز نەخشێندرابوون بە پشتی هەریەکەیانەوە بە ئەڵقەی زێڕ بەسترا بوونەوە، لە تابلۆکاندا کاریگەریی فەرهەنگی ڕۆژهەلاتی بە تایبەتی ئاشوریی بە ئاشکرا دەبینرێت[٥].

---

1 Francis Dvornik: Orgin of intelligence services, the ancient near east, Persia, Greece, Rome, Byzantium, The Arab Muslim, Empires, The Mongol Empire, China, Muscovy, Rutgers University Press, New Jersy, 2016, P. 39

٢ سەرجۆنی دووەمی ئاشوریی یاخود (شارۆکین): یەکێک بوو لە پادشا بەهێزەکانی دەوڵەتی ئاشوریی نوێ، ئەم پادشایە کوڕی تێگلات پلاسەری سێیەمی پادشای ئاشورییەکان بوو، چەندین پەرستگە و کۆشکی نوێی بونیاتنا و گرنگترین کاری بریتی بوو لە دروستکردنی پایەختی نوێ بۆ ئاشورییەکان بە ناوی خوسراباد لە ئەنجامی هەڵمەت و فراوانخوزییەکان بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا لە ساڵی (٧٠٥ پ.ز.) کوژرا، لە دوای خۆی سەنحاریب(٧٠٥-٦٨١ پ.ز.) بووبە پادشای ئاشورییەکان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Josette Elayi: Srgon II, king of Assyria, SBL Press, Atlanta, 2017.

3 Francis Dvornik: Op. Cit., P. 40.

٤ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩).

5 C. Densmore Curtis: Op. Cit., P. 11.



CS CamScanner

لەلایەکی دیکەوە لە گۆڕەکانی بین تەپە، چەند پەیکەرێک[1]، دۆزرانەوە، کە خواوەندێکی نێرە و پێنج باڵی هەیە، پەیکەرەکە نوێنەرایەتی خواوەندی ئاشورییەکان خواوەند ئاشور دەکات، کە ڕووی لە لای چەپە و ڕیشێکی درێژی هەیە و ڕۆبێکی بەرزی لە بەردایە، کڵاوێکی چوارگۆشەی لەسەردایە، کاریگەریی لایەنی ئاینی ئاشورییەکان لە شانشینی لیدیادا نیشان دەدات[2].

لەسەردەمی دەوڵەتی بابلی نوێ(٦٢٦-٥٣٩پ.ز.)دا، هاوشێوەی دەوڵەتی ئاشوری نوێ، بەهۆی دووری شانشینی لیدیا زانیارییەکی وەها لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە پەیوەندیی بازرگانی و شارستانی نێو ئەم دوو ناوەند شارستانییە، هەربۆیە سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی کاریگەریی کلتوری شانشینی لیدییا لەسەر دەوڵەتی بابلی نوێ توێژەران ئاماژە بەیەک خاڵ دەکەن ئەویش ئەوەیە، یەکێک لە داب ونەریتی لیدییەکان لەکاتی بە شودانی کچێک لە کۆمەڵگەی شانشینی لیدیادا بە شێوزێک بوو، کە بەگشتی لە شانشینی لیدیادا کچەکان کاری لەشفرۆشیان دەکرد، بۆ ئەوەی پارەی مارەیی کۆبکەنەوە، هەتاکو بتوانن پەیمانی هاوسەرگیری ببەستن، چونکە لەکاتی شوکردن دەبوایە کچ خۆی پارەی مارەییەکەی بدایە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ژن لە کۆمەڵگەی لیدیدا باڵادەستی زیاتری هەبێت وەک لەپیاو[3].

پەیوەندیی شارستانی شانشینی لیدیا زیاتر لەگەڵ ناوچەکانی شام و دەریایی ناوەڕاستدا بوو، توێژەران بەردەوام ئەو پرسیارە دەوروژێنن سەبارەت بە دۆزینەوەی گڵێنەی یۆنانی لە شام و میسر و پەیوەندیی شارستانییەتی ئەم ناوچەنە لەکەیەوە دەستیپێکردوەو چۆن گڵێنەی ڕۆژهەڵاتی یۆنان گەیشتۆتە وڵاتی میسر و شام. بە تێڕوانین لە مێژوویی سیاسی میسر دەتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە وەدەستبخرێت، ئەویش ئەوەیە کاتێک گیگسی پادشای شانشینی لیدیا، سوپایەکی لە دانیشتوانی لیدی و کاری و شارە دەوڵەتەکانی یۆنانی لە ڕۆژئاوایی ئەناتۆلیا لە سەدەی (٧ پ.ز.) پێکهێنا و بۆ هەریەک لە وڵاتانی میسر و شام نارد، پاشان ئەم خەڵکانە لەوێ نیشتەجێبوون و فەرهەنگ و شارستانییەتی یۆنانی و لیدییان لە ناوچەکدا بڵاوکردەوە[4].

چەندین گڵێنەی یۆنانی و لیدی لە میسر و شام دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی لەو نشینگانەی کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی وەک بەکرێگیراو نێردران بۆ یارمەتیدانی پادشای میسر پسماتیکی یەکەم و لەوێ نیشتەجێبوون و ئاڵوویری بازرگانییان لە گەڵ شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتەکانی یۆنان ئەنجامدا، ئەمانە لەگەڵ خۆیان پەرەیان بە شارستانییەت و کلتوریی یۆنانی و لیدیدا لە ناوچەکە،

[1] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١٠).

[2] Ibid. P.13.
[3] John Boardman F. B. A. And Others: Assyrans, Op. Cit., P. 66.
[4] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 34.



CamScanner

ئەو شوێنانەی گڵێنەی یۆنانی و لیدی تێدا دۆزراوەتەوە لە میسر و شام بریتین لە (مێزاد هەشاڤیهو-Meẓad Ḥashavyahu، ئاشکلێۆن-Ashkelon، تێل کەباری-Tel Kabri، تیل باتاش تیمنا-Tel BatashTimna، تیل میقنی، ئیکرۆن-Tel Miqne-Ekron or Yavneh-Yam)، مێژووی ئەم گڵێنانە دەگەڕێتەوە بۆ (هەزارەی یەکەمی پ.ز.) بە بۆچوونی شوێنەوارناسان بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە کە کاتێک ئەو کۆمەڵە خەڵکەی، کە بە یۆنانی و لیدی و کاری ناسرابوون کۆچیانکردووە بۆ ناوچەکە و لەوێ نیشتەجێبوون[1].

لەگەڵ ئەوە شوێنەوارناسانی ئەمریکی لە کاتی کنەوپشکنی لە شاری ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا، هەندێک تۆماری نووسراوی لیدییەکانیان دۆزیەوە، هەرچەندە تۆمارەکان پارچەی بچوکی شکاو بوون، بەڵام بابەتێکی گرنگی دەرخست، بە تایبەتی کاتێک تۆمارەکان بە هەردوو زمانی لیدی و ئارامی نووسرابوون، تۆمارەکان بەشی زۆریان نووسراوی ئاینیی بوون، بە تایبەتی پاڕانەوە بوو لە کاتی مردنی کەسێک لە خودای مێینە ئارتمیس، ئەمە دەرخەری پەیوەندیی نێوان ئارامییەکان و لیدییەکانە، هەندێک لە تۆمارەکان باس لە نیشتەجێبوونی بەشێک جولەکەکان دەکات لە خاکی لیدیا لەکاتی دەرکردنی جولەکەکان لە ناوچەکانی خۆیان لەلایەن نەبوخزنەسەری پادشای بابلی لە ساڵی (٥٩٧پ.ز.) بە تایبەتی دوای ئەوەی پەیوەندییان بە سوپای شانشینی لیدیاوە کرد[2].

سەبارەت بە پەیوەندیی شارستانی نێوان شانشینی لیدیا و ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی، لەگەڵ ئەوەدا کاریگەریی کلتوری ئەخمینی لەسەر ناوچەکانی شانشینی لیدیا دەبینرێت، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی سوپای ئەخمینی توانی شانشینی لیدیا داگیربکات، کلتورو شارستانییەتی ئەخمینی لە شاری ساردس بڵاوبووەوە، کەل و پەل و پێداویستی ڕۆژانە، لەکاتی کنەکردن و پشکنینی شوێنەواری لە شاری ساردس دۆزراوەتەوە وەک، قاپ، گۆزە، پەرداخ و زۆر پێداویستی دیکە ئەمە کاریگەریی و گۆڕانکاریی شارستانییەتی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی شارستانییەتی ئەخمینی لەسەر ناوچەکانی ئەناتۆڵیا دەردەخات[3].

بە شێوازێکی گشتی کاریگەریی شارستانییەتی لیدی و یۆنانی بەڕادەیەکی زۆری لەسەر شارستانییەتی ئەخمینی دەبینرێت، بە تایبەتی دوای هاتنی ئەخمینییەکان بۆ ناوچەکانی ئەناتۆڵیا و باڵادەستیان لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، لەبەرئەوە کاتێک کوروشی پادشای ئەخمینی شانشینی

[1] Ibid. P. 34-35.
[2] Stanley A. Cook: A Lydian Aramaic Bilingual, the Journal of Hellenic Studies, VOL. 37. 1917, pp. 77-87, P. 78-80.
[3] R. M. Dusinberre: Satrapal Sardis: Achaemenid Bowls in an Achaemenid Capital Elspeth, Source: American Journal of Archaeology, Jan, VOL.103, pp. 73-102, P. 74.



CamScanner

لیدیای داگیرکرد، بە کارامەیی خۆی توانی فەرمانڕەوایی خاکی شانشینی لیدیا بکات، شاری ساردسی وەک خۆی هێشتەوە، چونکە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبوو، کەوتبووە دۆڵی بەپیتی هێرموسەوە، بە درێژایی ئەو ڕیگە سەرەکییەی لە بانی ئەناتۆڵیاوە دەچوە خوارەوە بەرەو کەنارەکانی ڕۆژئاوا، کەوتە ژێر دەسەلاتی ئەخمینییەکان، لەکاتی باڵادەستی ئەخمینییەکان لە ناوچەکەدا ڕێگەکانی بازرگانیان وەک خۆی هێشتەوە و گۆڕانکارییان تێدانەکرد، قەڵا و شوراکانی شاری ساردس سەرلەنوێ لەلایەن ئەخمینییەکانەوە نۆژەن کرانەوە و بەکارهێنرانەوە، زمانی قسەکردن و نوسین هەر زمانی لیدی بوو، هەندێک کات لە پاڵیدا زمانی یۆنانی بەکاردەهێنرا[1].

ئەخمینییەکان تۆڕێکی گرنگی ڕێگە و بانیان لە ئاشوری و بابلییەکانەوە بە میرات بۆ بەجێمابوو، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدان و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتەکان بەکاردەهێنرا، بەناوبانگترین ڕێگەیان بە ڕێگەی شاهانە ناسرابوو، لە شاری (سوسە-Susa)ی پایتەختی ئەخمینییەکانەوە درێژدەبووەوە بە (ئەربیلا-Arbela)، (نەینەوا-Nineveh)، (ئامێدا-Amida)، (کۆمانە،کەپەدۆکیا-Comana)، (ئەنقەرە-Ancyra)، دەڕۆشت هەتاکو دەگەیشتە شاری گۆردیوم-پایتەختی دەوڵەتی فریجی و ساردسی پایتەختی شانشینی لیدیا، پاشان بۆ کەناراوەکانی ئیفیسوس لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، هەرچەندە ئەم ڕێگەیە بەڕێگەی شاهانەی ئەخمینی ناسراوە، بەڵام زۆر پێش ئەخمینییەکان بوونی هەبووە و سودی لێ وەرگیراوە، لەبەرئەوە بە ڕێگەی شاهانە ناودەبرێت، چونکە ئەم ڕێگەیە بەناو ژمارەیەک دەوڵەتی شاهانەدا تێدەپەڕی، ژمارەیان نزیکەی بیست دەوڵەت و هەرێمی جیاواز دەبوو، هەتاکو دەگەیشتە کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا[2].

ڕێگەی شاهانەی بەناوبانگ، درێژییەکەی نزیکەی (١،٦٧٧)میل دەبوو، ئەخمینییەکان هەرچی ئاڵوێری بازرگانی بوو لەم ڕێگەیە وە ئەنجامیان دەدا[3].

لەبەرئەوەی لیدییەکان گرنگییەکی زۆریان دەدا بە بازرگانی تەختە لە ناوچە جیاوازەکانەوە تەختەیان دەگواستەوە بۆ خاکی شانشینی لیدیا و ئەناتۆڵیا و سودی زۆریان لێوەردەگرت بۆ دروستکردنی خانوو و پرد و ڕێگەو بان لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتووبون، هەربۆیە کوروشی پادشای ئەخمینییەکان داوای لە ئەندازیارانی لیدی کرد بۆ دروستکردنی پردێکی پەڕینەوە لە لە

[1] John Boardman F. B. A. And Others: The Cambridge Ancient History ,Persia, Greece and The Western Mediterranean, 2th edition, VOL. IV, Cambridge University Press, London, 2008.P. 213.
[2] Herbert Reinhold Jacobson: Op. Cit., P. 66
[3] Roger B. Beck and Others: World History, McDougal Little, New York, 2009, P.101.



CamScanner

ناوچەی (بۆسفۆر-Bosphorus)[١]، بەوهۆیەوە بۆ یەکەمجار ئەخمینییەکان توانییان فراوانخوازیی بەرەو ناوچەکانی یۆنان ئەنجامبدەن، فارسەکەن لە هەڵمەتەکانی فراوانخوازیی بەرەو ناوچەکانی یۆنان لەلایەن ئەندازیارانی لیدییەوە ڕێنموی دەکران یەکێک لە و ئەندازیارانە ناو (هارپالۆس -Harpalos) بوو، کە خەڵکی شاری ساردس بووم، چەندین پردی پەڕینەوەی بۆ ئەخمینییەکان دروستکرد[٢].

شارستانییەتی یۆنانی و لیدی کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو لەسەر شارستانییەتی ئەخمینی، لە شاری سوسە، هونەرمەند و تەلارساز و ئامێر سازیی یۆنانی و لیدی بوونی هەبوو، بەشێک لە دیوار و خانووی شارەکە وەستای لیدی و یۆنانی دروستیانکردووە، هەروەها هەندێک لە ژنانی لیدی و ئایۆنی لە شاری سوسە کاریاندەکرد، بەهەمان شێوە دکتۆری یۆنانی و لیدی لە کۆشکی پادشایانی ئەخمینی کاری پزیشکییان دەکرد، یەکێک لە دکتۆرەکان ناوی (دیمۆکیدیس -Demokedes)بوو، کە دکتۆری خێزانی شاهەنە بوو، بێجگە لەمانە سەرباز، بازرگان، فەیلەسوف، پیاوی ئاینی، کرێکار، وەرزشەوان، وەستا...هتد، خەڵکی لیدی یۆنانی لە شارە ئەخمینییەکاندا بوونیان هەبوو، بەشێکیان بەندەی جەنگەکان بوون کڕین فرۆشتنیان پێوەدەکرا، هەرچەندە ئەمانە بە بەربەر و وەدەرنراوەکان و کۆیلەکان ناسرابوون، بەڵام کاریگەرییەکی گرنگیان هەبوو لە بەرەو پێشبردنی شارستانییەتی ئەخمینیدا[٣].

لەلایەکی دیکەوە داگیرکردنی خاکی لیدیا وەک یەکەمین دەوڵەتی خاوەن دراوی ئاڵتون گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەخمینییەکان، ئەخمینییەکان سودی زۆریان لە دراوی لیدی وەرگرت، بەهۆیەوە لە کاروباری بازرگانیدا زۆر بەرەو پێشچوون[٤].

هەندێک توخمی شارستانییەتی دیکەی یۆنانی لیدی لەناو دەوڵەتی ئەخمینی بڵاوبووەوە، ئەخمینییەکان سیستمی کێش و پێوانەی جیاوازیان بەکاردەهێنا، سودی زۆریان لە سیستمی کێش

---

[١] تەنگەبەری بۆسفۆر: لە خاکی ئەناتۆڵیادا درێژییەکەی نزیکەی سی و دوو کلم دەبێت لە ناوچەکانی باکورەوە بەرە باشور، هەردوو دەریای مەڕمەڕە و دەریایی ڕەش پێکەوە دەبەستێتەوە بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کیشوری ئاسیا و ئەوروپا دادەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Andrew M. Hascher: the black sea and Turkish straits, Ohio University Press, Ohio, 2019, PP. 5-23.

[2] Eileen Schaap and Sue Fresen: World History, Part 1, Eric Publisher, Florida, 2000, P. 247.

[3] Jack Martin Balcer: The Greeks and the Persians, the Ohiao State Univeristy Press, Ohiao, 1983, P. 261-265.

[4] Binod Bihari Satpathy: Op. Cit., P. 304.



CamScanner

و پیوانەی یۆنانی لیدییەکان وەرگرت، مەبەستیان لەو کارە بەرەو پێشخستنی بواری بازرگانی بوو لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا[1].

بەشێوازێکی گشتی پەیوەندیی سیاسی شانشینی لیدیا لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین پەیوەندییەکی جێگیر و سەقامگیر نەبوو، هەندێک کات شانشینی لیدیا لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات ڕێککەوتنی سیاسی ئەنجامدەدا، هەتاکو بتوانێت وەک هێزێکی باڵادەست و خاوەن هەژموون لەناوچەکەدا بمێنێتەوە، بەنموونە بەستنی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئاشوریی و بابلی میسردا، بەڵام بەهۆی هەوڵی فراوانخوازیی ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆژهەڵات وەک ئیمپراتۆریەتی میدی و ئەخمینییەکان، شانشینی لیدیا دووچاری جەنگێکی قورس دەبووە وە بە تایبەتی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی میدیا و ئەخمینییەکاندا تاکو لەئەنجامی هەوڵ و فراوانخوازییەکانی ئەخمینییەکان بەرەوە ڕۆژئاوا شانشینی لیدیا بەیەکجاری لەناوبرا، ئەخمینییەکان سودیکی زۆریان لە شارستانییەتی یۆنانی و لیدییەکان وەرگرت و توانییان شارستانییەتی ئەخمینی بەڕادیەکی ئێجگار زۆر پەرەپێبدەن، کە هەتاکو ئێستا یەکێکە لە شارستانییەتە زیندوو و پێشکەوتووەکان.

[1] Eileen Schaap and Sue Fresen: Op. Cit., P. 247.

## باسی دووەم: پەیوەندیی شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان:

پەیوەندیی شارستانی و سیاسی نێوان یۆنان و ئەناتۆلیا، مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت پێش ئەوەی شەپۆلی کۆچی یۆنانییەکان بۆ ناوچەکە دەسپێبکات ئەم پەیوەندییە بوونی هەبووە، بەڵام کاتێک یۆنانییەکان و لیدییەکان هاتنە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا و ژمارەیەک داگیرگەیان دامەزراند، لەبواری سیاسی و شارستانییەتدا، پەیوەندییەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆەبینی لە دوای ئەوەی لیدییەکان زۆربەی ناوچە سنورییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیایان داگیرکرد، هەندێک جار ئەم پەیوەندییە لە بواری سیاسیدا پەیوەندییەکی ناکۆک بووە لەئەنجامی هەڵمەتە فراوانخوازییەکانی شانشینی لیدیا و پەلاماردانی شارە ئایۆنی و ئایۆلییە یۆنانییەکان و داگیرکردنی هەندێک لەو شارانە، لەگەڵ ئەوەدا یۆنانییەکان و لیدییەکان بەردەوام ناکۆک نەبوون، بەڵکو هەندێک کات هاوپەیمانیەتییان لەنیواندا هەبووە، وەک پەیمانی نێوان لیدییەکان لەگەڵ شارە دەوڵەتی میلیتوس و سپارتا، دژی هێرش و پەلامارە دەرەکییەکان، بێجگە لە پەیوەندیی سیاسی لیدییەکان و یۆنانییەکان، پەیوەندیی گرنگی شارستانییان لەبوارەکانی وەک، ئابووری-ئایینی-هونەری و زمانەوانی...هتد لە نێواندا هەبووە، وەک لەم باسەدا ئاماژەی پێدەکرێت، هەربۆیە دەتوانرێت بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی شانشینی لیدیا لەگەڵ یۆناندا، دابەشبکرێت بۆ دوو بواری سەرەکی، کە بواری سیاسی و شارستانییە.

### پەیوەندیی سیاسی شانشینی لیدیا لەگەڵ شارە دەوڵەتەکانی یۆناندا:

پەیوەندیی سیاسی لیدییەکان لەگەڵ شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان لە سەرەتای سەدەی (٧ پ.ز.)دا، دەستپێکرد، ئەم پەیوەندییە بەردەوام بوو هەتاکو داگیرکردنی شانشینی لیدیا لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی (٦ پ.ز.). هەرچەندە لیدیا بە بەردەوامی لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە فشاری دەخستەسەر شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان بە تایبەتی میلیتۆس، ئیفیسوس و کۆلۆفۆن لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەو شارانە ناوچەی دەوڵەمەند بوون، پادشاکانی لیدیا مەبەستییان بوو کۆنترۆڵی کەنارا و بەندەرەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا بکەن بۆئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە دەست بەسەر بازرگانی کەناراوەکانی ڕۆژئاوادا بکەن، کە زۆربەی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ئەناتۆلیا کەوتبوونە ئەو ناوچانە، هەروەک دوای ئەوەی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان بەهێزبوون دەستیانکرد بە یاخیبوون و دەستبەسەردا گرتنی ئەو زەویانەی لەلایەن لیدییەکانەوە داگیرکرابوو، هەبۆیە لە دواتردا بەشێک لەو شارە دەوڵەتانە بەهۆی

یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی هەژموونی شانشینی لیدییەکان لەوشارە دەوڵەتانە لە لایەن شانشینی لیدیاوە بەتەواوەتی داگیرکران[1].

کاتێک لیدییەکان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بوونە هێزێکی باڵادەستی ناوچەکە، دەستیانکرد بە هەڵمەتی فراوانکردنی سنوری شانشینەکەیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، مەبەستی سەرەکی لیدییەکان دەستگرتن بوو بەسەر سنورەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، ئەم ناوچەیە بەناوچەی بەرهەمهێنانی زێڕ دادەنرا، بۆ ئەم مەبەستە لیدییەکان هێرش و هەڵمەتی سەربازییان کردە سەر شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی کەناری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و داگیریانکرد، بەهەمان شێوە هێرشیانکردە سەر خاکی فریجییەکان و ڕۆژهەڵاتی ڕوباری هالیس یان کۆنترۆڵکرد، بەم شێوەیە لە ڕووی سەربازیی و ئابوورییەوە بوونە بەهێزترین شانشینی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا. بەهۆی ئەم فراوانخوازییانەوە، کە وایکرد سنوری دەسترۆشتووییان نفوزی شارە دەوڵەتەکانی یۆنان لە ئەناتۆڵیا تێبپەڕێنێت[2].

گیگس یەکەمین پاشای لیدی هێرشی کردە سەر شارە یۆنانییەکان لە لە ساڵانی (٦٨٥-٦٨٢ پ.ز.) هەڵمەتی سەربازیی دژی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان ئەنجامدا و توانی گەمارۆی شارە دەوڵەتی میلیتوس و سمیرنا بدات و شاری کۆلۆفۆنی داگیرکرد. پاشان کوڕەکەی گیگس (ئاردیس٦٤٥-٦١٥ پ.ز.) شارە دەوڵەتی پرینی داگیرکرد و دوای ماوەیەک هەڵمەتێکی دیکەی سەربازیی کردە سەر شارە دەوڵەتی میلیتوس، بەڵام شارەکەی بۆ داگیرنەکرا، بەهەمان شێوە لەسەردەمی پادشا (سادیاتسی کوڕی ئاردیس ٦١٥-٦١٠ پ.ز.) شانشینی لیدیا لەگەڵ شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکاندا کەوتەوە شەڕ و پێکدادانەوە زۆربەی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان چوونە پاڵ شاری میلیتوس دژی شانشی لیدیا یەکیانگرت شارە دەوڵەتی میلیتوس بووە ڕێبەری شارە ڕاپەڕیوەکان، شەڕ بەردەوام بوو هەتاکو سەردەمی (سادیاتس ٦١٠-٥٦٠ پ.ز.)، سادیاتس توانی شارەکە داگیربکات[3].

کاتێک شانشینی لیدیا لە سەرەتای سەدەی (٦پ.ز.)دا، لە هێزێکی بچوکی ناوچەییەوە بەرە شانشینێکی گەورە هەنگاوی نا، بە تایبەتی دوای ئەوەی توانییان کێشە و گرفتی کیمرییەکان کۆتایی پێبهێنن بە تەواوەتی و دووریانبخەنەوە لە خاکی شانشینی لیدییا، بە هەموو ئاڕاستەکان

[1] Steven Camac: Op. Cit., P. 77.

[2] Alison L. Lanski: Emissaries in the Narrative of Herodotus, University of Illinois at Urbana-Champaign, Urbana, Illinois, 2013, P. 311.

[3] Sedef Eylemer, Dilek Memisoglu: The Borderland City of Turkey Izmir From Past to Present, journal of Eurolimes, VOL. 19, PP. 159-184, P.165.



CamScanner

دەسەڵاتی لیدییەکان بەربەستی فراوانبوونیان لەبەردەمدا نەما ، کاتێک پاشای لیدیا (ئالیاتس٦١٠-٥٦٠ پ.ز.) سوپایەکی ئامادەکرد، لە ڕۆژئاوای روباری هالیس پەڕیەوە، ئەم ڕوبارە وەک بەربەستی خاکی نێوان شانشینی لیدییەکان و خاکی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان وابوو، لەم هەڵمەتەدا سوپای شانشینی لیدییەکان لەلایەن (تالیس-Thales)[١]ی فەیلەسوفەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، بەهۆی زیرەکی تالیسەوە سوپای لیدی لە ڕوباری هالیس بەبێ پرد پەڕیەوە، توانیان دوای ئەوەی چونە خاکی کەپەدۆکیا گەماری شارە دەوڵەتی پتێریا یان دا و داگیریان کرد، پاشان بەرەو شاری میلیتوس ڕۆشتن، هەرچەندە پادشاکانی پێش خۆی چەندین هەڵمەتی سەربازییان کردبووە سەر شارە دەوڵەتەکە، بەڵام لە داگیرکردنی شارە دەوڵەتەکەدا سەرکەوتوو نەبوون[٢].

میلیتوس شاریکی گرنگی ئابووریی بوو بە سەر دەریادا دەیڕوانی، گرنگترین شارە دەوڵەت بوو، کە لەلایان یۆنانییەکانەوە بوونیاتنرابوو، کۆنتڕۆلکردنی شارەکە لەلایەن لیدییەکانە، بەواتای دەستبەسەرداگرتنی ڕێگەی بازرگانی کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لەلایەن لیدییەکانەوە دەهات، هەربۆیە لیدییەکان بە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی دەیان بینی هاوشێوەی (میگارا-Megara)[٣]، کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەپیت بوو، هەرچەندە لیدییەکان هەوڵی زۆریاندا کۆنتڕۆڵی بکەن، بەڵام شکستیان هێنا[٤].

جەنگی نێوان سوپای شانشینی لیدییەکان و شارە دەوڵەتی میلیتۆس دوانزە ساڵی خایاند، لە کۆتاییدا سوپای لیدی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵیەکان و بەروبوومی کشتوکاڵی شارە دەوڵەتەکەیان سوتاند، هەرچەندە بەدرێژایی ئەو دوانزە ساڵە بەردەوام ئاگریان لە زەویە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمەکانی زەوەی شارە دەوڵەتی میلیتوس بەردەدا، بەڵام لە ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، بەهۆی بەهێزی ڕەشەباوە زۆربەی خاکی شارەکە و تەنانەت پەرستگەی شارەکە سوتا، کاتێک سوپای

---

[١] (تالیس ٦٢٤-٥٤٦ پ.ز.): فەیلەسوفێکی یۆنانی بوو لە شاری میلیتوس لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا لەدایک بوو، بە یەکێک لە حەوت زاناکەی یۆنانی دێرین و تەنانەت بە یەکەمین فەیلەسوفی ڕۆژئاوا دادەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
John Burnet: Greek Philosophy Thales to Plato, MaCmillan Publisher, London, 1950. P. 87-95.

[2] James Ussher and Archbishop of Armagh: Op. Cit., P. 126.

[٣] میگارا: نشینگەیەکی بچوک بوو لە ڕۆژئاوای ئەتیکا لە خاکی یۆنانی دێرین، لە بەندەری (سارۆنیکۆس-Saronikos) لەم نشینگەیەدا لە کاتی هەڵمەتی دووریەکانەوە(١١٠٠-١٠٠٠ پ.ز.) خەڵکی تێیدا نیشتەجێبوو، لە سەدەی (٨ پ.ز.) میگارا ناوەندێکی ئابووری گرنگ بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Shannon Horn: The Battlefield History (Megara, Athens, and The mythic past from 600 B.C to 250 B.C.), University of Pittsburg Press, Pittsburg, 2014, P. 1-11.

[4] Cameron Mcphail: The Roles of Geographical Concepts in the Construction of Ancient Greek Ethno-cultur Identities, from Homer to Herodotus An Analysis of the Continents and the Mediterranean Sea, University of Otago Press, New Zealand, 2015, P. 136.



CamScanner

شانشینی لیدیا گەڕانەوە، ئالیاتیس پاشای لیدیەکان توشی نەخۆشیەکی درێژ خایەن بوو، لەبەرئەوە داوای هاوکارییان لە پەرستگەی دیلفی کرد بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ئالیاتسی پاشای لیدییەکان، کە پەرستگەیەکی یۆنانی بوو[١].

شارە دەوڵەتی سمیرنا لە سەرەتای سەدەی (٦ پ.ز.)دا، ڕووبەڕوی هێرشی سەربازانی شانشینی لیدییەکان بووەوە، شانشینی لیدیا مەبەستی بوو کۆنترۆڵی بازرگانی لە بەندەری شارە دەوڵەتەکەدا بکات، لەبەرئەوە لە دەوربەری (٦١٠-٦٠٠ پ.ز.)دا، هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر شارە دەوڵەتی سمیرنا و داگیرکرا و دانیشتوانی شارە دەوڵەتەکە ناچار بە هەڵاتن کران، خەڵکی سمیرنا بەزۆری ڕوویان لە گوندەکانی دەوروبەریان کرد، ئەمە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سیستمی شارە دەوڵەت لە شارەکە و بۆ ماوەی سێسەد ساڵی دواتر هیچ باسێکردن و گرنگییەکی ئەوتۆی نەما. هەرچەندە شارەکە لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی شانشینی لیدییەکاندا مایەوە هەتاکو هاتنی ئەخمینییەکان بۆ ناوچەکە لە (٥٥٠ پ.ز.)دا[٢].

لەدوای ئالیاتیس، کرۆیسوس(٥٦٠-٥٤٦پ.ز.) دەسەڵاتی شانشینی لیدییای وەریگرت و لە سەردەمی ئەم پاشایەدا شانشینی لیدیا بەرەو شانشینێکی مەزن و فراوان هەنگاوینا، کرۆیسوس بە بەردەوامی ئامانجی بوو هەژموونی خۆی بەسەر دەریای ئیجەدا تاکو ڕوباری ڕوباری هالیس فراوان بکات، هەربۆیە بەردەوام فشاری دەخستەسەر شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان[٣].

هەروەک لەسەردەمی کرۆیسوس کۆتا پادشای لیدیا لیدییەکان دووبارە هەڵمەتێکی سەربازیی فراوانیان دژی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان ئەنجامدا، کرۆیسوس توانی لەم هەڵمەتەیدا، تەواوی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و نفوزی فراوانبکات[٤].

لەئەنجامی هەڵمەتە فراوانخوازییەکانی کرۆیسوس پادشای شانشینی لیدییەکان توانی زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری هالیس داگیربکات و بیانخاتە سەر شانشینی لیدیا، تەنها کیلکیا و لیکیا نەبێت لە باشوری ڕۆژئاوای ڕوباری هالیس، دانیشتوانی ئەم دوو هەرێمە بە سەربەخۆیی مانەوە و نەبوون بە بەشێک لە شانشینی لیدیا. زانیاریی تەواو بەردەست نییە کرۆیسوسی پاشای لیدیا هەوڵی دابێت هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانە، بەڵام هەریەک لە کیلکیا و لیکیا تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئەخمینییەکاندا لە ئەناتۆڵیا وەک دوو ناوچەی سەربەخۆمانەوە، هەڵمەتی

---

1 Sedef Eylemer, Dilek Memisoglu: Op. Cit. P.124.

2 Ibid. P.165.

3 Mrac Van De Mieroop: Op. Cit., P. 432.

4 Spencer N. Robinson: The Myth of the Lydian Empire, University of Otago Prees, Otago, 2011, P. 5-6.

فراوانخوازیی و هەژموونی شانشینی لیدییەکان لە شارە ئایۆنییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بەردەوام بوو، هەتاکو ئەو کاتەی شارە دەوڵەتەکان یەکێتییەکیان پێکهێنا دژی شانشینی لیدیا، تەنها شارە دەوڵەتی میلیتوس لەم یەکێتییە بەشداریی نەکرد، چونکە ڕێککەوتنی لەگەڵ شانشینی لیدیادا هەبوو، هەردوولایان پەیوەندییەکانی دۆستانەیان لە نێواندا بوو، هەرچەندە پێشتر شارە دەوڵەتی میلیتوس ڕێبەرایەتی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی دیکەی دەکرد لە ناوچەکەدا، دژی شانشینی لیدیا[١].

سەبارەت بە پەیوندیی سیاسی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان لەگەڵ شانشینی لیدیادا، بە تایبەتی سیستمی سیاسی، حوکمی دیکتاتۆریی لە سەدەی (٧ و ٦ پ.ز.)دا، لە شارە دەوڵەتەکانی یۆناندا سەریهەڵدا و گەشەی سەند، پاشان دەسەڵاتداری ستەمکاریی لە شارە دەوڵەتەکانی یۆناندا، بڵاوبووەوە، ئەم مۆدیلە لە فەرمانڕەوایەتی لە ناوەڕاستی سەدەی (٦ پ.ز.)دا سەریهەڵدا. ئەم شێوازە لە حوکمڕانی بە سود وەرگرتن بوو لە تێکەڵکردنی حوکمڕانی لیدییەکان، کە شێوازی حوکمڕانی لیدییەکان پاشایەتی بوو، لەگەڵ ئەریستۆکراتەکان و کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن زەوییەکان بوونە خاوەن دەسەڵات لە شانشینی لیدیادا، لەلایەکی دیکەوە چینەکانی سەرەوەی شارە یۆنانییەکان هەستان بە لاسایکردنەوەی ئەو مۆدێلەی، کە پاشایانی لیدی پەیڕەویاندەکرد، دەسەڵاتدارەکانی یۆنانی جل و بەرگی بەنرخیان دەپۆشی، شێوازی قژیان وەک لیدییەکان لێکردبوو و بۆنیان لە خۆیاندەدا، بەم شێوەیە شێوازی ژیانی چینی سەرەوەی ساردسییەکان بۆ یۆنانییەکان، کە بەدوای ژیانێکی باشتردا کۆچیانکرد بوو بۆ ناوچەکە گواسترایەوە[٢].

شارە ئایۆنییەکانی ئەناتۆڵیا کاتێک کەوتنە ژێر هەژموونی سیاسی و سەربازی شانشینی لیدیاوە، بە چەندین شێواز کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر دەسەڵاتی لیدییەکان، بێزاری و شێوازی بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی شارە ئایۆنییەکان و ناڕەزایی دژی هێزی داگیرکەر نوسینی نوسەرێکدا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە لە دەقێکی ئەدەبیدا زەینەفون خواست و داوای میوانێکی نوێ دەکات کە مەبەستی ئەخمینییەکان بوو، پێی وابوو هاتنی ئەخمینییەکان دەبێتە بۆنەیەکی گرنگ و ڕزگاریان دەبێت لە دەسەلاتی ستەمکاریی لیدییەکان، بەڵام کاتێک ئەخمینییەکان هاتنە ناوچەکە ترس و چەوساندنەوەی ئەخمینی بووە هۆی کۆچی بەکۆمەڵ لە شارە ئایۆنییەکاندا، کە زەینەفون خۆی یەکێک بوو لەو کەسانەی ناچار بە کۆچکردن بوو، هەروەها زەینەفون لە

1 Alison L. Lanski: Op. Cit., P. 433.
2 Ibid. P.135.

نووسینێکی دیکەد باسی خراپ بوون و بڵاوبونەوەی بێ سەروبەرەیی ژیان دەکات لە شارە دەوڵەتی کۆلۆفۆن بە هۆی ئەو سیاسەتەی شانشینی لیدیا سەپاند بووی[١].

پادشایانی بنەماڵەی مێرمنادی ستراتیژی جۆراوجۆریان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام ئەو شارانە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بهێڵنەوەو پارێزراو بن، بۆ نموونە لە شاری ئیفیسوس ئالیاتسی پاشای شانشینی لیدییەکان هاوسەرگیریی سیاسی لە شارەکە ڕێکخست، بە پێدانی کچەکەی بە (میلاس-Melas)ی پاشای ئیفیسوسی ستەمکار، کە کوڕەکەی دوای خۆی دەسەڵاتی گرتەدەست لە شاری ئیفیسوس دواتر لەلایەن کرۆیسوسی خاڵییەوە لە شارەکە دەستگیرکرا و ئەویش دوورخرایەوە[٢].

بەم شێوەیە لیدییەکان بۆ ئەوەی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان لەژێر دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، لەگەڵ چینەکانی سەرەوەی دەسەڵاتدارانی شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان پەیوەندییەکی نزیکی هاوسەرگیرییان هەبوو، بە بەردەوامی خۆیان لە دەسەڵاتدارانی شارە ئایۆنییەکان نزیک دەکردەوە[٣].

لەسەدەکانی دواتردا، پاشاکانی شانشینی لیدیا نیازیان هەبوو، لەگەڵ شارە ئایۆنییەکان پەیمانی ئاشتی ببەستن، بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕێکبکەون کچەکانی خۆیان دەدا بە خانەدانەکانی ئەو شارانە. دیارترین بنەماڵەکانی ئایۆنیا پێکدەهاتن لە (کۆدریادی -Codridae و نیلیدای -Neleidae) ئەمانە ڕێبەرایەتی خێزانەکانی فەرمانڕەوای شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکانیان دەکرد[٤].

ڕێگەیەکی دیکە، کە پاشایانی لیدییەکان بۆ نزیک بوونەوە لە شارە دەولەتە ئایۆنییەکان بەکاریاندەهێنا خۆی دەبینییەوە لە ڕێزگرتن و بەخشندەیی بەرامبەر خوداوەندە کانی یۆنانی بە پێدانی دیاری جۆرا و جۆر وەک زێڕ و زیوی گرانبەها.[٥] بە تایبەتی ئەگەر تێبینی بکەین ڕێزگرتن لە خواوەند و ڕێسا ئاینییەکان لە نێوان یۆنانییەکان جێگەیەکی دیاری هەبووە.[٦]

---

[1] Cameron Mcphail: P. 27.
[2] Alison L. Lanski: Op. Cit., P. 155.
[3] John Boardman F. B. A. And Others: The Expansion of the Greek World: Op. Cit., P.137.
[4] Georges Perrot: Op. Cit., P. 11.
[5] Paul Cartledge: Ancient Greece A history of eleven cities, Oxford University Press, New York, 2009, P. 53.
[6] Ibid. P.54.



CamScanner

ئالیاتس، پاشای لیدییەکان ژمارەیەکی زۆر لەسەربازانی سوارەی کۆلۆفۆنی لە سوپاکەیدا دامەزراندبوو، دژی هەر یاخیبوونێک لە شارە ئایۆنییەکاندا ڕوویبدایە بەکاریدەهێنان، هەروەها کرۆیسوس لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی باوکیدا، واتە هێشتا خۆی تاجی پاشایەتی لیدیای وەرنەگرتبوو، ژمارەیەکی زۆر بەکرێگیراوی لە کەنارەکانی ئەناتۆلیادا کۆکردبووەوە بۆ یارمەتیدانی سوپاکەی باوکی، دواتر کاتێک بوو بە پادشا لەم بەکرێگیراوانە سوپایەکی ئامادەکرد، بەڵام لەکاتی هەڵمەتی پاشای ئەخمینی کوروش ئەم سوپایە نەیتوانی هاوکاری لیدییەکان بکات، چونکە پادشای لیدی پشوی بە سوپاکە دا بوو، زۆربەیانی ناردوبووەوە بۆ شارە ئایۆنییەکان، بەهۆی هاتنی وەرزی زستان و سەرما و بەستەڵکی ڕێگەوە نەیان توانی بگەڕێنەوە و بەژداری بکەن لە ڕیزی سوپای لیدییەکان دژی هەڵمەت و فراوانخوازییەکانی ئەخمینییەکان بۆ سەر خاکی شانشینی لیدییا[١].

هەرچەندە لە سەرەتای هەڵمەتی ئەخمینییەکان بۆ ناوچەکانی ئەناتۆلیا سپارتا بەوە تاوانبارکرا کە یارمەتی کرۆیسوس پاشای شانشینی لیدیا داوە، کاتێک ئەخمینییەکان بوونەتە هەڕەشە لەسەر شانشینی لیدی، سەرەڕای ئەوەی سوپای سپارتا و لیدی لەیەک بەرەی هاوبەشدا بوون دژی ئەخمینییەکان، بەڵام سپارتا نوێنەری ناردە لای کوروش بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە مەترسی خستنە سەر شانشینی لیدیا، بەڵام کوروش بە شێوەیەکی نەشیاو سوکایەتی ئامێز وەڵامی داواکەی سپارتای دایەوە، ڕایگەیاند ئەم سپارتاییانە کێن؟ هەربۆیە پاشای لیدییەکان بڕیاریدا داوای هاوکاری لە شارە دەوڵەتی سپارتا بکات . کرۆیسوس پاشای لیدیا، هەستی بەوە کردبوو سپارتا بەهێزترین شارە دەوڵەتی یۆنانە، لەبەرئەوە بڕیاری دا لەگەڵ سپارتا هاوپەیمانی ببەستێت، نوێنەری خۆی ناردە شارە دەوڵەتی سپارتا و دیاری پاشای شانشینی لیدیان لەگەڵ خۆیان برد، داوای هاوپەیمانییان لە شارە دەوڵەتی سپارتا کرد. کاتێک نوێنەری شانشینی لیدییەکان گەیشتنە سپارتا ڕایانگەیاند، ئەمە وتەی پاشای لیدیا کریسۆس و خەڵکی لیدیایە **:"هاوڵاتیانی سپارتا، ڕاوێژکارەکانم ئامۆژگاریم دەکەن لەگەڵ سپارتا هاوپەیمانی ببەستم، من دەزانم یۆنان لە ژێر هەژموونی سپارتادایە، هەربۆیە منیش داواکاری ڕاوێژکارەکانم پەسەندکرد، دەمەوێت لەگەڵ ئێوە باش دەربکەوم و ببمە هاوپەیمانتان، بەبێ هیچ فرت و فێڵ و ناپاکییەک"**[٢].

[1] Paul Cartledge: Op. Cit., P. 53-54.
[2] Ibid. P.82.

مەترسی ئەخمینییەکان سپارتا و لیدییەکانی یەکخست، بەڵام کاتێک ئەخمینییەکان لە شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان نزیک بوونەوە و شارەکەیان گەمارۆدا، پادشای لیدییەکان پێی وابوو گەمارۆکە زۆر دەخایەنێت و وا بە ئاسانی ئەخمینییەکان ناتوانن بێنە ناو شارەکەوە، هەربۆیە نوێنەری نارد بۆ لای هاوپەیمانەکانی داوای لێکردن تاکو چوار مانگی دیکە بگەنە شاری ساردس، پادشای شانشینی لیدیا لەهەمان کاتدا نوێنەری ناردە میسر و داوای لە پادشای میسر (ئەماسیسAmasis - ٥٧٠-٥٢٦ پ.ز.) و پادشای بابل (نابونایدوسNaboniduds - ٥٥٦-٥٣٩ پ.ز.) کرد هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستن، بەڵام پێش ئەوەی هاوپەیمانەکانی لیدیا بگەنە سپارتا، ئەخمینییەکان بەسەر شانشینی لیدییەکاندا سەرکەوتن و شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکانیان گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سیاسی لیدییەکان هێنا [١].

تێبینی دەکرێت پەیوەندیی سیاسی شانشینی لیدی و یۆنانییەکان، زۆربەی کات پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناکۆک بوو، بەهۆی هەوڵی فراوانخوازیی لیدییەکان بۆ سەر شارە یۆنانییەکان و کۆنترۆڵکردنی ڕێگە بازرگانیەکانی کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا و بڵاوکردنەوەی هەژموونی لیدییەکان لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک جار ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی باش و دۆستانە بوو، بە تایبەتی لەکاتی دروستبوونی مەترسی و هەڕەشە لەسەر نفوزی سیاسی لیدییەکان لە ناوچەکەدا، پادشایانی لیدی هەوڵیاندەدا لە یۆنانییەکان نزیک ببنەوە، وەک یەک هێزی سیاسی دژی دوژمنی هاوبەشیان دەربکەون.

## کورتەیەک لە مێژووی پەیوەندیی یۆنانییەکان و ناوچەکانی ئەناتۆڵیا:

هەڵکەوتەی جوگرافی ئەناتۆڵیا وایکردبوو ببێت بە شوێنی بەیەکگەیشتنی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبێت بە تایبەتی لەگەڵ شارە دەوڵەتە یۆنانییەکاندا، بەهەمان شێوە ئەم پێگە ستراتیژییە بووبوە هۆی ئەوەی زۆربەی شەپۆلەکانی کۆچی نەتەوە دێرینەکان بەناوچەکەدا تێپەڕببن، هەندێک لەو خەڵکانەی بە خاکی ئەناتۆلیادا کۆچیاندەکرد، لەناوچەکەدا دەمانەوەو نیشتەجێ دەبوون، ئەمە بووبووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەگەل و نەتەوەی جیاواز لە ناوچەکەدا بژین، بێگومان لەگەڵ بوونی ڕەگەزی جیاجیا لەناوچەیەکدا، پەیوەندیی جیاواز لەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیاسی و شارستانی دروستدەبێت، بە تایبەتی پەیوەندیی لیدییەکان لەگەڵ یۆنانییەکاندا پەیوەندییەکی گشتگیر و

[١] Alison L. Lanski: Op. Cit., P. 42.

فرەلایەن بوو، چونکە هەردوولا لەڕووی جوگرافییەوە هاوسنوربوون، هەربۆیە لەزۆر بواری شارستانی و سیاسیدا تەواوکەری یەکتری بوون[١].

پێش ئەوەی لیدییەکان کۆچ بکەن بۆ خاکی ئەناتۆڵیا پەیوەندیی ئەناتۆڵیا و یۆنانییەکان لە ڕوی فەرهەنگییەوە مێژویەکی کۆنتری هەبوو، کۆچی یۆنانییەکان بۆ کەنارەکانی ئەناتۆڵیا و دامەزراندنی داگیرگە ئەم پەیوەندییەی گەیاندە قۆناغێکی پێشکەتووە، بەرلە کۆتایی چاخی برۆنز لەسەدەی (١٢پ.ز.) و جێگیر بوونی یۆنانییەکان لە کەنارەکانی ئەناتۆڵیادا پەیوەندیی یۆنان لەگەڵ کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، تەنها لەڕێگەی شارستانییەتی مایسینیەوە بوو، لە ناوەڕاستی (هەزارەی دووەمی پ.ز.)، شارستانییەتی مایسینی لە دورگەکانی دەریای ئیجە و ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا بوو، دواتر ئەم دورگانە لەلایەن یۆنانییەکان دەستیبەسەرداگیرا و کردییان بە نشینگەی هەمیشەیی و شارە دەوڵەتی گەورە و گەشەسەندوویان تێدا دامەزراند[٢]. لەبەرئەوە هەندێک لە توێژەران پێیان وایە سەرەتای ئەم پەیوەندییە لە سەردەمی شارستانییەتی مایسینی دەستیپێکردووە، لەو کاتەی گڵێنەی مایسینی لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا دۆزراوەتەوە، ئەوە دەردەخات کاریگەریی شارستانییەتی مایسینی لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ئەناتۆڵیا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ئاسن، واتە کاتێک لیدییەکان هەتنە ناوچەکە پەیوەندیی و کاریگەریی شارستانییەتی مایسینی و ئەناتۆڵیا بوونی هەبوو، گڵێنەی مایسینی لە هەریەکە لە ناوچەکانی (ئیفسوس-Ephesus) (لیمان تەپە- Liman Tepe) بادمێگداغ تەپە BademgedigiTepe) و (کادیکالیسی-Kadikalesi) دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی ئاسن، لە چەند شوێنێکی دیکەی ئەناتۆڵیا وەک کۆلۆفۆن، (فیوۆقیا-Phocaea) و سمیرنا، گڵێنەی یۆنانی دۆزاوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای (هەزارەی یەکەمی پ.ز.) دەگەڕێتەوە، ئەم ناوچانە دواتر بوون بە بەشێک لە شانشینی لیدیا، ئەمە ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندیی شارستانییەتی یۆنان و ئەناتۆڵیا پێش نیشتەجێبوونی لیدییەکان لە ناوچەکەدا[٣].

سەرەتا پەیوەندیی یۆنان و ئەناتۆڵیا زیاتر لە بواری ئابوورییدا بوو، بەڵام دواتر ئەم پەیوەندییە زۆربەی بوارەکانی دیکەی گرتەوە، کاتێک یۆنانییەکان لەناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا جێگیر بوون و شارە دەوڵەتیان دامەزراند، ئەم شارە دەوڵەتانە پەیوەندیی خوێنییان لەگەڵ یۆناندا هەبوو، هەربۆیە کاتێک لیدی و فریجییەکان بوونە خاوەن دەسەڵات و پێگە لە ناوچەکەدا پەیوەندییەکە

[1] Jon Brendan Knight: Miletus and Lydia, Interaction Cooperation and Conflict, the University of Liverpool Press, Liverpool, 2009, P. 23.
[2] Ibid. P.24.
[3] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 145.



CS CamScanner

فراوانتر بوو، به تایبەتی لە بواری هونەریی، ئاینی و زمانەوانیدا، ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی یۆنانی لە کۆشکی پادشایانی فریجی و لیدیدا هەبوون، بە تایبەتی لە شاری ساردس، کۆشکی پاشایانی لیدی لەلایەن ئەندازیارانی یۆنانییەوە بوونیاتترابوو، هەربۆیە شوێنەوارناسان پێیان وایە کاریگەریی هونەریی و ئەدەبی یۆنانی لەسەر لیدییەکان، هەنگاوێکی گرنگ بوو، بۆ ئاشنابوونی زیاتری ئەم دوو نەتەوەیە بەیەکتری، لە پاڵ پەیوەندییە ئابوورییەکاندا[١].

ئەم شارە دەوڵەتانە هەرچەندە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی یۆنانی بوون، بەڵام شارستانییەت و کلتوری ئەم شارانە پەیوەندیان لەگەڵ شارستانییەتی یۆنان و میسۆپۆتامیا و میسر هەبوو، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی بازرگانی ئەم شارانە لەگەڵ ئەم ناوچانەدا، چونکە کەوتبونە سەر ڕێگەی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و دەریای ناوەڕاست، بە تایبەتی لە ڕووی هونەریی و تەلارسازییەوە[٢].

بێگومان سەردەمی داگیرکاریی لە یۆنانی کۆندا قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی سیاسی و شارستانییەتی یۆنانی، هەرچەندە یۆنانییەکان داگیرگەیان لە ناوچەکانی دیکەی وەک دورگەی سەقلییە، باکوری ئەفریقا، سوریا، فەڕەنسا و ئیسپانیای ئەمڕۆ و دەریای ڕەش بوونیاتنا. داگیرگەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا گرنگییەکی زۆری هەبوو بەهۆی نزیکی لە خاکی یۆنانەوە، یۆنانییەکان لەڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە سودێکی گرنگیان لەم داگیرگانە بینی و زۆر توخمی شارستانییان لە ڕێگەی ئەم ناوچانەوە گواستەوە بۆ یۆنان، ئەمە بووە هۆی بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی نێوان شانشینی لیدیا و یۆنانییەکان لە هەموو بوارەکاندا، بۆنموونە یۆنانییەکان لە لیدییەکانەوە فێری بەکارهێنانی دراو بوون و لە فینیقیەکانەوە ئاشنای بەکارهێنانی ئەلف و بێ بوون لە نوسینەکانیاندا[٣].

گرنگی ئەم شارە دەوڵەتانە لە نوسینەکانی هۆمیرۆس و هیرۆدۆت ڕەنگی داوەتەوە، داستانی ئیلیادە و ئۆدیسەی شاعیری یۆنانی هۆمیرۆس لە ڕوی زمانەوانییەوە بە دیالیکتی ئایۆلی ئایۆنی نووسراوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ گرنگی نیشینگە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، هەروەها هۆمیرۆس لە سمیرنا لەدایکبووە، ئەم شارانە لە سەر سنوری ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بوونیاتنرابوون، دانیشتوانی ئەم نشینگانە هۆکاری بەرەو پێشبردنی پەیوەندیی شارستانییەتی یۆنانی بوون، نەک تەنها لەگەڵ

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P.758.

[2] Gonul H: Main Topic and discussions on Ancient Greek Houses of West Anatolia, Mimar Sinan Fine Art University, Istanbul, 2011, P. 66.

[3] Stefan G. Chrissanthos: Warfare in The Ancient World from Bronze Age to The Fall of Rome, Greenwood Publishing Group, London, 2008, P. 28



CamScanner

ئەناتۆڵیا، بەڵکو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین، میسر و شامدا، بازرگان و بەکرێگیراوانی یۆنانی، هۆکاری سەرەکی ئەم پەیوەندییە بوون، کاتێک بەهەر هۆکارێک بووبێت دەگەیشتن بە ڕۆژهەڵات لەگەڵ خۆیان ژمارەیەکی زۆر دیارییان دەهێنایەوە بۆ شارە یۆنانییەکان، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان بینی لە گەیاندنی کلتورو شارستانییەتی ڕۆژهەڵات بە یۆنانییەکانی نیشتەجێی ئەناتۆڵیا[١].

لەڕاستیدا دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی حیتتیی و لە ناوچوونی شارستانییەتی مایسینی لە سەرەتای سەدەی (١٢ پ.ز.)دا، بەشی زۆری سەرچاوە و زانیارییەکان لەناوچوون و سڕانەوە، هەربۆیە زۆربەی زانیارییەکان و بۆچوونەکان لەو قۆناغەدا پشت بە ئەفسانە و گێڕانەوە تەقلیدییەکان دەبەستێت. کە لەماوەی دواتردا نووسراون شان بەشانی بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان، لەگەڵ ئەوەدا پێووستی بە ڕەخنەی شیکاریی و لێکدانەوەی جیاجیا هەیە. لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتای (هەزارەی یەکەمی پ.ز.)دا، لە ژێر فەرمانڕەوایی بنەماڵەی هیراکلیدییەکاندا، لیدییەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز و باڵادەست نەبوون، چەقی هێز و دەسەڵاتی لیدیا زیاتر لە پێدەشتەکانی هیرموسدا قەتیس بوو بوو لە باکوری شاری ساردس، ئەوکاتە کاریگەریی و هەژموون و نفوزی لیدییەکان هیشتا نەگەیشتبووە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا، بەڵام بەهۆی ئەوەی دۆڵی هیرموس سەرە ڕێگەی بازرگانی بوو پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبوو[٢].

پەیوەندیی لیدییەکان لەگەڵ یۆنانییەکان لە دەوروبەری سەدەی (٧ پ.ز.) پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ نزیک بوونەوەی زیاتری یۆنان و شانشینی لیدییا، لەلایەکی دیکەوە پادشایانی لیدی لە داگیرگەکانی شارە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا هەندێ پاشماوە و یادەوەری گرنگیان تۆمار کردووە، بە تایبەتی لە پەرستگەی دیلفی ئاماژەن بۆ ئەوەی لیدییەکان لەوڕووەوە لە ژێر کاریگەریی یۆنانییەکاندا بوون، پێداویستی ڕۆژانەی وەک کەلوپەلی لەمس دروستکراوی بە تایبەتی گۆزە، فنجان، مەنجەڵ، کاسە، تەشت وپەرداخ...هتد و چەک و کەرەستەی جەنگی لە شارە دەوڵەتەکانی یۆنانەوە هاوردەی شانشینی لیدیا دەکرا، لیدیا وەک ناوەندێکی گرنگ وابوو بۆ بڵاوکردنەوەی سیما جیاجیاکانی شارستانییەتی یۆنانییەکان لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، لە ڕێگەی داگیرگە یۆنانییەکان لە کەنارەکانی ئەناتۆڵیا کە لە دەوروبەری(١١٠٠پ.ز.)دا هاتنە ناوچەکە و نزیکەی دوانزە شارە دەوڵەتی یۆنانیان بوونیاتنا هەر لە میلیتۆسەوە بۆ ئیفیسوس و شارە دەوڵەتاکانی دیکە، شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان، کە بە ئایۆلی و

[1] Sharonon R.Steadman: Op. Cit., P. 992.
[2] Ibid: P.757.



CamScanner

ئایۆنییەکان ناسرابوون، وەک ناوەندیکی یۆنانی وابوون بۆ گەیاندنی شارستانییەتی یۆنانی بە ناوچەکانی ئەناتۆڵیا، پاشان لە ڕێگەی لیدییەکانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا و ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین[١].

بەو پێیەی یۆنانییەکان نزیکترین دراوسێی شانشینی لیدیا بوون لە سنوری ڕۆژئاوایی ئەناتۆڵیا و دەریای ئیجەوە، هەروەها هەندێک کات شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان و شانشینی لیدییەکان بەرژەوەندی هاوبەش کۆیدەکردنەوە، هەربۆیە یۆنانییەکان زانیاریی جۆراوجۆریان سەبارەت بە لیدییەکان بۆ تۆمارکردوین، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک لە توخمی فەرهەنگی لیدییەکان لە ناو شارستانییەتی یۆنانییدا ڕەنگی داوەتەوە و بە پێچەوانەوە کاریگەریی شارستانییەتی یۆنانییەکان لە سەر شارستانییەتی لیدیی بە ڕوونی درکی پێدەکرێت. مێژوونووسە یۆنانییەکان گرنگی زۆریان بە شانشینی لیدیا داوە، ئەم ڕاستییە لە نووسینەکانی مێژوونووسانی یۆنانی کلاسیکدا بە ئاشکرا دەبینرێت. وتراوە کە هیرۆدۆت لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەناتۆڵیا بوو، گەشتی لیدیای کردبووو شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکانی بینیبوو بەشێکی گرنگی کتێبەکەی بەناوی مێژوو بۆ پاشخانی سیاسی و شارستانیی لیدییەکان تەرخانکردووە، لە کتێبەکەیدا هیرۆدۆت بە سەرهاتی هاتنە سەردەسەلاتی بنەماڵەی مێرمنادی و پادشاکانیان بە تایبەتی کرویسۆس بە درێژی دەگێڕێتەوە، کە دوو هۆکاری لە پشت نووسینەکەی هیرۆدۆتە وەن یەکەم: دەوڵەمەندیی لیدییەکان بە گشتی و کرۆیسوسی پادشا بە تایبەتی، چونکە ئەم پادشایە هێندە دەوڵەمەند بوو هەموو کەسێک ئاواتی پێ دەخواست، لەلایەکی دیکەوە ئەم پادشایە بەردەوام دیاری دەنارد بۆ مەڵبەند و ناوەندە ئاینییەکانی یۆنان، هەرچی هۆکاری دووەمە: ئەوە باس و خواستی لیدیا لەناو کتێبەکەی هیرۆدۆتدا وەستانەوەی لیدیا بوو لە دژی ئەخمینییەکان، وەک قەلغانێک لەبەردەم یۆنانییەکاندا دەیان بینی پێش ئەوەی ئەخمینییەکان لەگەڵ شارە دەوڵەتەکانی یۆناندا بکەونە جەنگەوە، تەنانەت هەندێک لە نووسەرانی یۆنان هۆکاری جەنگی ئەخمینییەکان و شارە دەوڵەتاکانی یۆنان بۆ شانشینی لیدیا دەگێڕنەوە[٢].

بێجگە لە هیرۆدۆت سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان و ماوەی پادشایەتی لیدییەکان لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا بە گشتی یاداشتکراوە، تۆماری نووسراو هەیە دەربارەی پادشای لیدییەکان (گیگس ٦٨٥-٦٤٥ پ.ز.) لەلایەن شاعیرانی یۆنانی (ئارخیلۆس-Archilochos) و (پارۆس -Paros) و (میمۆرمۆسی کۆلۆفۆن-Mimmermos Kolophon) ئەم شاعیرانە لە

[1] Mario Liveani: Op. Cit., P. 433.

[2] Crawford H. Greenewalt: Op. Cit., P. 256.



CamScanner

سەدەی (٧پ.ز.)دا ژیاون، هەروەها بەشی زۆری نووسراوەکانی دواتر لەلایەن نووسەرانی دیکەی یۆنانییەوە نووسراون، زانیاریی گرنگیان تێیدا تۆمارکراوە جگە لەوەی هەندێکیان لە تێڕوانینی یۆنانییەکانەوە نووسراونەتەوە، (زانسو–Xanthus) لە سەدەی (٥پ.ز.)دا ژیاوە مێژووی لیدییەکان لە یەکێک لە کتێبە دێرینەکان بە زمانی یۆنانی نووسیوەتەوە، بەڵام کتێبەکە لەناوچووە تەنها چەند بەشێکی کەمی دۆزراوەتەوە[1].

ئەو تۆمارانەی لەلایەن یۆنانییەکانەوە نووسراون گرنگییەکی زۆری هەیە سەبارەت بە شانشینی لیدییەکان، پاشان سەرچاوەکان ئاماژەدەکەن بە پەیوەندیی فەرهەنگی شانشینی لیدیا و یۆنانییەکان لە چەند بوارێکدا کردوە، وەک بواری ئابووریی، ڕێوڕەسمی ئاینی و پەرستش و زمانەوانی و بواری هونەریی وەک گۆرانی و ئامرازی مۆسیقی، هەندێک بابەتی وەک یاریکردن و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵای گرانبەهای وەک زێڕ و زیو، بۆن ..هتد، هەروەها لەبواری ئەندازیاریی سەربازیدا بۆنموونە، شورای شارەکان و قەڵا و قوللەی سەربازیی، پاشان شێوازی جل و بەرگی گشتی لیدییەکان لە لایەن (ئەلیخمان_Alcman)[2]، لەسەدەی( ٧ پ.ز.)دا و زەینەفون ئاماژەی پێکراوە، لێکچوونی هاوبەشی لەگەڵ جل و بەرگی یۆنانییدا هەیە، لە ڕووی شێواز و نەخشی سەر جل و بەرگ، هەروەها پەیوەندیی لیدی و یۆنانی لایەنی شێوازی گڵێنە و ڕازندنەوە و شێوازی تەلارسازیی، پەیکەرتاشی لەلایەکی دیکەوە، بێگومان هاوسنوری لیدییەکان و یۆنانییەکان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەریەککەوتن و کاریگەریی فەرهەنگی لە نێوان ئەم دوو ناوەندە شارستانییەدا[3].

## پەیوەندییە ئابوورییەکانی شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان:

وەک دوو دراوسێ، هەریەک لە شانشینی لیدیا و شارە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی یۆنان هەمیشە ئاڵوگۆڕی ئابووریيان لە نێوانیاندا هەبوو، چەندێتی و جۆری ئاڵوگۆڕییەکە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەم پەیوەندییەی نێوانیان بە خێرایی دەستییێکرد و لە کۆتایی سەدەی (٧) و سەرەتای سەدەی (٦ پ.ز.)دا گەیشتە لوتکە، کاتێک لەسەردەمی پادشایانی لیدیی وەک ئالیاتس و کرۆیسوسی کوڕیدا، شانشینی لیدیا گەیشتە ڕیزی زلهێزێکی سیاسی، سەربازیی

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 169.

[2] ئەلیخمان: شاعیرێکی بەناوبانگی یۆنانی بوو لە شاری سپارتا لەسدەی (٧ پ.ز.)دا دەژیا، هەندێک بۆچوون هەیە ئاماژە بەوە دەکەن ئەلیخما لە بنەڕەتدا کۆیلە بووە لە شاری ساردسی پایتەختی لیدییەکان بووە، دواتر وەک کۆیلە فرۆشراوە و بردویانە بۆ شاری سپارتا، خاوەنی هەشت کتێبە، زۆربەی نووسینەکانی هۆنراوەن. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Vasiliki Kousolini: A History of Alcman, Early Reception, Cambridge Scholars Publishing, London, 2019. P. 14-20.

[3] David Mark Mouritz: Op. Cit., P 170.

و ئابووریی و بووه ناوەندێکی گرنگی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، بەم شێوەیە پەیوەندی لیدیی و یۆنانییەکان فراوانتر بوو[١].

لەگەڵ ئەوەی هەندێک کات بەهۆی هێرش و پەلاماری دەرەکی و هەوڵی فروانخوازیی پادشاکانی شانشینی لیدیاوە پەیوەندییەکانی لیدیی و یۆنانییەکان بە تایبەتی لە بواری ئابوورییدا ئاڵۆزی تێدەکەوت، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی (٦ پ.ز.)دا، ئەم پەیوەندییە بەرەو سەقامگیری و فراوانتر ڕۆشت، هەروەها بڕی هاوردەکردنی کاڵای جۆراوجۆر لە شانشینی لیدیاوە ڕوی لە زیادبوون کرد، بە تایبەتی لەو کاتەی شانشینی لیدیا توانی بەشی زۆری شارە دەوڵەمەندە ئایۆنییەکان لە ئەناتۆڵیا داگیربکات، ئامانجی لیدیا لەو هەڵمەتە داگیرکارییانەی تەنها مەبەستی سیاسی و سەربازیی نەبوو، بەڵکو مەبەستی سەرەکی بازرگانیکردن بوون لەڕێگەی کەنارەکانی ڕۆژئاواوە[٢].

شانشینی لیدیا کاتێک زۆربەی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیای داگیرکرد، بووە هۆی ئاسانکاریی بۆ هاتووچۆی بازرگانی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی ئەو ڕێگە بازرگانییانەی لە شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکانەوە بۆ ناوەندی ئەناتۆڵیا و دۆڵی ڕوبارە درێژەکانی وەک هێرموس و میاندرۆس درێژ دەبوونەوە. لە میانەی فراوانخوازییەکانی شانشینەکەدا یەکێک لەو ناوچە بە پیتانەی شانشینی لیدیا دەستیبەسەردا گرت، (سینۆپ–Sinope )بوو بە هۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە کانزایی جۆراوجۆ لەلایەک، هەروەها نزیکە دوو میل نزیکی سینۆپ زنجیرەیەک شاخ بوونی هەبوو، بەسەر دەریادا دەیڕوانی، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو، بە مس و ئاسن و زیوو، لیدییەکان کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردبوو، لەم ناوچەیەوە هەندێک کەلوپەلی وەک چەقۆ، شمشێر و ئامرازی سەرەتایی دروستدەکرا و هەناردەی سپارتایان دەکرد، بەم شێوەی شانشینی لیدیا زۆربەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیایان کەوتە ژێر دەست[٣].

لەگەڵ ئەوەدا خاکی یۆنان یەکێک بوو لەو ناوچانەی لەڕووی سەرچاوەی سروشتییەوە ناوچەیەکی هەژار بوو، تەنها یەک ناوچە لە یۆنان هەندێک کانی کانزایی تێدا بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی خاکی یۆناندا بوو لە سەدەی (٦ پ.ز.)دا، هەندێک مادەی خامی لێ بەرهەمدەهێنرا، بەڵام ئەم ناوچەیە لە لایەن پەرستگەی دیلفی دەستی بەسەردا گیرابوو وەک بەشێک لە سامانی پەرستگە بوو، هەربۆیە یۆنانییەکان ناچار لەخاکی لیدیاوە و ناوچەکانی دیکەوە ئاڵتون و کەرەستەی

---

1 Alison L. Lanski: Op. Cit., P. 362.

2 Nicholas D.Cahiil: Lidyalilar ve Dunyalar, the Lydian and their world, kultur ve turizm bakanlgi, Istanbul, 2010, P. 45.

3 David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 168.

کانزاکارییان هاوردەدەکرد. بۆ نموونە هاوردەکردنی ئاڵتون یەکێک بوو لە پێداویستییە گرنگەکان لە یۆنانی کۆن چونکە یۆنانییەکان پەیکەرەکانیان بە زێڕ ڕوپۆش دەکرد[1].

لەلایەکی دیکەوە شارە دەوڵەتی سپارتا کێشەی کەمی زێڕی هەبوو، ئەمە سپارتای ناچارکرد پەیوەندیی ئابووریی لەگەڵ شانشینی لیدیادا گرێ بدات، بە تایبەتی بۆ هاوردەکردنی زێڕ لە شانشینی لیدیاوە، کاتێک پەیکەری ئەپۆلۆیان دروستکرد بە زێڕ ڕوپۆشیان کرد، زێڕەکەیان لە شانشینی لیدیا کڕی، پرۆسەی کڕینەکەش بە ئاڵوگۆڕ بوو لەبەرامبەر هەندێک کەلوپەلی دیکەدا[2].

ئەمە لە کاتێکدا بوو شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا، لە بواری ئابووریدا سەرەتا پشتیان بەکشتوکاڵ دەبەست، دواتر هەنگاوبەهەنگاو پەرەیان بە بواری بازرگانیدا و کشتوکاڵ و بازگانی بووە بڕبڕەی پشتی ئابووریی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان، یەکەمین شارە دەوڵەت لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆەبینی میلیتۆس بوو، هەڵکەوتەی جوگرافی شاری میلتۆس لەم بوارەدا یارمەتیدەری سەرەکی بوو، شارەکە لە سەر دەریا بوو لە کەناراوەکانی ڕوباری میاندەر، لە بواری کشتوکاڵدا بە تایبەتی بەرهەمهێنانی گەنمە شامی شارەکە بڕێکی زۆر گەنمە شامی بەرهەمدەهێنا، لەگەڵ شارە دەوڵەتەکانی یۆنان ئاڵوگۆڕی بازرگانییان دەکرد. گەنمەشامی و خوری مەڕەکانیان دەبرد بۆ شارە دەوڵەتەکانی یۆنان، بە تایبەتی ئەسینا و لەوێوە بەرهەمی ترێ و ڕۆنیان دەهێنا، چونکە لە شاری میلیتوس ئەم بەرهەمانە کەم بوو، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە پێوستیان بەم بەرهەمانە زیادی کرد، لەم بوارەدا داهێنانی دراوی ئاڵتونی لیدییەکان یارمەتیدەری سەرەکی بوو دوای ئەوەی لە شانشینی لیدیا دراوی ئاڵتون داهێنرا، یۆنانییەکان لە دواترا ئاشنای ئەم داهێنانە بوون لە بواری ئاڵوگۆڕدا، بەم شێوەیە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێینایە قۆناغێک، کە پێشتر پێی نەگەیشتبوون، لەگەڵ ئەوەی تاکە ڕێگەی بازرگانی نێوان کەناراوەکانی ئەناتۆلیا و یۆنان ڕێگەی دەریایی بوو[3].

لە دوای داهێنانی دراوی زێڕەوە لیدییەکان زۆر دەوڵەمەند بوو، بە تایبەتی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەی لیدی خاوەنی گەنجینەی تایبەت بە خۆیان بوون، ئەمە وایکردبووژمارەیەکی زۆر خەڵکی یۆنان بە تایبەتی ئەسینی ڕویانکردە شانشینی لیدیا، وەک یاسادانەر و شاعیر، سۆڵۆن یەکێک بوو لەو کەسانە کاتێک سۆڵۆن دەگاتە شاری ساردس لەلایەن کرۆیسوسەو پێشوازی

[1] George Grote: History of Greece, Vol. II, Jhon P.Company Publisher, Boston, 1952, P. 299.
[2] Karl Otfried Muller: The History and Antiquities, Translated From the German by Henry Tufnell, Esq. And George Cornewall Lewis, Esq., A.M, 2th edition, VOL.II, London, 1839, P. 198.
[3] C.E.Robinson: A Short History of Ancient Greece, Pantheon Book Publisher, New York, 1948, P. 42.

لێدەکرێت، پادشا میوانەکەی دەبات بۆ کۆشکی شاهانە، دوای سێ بۆ چوار ڕۆژ، کرۆیسوس دوای لە خزمەت کارەکانی کرد سۆلۆن ببەن بۆ گەشتێک و گەنجینەی لیدییەکانی پیشان بدەن، دوای ئەوەی سۆلۆن گەنجینە و دەوڵەمەندی لیدییەکان بەچاوی خۆی بینی ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوت دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ پادشا بکاتەوە، پادشای لیدییەکان هەندێک پرسیاری ئاڕاستەی سۆلۆن کرد، بەڵام چاوەڕوانی ئەو وەڵامانەی نەدەکرد کە سۆلۆن وەڵامی دایەوە، کرۆیسوس پێی وابوو ئەو سەرەوەت سامانەی لەڕێگەی داهێنانی دراوی زێڕەوە بەدەستی هێنابوو هەموو شتێکە[1].

داهێنانی دراو و بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکی گرنگی کردە سەر بەرەو پێشبردنی ئابووریی ئەناتۆڵیا و یۆنان، پێشتر ئالوگۆری بازرگانی بە مەزەندەکردنی کەل پەل و پێداویستییەکان بوو، بە تایبەتی بەرهەمی دانەوێڵە، خوری، ئاژەڵی وەک مەڕ، بەڵام دراو بووە هۆی بەرەوپێشبردن و کرانەوەی بازاڕ، کۆمەڵگەی یۆنانی لەڕوی ڕەگەز و پێکهاتەوە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەگەز بوو، لەبەرئەوە زۆر بەخێرایی بەڕوی دەرەوەدا کرایەوە[2].

پێشکەوتنی بازرگانی لیدییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەدوای داهێنانی دراوەوە بوو، لیدییەکان بازرگانیان لەگەڵ یۆناندا دەکرد و بازرگانی شارەزا و دەوڵەمەند بوون، جگە لە کاڵا و کەلوپەلی گرانبەها تەنانەت هەندێک کات بازگانیان بە ئافرەتانەوە دەکرد[3].

کاتێک لیدییەکان بوونە خاوەنی دراوی تایبەت بەخۆیان، کە دواتر بەکارهێنانی دراو گەیشتە یۆنان، پێشتر یۆنانییەکان دراویان بەکارنەدەهێنا تەنها ئالوگۆڕیان بە بەرهەمەکانیان دەکرد، لیدییەکان ئاشنای دراو بوون، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیا لیدیاوە کەوتبووە ڕۆژئاوای شارە دەوڵەتە ئایۆنییەکان، لیدییەکان مۆری فەرمی خۆیان بەکاردەهێنا لەسەر دراوەکانیان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن خۆیان داهێنەری بوون، لەبەرئەوە ئەو دراوەی لە یۆناندا بەکاردەهات دراوی لیدی بوو، تەنانەت هەتاکو هاتنی ئەخمینییەکان دراو لە یۆنان زۆر بەکەمی بەکاردەهات[4].

بەگشتی پەیوەندیی و بازرگانی و ئابووریی یۆنان و ئەناتۆڵیا لە سەردەمی بنەماڵەی مێرمنادی (٦٨٥-٥٤٦ پ.ز.)دا کاتێک دەسەڵاتی شانشینی لیدیان گرتەدەست و سنوری شانشینەکەیان

[1] Peter Aicher: Op. Cit., P.10.

[2] Alain Bresson: Op. Cit., P. 156.

[3] Glyan Davies: A History of Money from Ancient time to the present Day, 3th edition, by British Library, Cardiff, 2002, P. 64.

[4] Jean Kinney Williams: Great Empires of the Past: Empire of Ancient Greece, Chelsea House Publisher, New York, 2009, P. 82.



CamScanner

فراوانکرد، پێینایە قۆناغێکی فراوانخوازیی و زیادکردنی نفوزیان، بە تایبەتی لەو کاتەی لیدییەکان بەشێکی زۆری بەندەرەکان و ڕێگە بازرگانییەکانی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیان داگیرکرد[١].

## پەیوەندیی لیدی-یۆنانی لەبواریی فەرهەنگییەوە:

پەیوەندیی لیدیی و یۆنانییەکان تەنها پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسی نەبوو، بەڵکو کاریگەریی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییان لە بواری جیاجیادا لەنێواندا بوو، بۆ نموونە کاتێک لە سەدەی (١٩ز) بەشی گڵێنەی شاری ئاتیک-ئەسینا دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە هەندیک نەخشی سەر گۆزەی جیاواز، لە نەخشەکاندا وێنەی هەندێک پیاو کیشرابوو ڕیشیان هەبوو، قوماش و جل و بەرگیان پۆشی بوو وە پووتیان لە پێدا بوو، ئامێری مۆسیقای وەک قیسارە و قاپی شەرابیان بەدەستەوە بوو، هەندێک لە پیاوەکان گوارەیان لە گوێدا بوو وە چەترێکیان بەدەستەوە بوو، شێوازی جلوبەرگەکانیان زۆر نزیک بوو لە جلوبەرگی ژنانی لیدی[٢]، ئەمە بەپشت بەستن بەو گۆزە و گڵێنانەی مۆزەخانەی تەپە پاشا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کە نەخش و گڵێنەی لیدییەکان نزیکییەکی هاوبەشی لەگەڵ گڵێنەی یۆنانییەکاندا هەبوو[٣].

کاریگەریی پەیوەندیی یۆنانییەکان و شانشینی لیدیا لە بواری دیکەی وەک خواردنەوەشدا دەبینرێت، بۆ نموونە، لیدییەکان شەیدای مەیخواردنەوە بوون، کە لە یۆنانییەکانەوە فێربوون مەی لەگەڵ ئاو بخۆنەوە، هەربۆیە فنجانی شەرابیان بەکاردەهێنا، هەمان فنجانی یۆنانی و کۆرنسی بوو، شێوازی ڕازاندنەوەو نەخش نیگاری گڵێنەی لیدی داتاشراوی یۆنانی و فریجی بوو[٤].

لەماوەی(چەرخی ئەندازەیی-Geometric Period ٩٠٠-٧٠٠ پ.ز.)دا[٥]، گڵێنەی ئەناتۆڵیا لەژێر کاریگەریی شێوازی گڵێنەی یۆنانیدا بوو، بە شێوازێکی گشتی لەماوەی ئەم سەردەمەدا بەشی زۆری ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەی هەبوو لە گڵێنەی ئەناتۆڵیادا لە گڵێنەی یۆنانییەوە وەرگیرا بوو، ئەم کاریگەرییە لە سەدەی( ٦ پ.ز.)دا، لەسەر شێوازی گڵێنەی لیدییەکان ڕەنگی دابووەوە، بە گشتی ئەو شێوازی گڵێنانەی لیدییەکان لە یۆنانەوە وەریانگرت خۆیدەبینییەوە لە کاسەی شێوە باڵندەیی، پەرداخی ئایۆنی، کاسەی ناو قوڵ، گۆزەی دەسکدار، گۆزەی دوو دەسک و بنێکی باریکی

---

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P. 169.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

[3] Margaret C. Miller: Reexamining Transvestism Archaic Classical Athens, American Journal of Archaeology, VOL. 103, 1999, pp. 223-253 P. 222.

[4] Ibid. P. 222-223.

[٥] چەرخی ئەندازەیی: مەبەست لە شێوای هونەری یۆنانی بوو، لە دوای کۆتایی هاتنی چاخی تاریکی لە یۆنانی کۆن گڵێنەی یۆنانی پێینایە قۆناغێکی گەشە سەندوو و لە کەنارەکانی دەیایی ئیجەو و ئەناتۆڵیا بڵاوبووە وە.



CamScanner

هەبوو، گۆزەی شێوە سوراحی، مەرکانە، فنجانی شەراب، گۆزەی تایبەت بە هەڵگرتی زەیتی زەیتون، هەروەها قاپی بندار، گۆزەی مل باریک، مەنجەڵی یۆنانی و قاپی سەردار[١].

لیدییەکان زۆر گرنگییان بە بواری ڕازاندنەوە و جوانکاریی دەدا، بۆنموونە، چەند جۆرێک موری نەخشێندراو[٢]، لە شاری ساردس دۆزراوەتەوە، تیرەکەیان (١ بۆ ١,٢) سانتیمەتر دەبێت لە ناوەڕاستەکەیاندا کونکراون و مورووەکان بە شوشەی ڕەش دروستکراون و شوشەی زەردیشی ئاوێتەوکراوە، ئەم کەرەستانە لەگەڵ قورقوشم لای لیدییەکان زۆر بەکارهێنراوە، سەرچاوەی هێنانی کەرەستەی خاوی ئەم مادانە لەو ناوچانەوە بوون، کە لیدییەکان دەستیان بەسەداگرتبوو واتە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان، کە بۆ زۆر بواری جیاواز سودیان لێدەبینی، کاتێک ئەم کەل و پەلانەی لە شاری سارس دۆزرانەوە، لە شارە یۆنانییەکان هاوشیوەی دۆزراوەتەوە[٣]. هەروەک جۆرێک ڕمی دەگمەن لە شێوەی داس لە نەخش و نیگاری سەر گۆزەی یۆنانی سەرەتای سەدەی (٥ پ.ز.) دا نەخشێنراوە، ئەم شێوازە لە ڕم لەلایەن لیدی و فریجی و کارییەکانەوە بەکاردەهێنرا کە لە ئاسن و برۆنز دروستکرابوو[٤].

یۆنانییەکان لە ڕووی هونەریی میوزیک و تەنانەت شێوازی دانس کردن و خۆشی دەربڕین، زۆر شتیان لە لە لیدییەکانەوە وەرگرتووە، یەکێک لە کۆنترین میوزیک ژەنەکانی یۆنانی ناوی (تێرپاندەر-Terpander) لە سەدەی (٧ پ.ز.)دا ژیاوە، بە باوکی میوزیکی یۆنانی ناسراوە، داهێنەری ئامێری گیتاربوو، لە ژێر کاریگەریی هونەری لیدیی و فریجییەکاندا بوو لەوکاتەی گەشتی ئەناتۆڵیای کردبوو[٥].

لە بواری تەلارسازی و ڕازاندنەوەی خانوو و پەیکەرتاشی شاری ساردس نزیکییەکی لەگەڵ شێوازی شارە دەوڵەتەکانی یۆناندا هەبوو، پێدەچێت ئەو شێوازنە لە ڕێگەی شارە یۆنانییەکانی ئەناتۆڵیاوە بە لیدییەکان گەیشتبێت، بە تایبەتی ئەو بەردەی لیدییەکان لە دروستکردنی دیوار و بەشی پێشەوەی خانووەکانیان بەکاریاندەهێنا، بەهەمان شێوە شێوازی دروستکردنی گۆڕەکانی

---

[1] David Mark Mouritz: Op. Cit., P .167.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٢).

[3] Alicia Van Ham-Meert: A unique recipe for glass beads at Iron Age Sardis, Journal of Archaeological science, VOL.108, 2019, pp. 66-85, P. 69.

[4] Adrienne Mayor: The Amazons Lives and Legends of Warrior Women Across The Ancient World, Princeton University press, New Jersey, 2014, P. 185.

[5] George Grote: Op. Cit., P. 117.

لیدیا لەژووری لەبەرد دورستکراو بوو، کە لای یۆنانییەکان گۆڕەکانیان هەمان شێواز بوو، بە تایبەتی ئەو شێوازەی لە گۆڕستانی بین تەپەی لیدییەکاندا دۆزراوەتەوە[1].

پەیوەندیی یۆنانییەکان و لیدییەکان بواری زمانەوانیشی لەخۆدەگرت، زمانی لیدی زمانێکی هیندۆئەورپی بوو، بەڵام ئەم زمانە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانی یۆنانییدا هەبوو، دەقی نووسراو بە زمانی لیدی لە زۆر ناوچەی یۆناندا دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی لە هەریەک لە شارە دەوڵەتەکانی وەک ئیفیسوس و سمیرنا لە شارە دەوڵەتە یۆنانییەکانی ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیادا، زمانی لیدییەکان وەک زمانی دووەم قسەی پێدەکرا و بوو بووە زمانێکی باو بەشی زۆری خەڵکی لێی تێدەگەشت، هەنێک لە نووسراوەکانی سەر گڵێنەکان بە زمانی لیدی دەنووسران.[2] تەنانەت زۆر وشەی زمانی لیدی گواستراوەتەوە بۆ ناو زمانی یۆنانی، بۆنموونە وشەی (Tyrannos) لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانی نییە، بەڵکو لە لیدیاوە هاتۆتە ناو فەرهەنگی یۆنانییەوە، بەواتای فەرمانڕەوایەک دێت بە شێوازێکی نا یاسایی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، ئەم وشەیە کاتێک هاتە ناو فەرهەنگی یۆناییەوە لە سەدەی (٧و٦ پ.ز.)دا، لەو کاتەی لە یۆناندا دەسەڵاتی ئەریستۆکراتی ستەمکاری لە زۆربەی شارە دەوڵەتەکانی یۆنان دەسەڵاتیان گرتەدەست سەردەمەکە بە سەردەمی زۆرداری ناودەبرێت[3].

## پەیوەندیی لیدی یۆنانی لە بواری ئاینییەوە:

پەیوەندیی ئاینی یۆنانییەکان و ئەناتۆڵیای دێرین مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەهۆی پەرستنی هەندێک لە خوداکانی یۆنان لە ناوچەکانی ئەناتۆڵیادا، بۆنموونە (خودای دایک-Mother goddess) لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی حیتتییەوە هەرلە سەدەی (١٨ پ.ز.)دا، لە ناوچەکەدا پەرستراوە، ئەم خودایە لە یۆنان و زۆربەی ناوچەکانی وەک ئەناتۆڵیا و ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین بە پیرۆز سەیری دەکرا، لەگەڵ کۆچی یۆنانییەکان بۆ ئەناتۆڵیای دێرین لە کۆتایی (هەزارەی دووۆمی پ.ز.) پەیوەندیی ئاینی دانیشتوانی ئەناتۆڵیا و یۆنانییەکان پەرەسەندنی بەخۆوە بینی، ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بیروباوەڕی ئاینی ئەو نەتەوانەی دیکە، کە دواتر هاتنە ناوچەکە بە تایبەتی لیدییەکان. لەگەڵ ئەوەی لیدییەکان خوداوەندی جۆراو جۆریان دەپەرست، بەشێک لە و خوداوەندانەی بەر لە هاتنی لیدییەکان لە ناوچەکەدا دەپەستران و خوداوەندی تایبەت بە ئەناتۆڵیای دێرین بوون، بەشێکی دیکەیان یۆنانی بوونن، دیاریترین خوداوەندەکان کە لیدییەکان

[1] Sharon R. Steadman: Op. Cit., P. 125.
[2] Paul Cartledge: Op. Cit., P. 374.
[3] Marshal Cavendish: Op. Cit., P. 143.



CamScanner

دەیان پەرست بریتی بوو لە خوداوەندی دایک ئەم خوداوەندە لای لیدییەکان ناوی (سایبڵ-Cybele)بوو لیدییەکان لە شاری ساردس پەرستگەی[1] تایبەتیان بەم خوداوەندە دروستکردبوو، هەروەها لیدییەکان خوداوەندی یۆنانییەکان (زیۆس-Zeus)یان دەپەرست، پەرستگەی زیوس لە کۆشکی لیدییەکان لەشاری ساردس بوونیاتنرابوو، ئەم پەرستگەیە تایبەت بوو بە قوربانی دان بۆ خوداوەند زیوس[2].

کاریگەریی ئاینی یۆنانییەکان لەسەر لیدییەکان بە تایبەتی لەسەر پادشاکانی لیدی بە ڕوونی هەستی پێدەکردێت، بۆنموونە گیگسی پادشای لیدییەکان بەردەوام دیاری دەنارد بۆ پەرستگەی دیلفی و بەشی زۆری دیارییەکان پێکهاتوو لە زێڕو زیوو، بۆنموونە لە پەرستگەی ئارتمیس دراوی لیدی دۆزراوە، گیگس لەم ڕێگەیەوە دەویست شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان مل کەچی لیدییەکان بن، هەروەها دەیوویست سەرنجی شارە دەوڵەتە یۆنانییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت لە ڕێگەی هاوسۆزی ئاینییەوە[3]، هەروەها کرۆیسوس پادشای لیدیا هەڵسا بە نۆژەنکردنەوەی پەرستگەی ئارتمیس لە ئیفیسوس زۆربەی کۆڵەکەکانی پەرستگەکە لە لیدیاوە برابوون، لە ئیفیسوس عاجی بچوک لەسەر شێوازی هونەری لیدی دروستکرابوون، دواتر ئەم شێوازە لە پەرستگە دروستکردن لە یۆناندا بڵاوبووەوە. لیدییەکان پەیکەری خواوەندەکانی یۆنانیان لە زێر دروستکرد بوو، بەهۆی ئەوەی خواکانی یۆنانییەکان دەپەرست و لایان پیرۆز بوو[4].

هۆکاری گرنگی دانی پادشاکانی لیدی لە هەندێک سەرچاوەدا واباسکراوە، پەیوەندیی ترسی تۆڵەکردنەوە و بە پیرۆز سەیرکردنی خوداکانی یۆنانەوە هەبووە، بۆنموونە کاتێک سوپای پادشای لیدییەکان ئالیاتس، هەرچەندە بەمەبەست نەبووە پەرستگەی ئاتینی یۆنانی دەسوتێنن، دوای ئەوە بەردەوام پادشای لیدییەکان بەهۆی نەخۆشیەوە ئازار دەچێژێت، هەربۆیە پادشای لیدییەکان بڕیاردەدات پەرستگەکە نۆژەن بکاتەوە و لەدوای ئەو ڕووداوە بەردەوام بە پیرۆزی سەیری پەرستگەی یۆنانییەکانی کردووە و دیاری بۆ پەرستگەکە ناردووە[5].

---

[1] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٣).

[2] Berkeley Los Angeles London: The Mother of the Gods, Athens and Tyranny of Asia, University of California Press, 2006, P. 237.

[3] C. R. B: The Jewellery of The Lydian Treasure, Univeristy of Magisterska diplomova práce Vedouci prace Mgr. Vera Klontza, 2014, P. 135

[4] Amelie Kuhrt: Op. Cit., P. 570.

[5] Door Jan Zacharias Van Rookhujzen: Gazing with Herodotus at the Persian invasion in the landscape of Greece and Anatolia, Radboud University, London, 1988, P. 226

هەروەک لە کاتی هەڵمەتی ئەخمینییەکان بۆ سەرناوچەکانی ئەناتۆڵیا کرۆیسوس پادشای لیدیا هەستی بە مەترسی ئەخمینییەکان کرد، بڕیاریدا لە هێرشکردنە سەر ئەخمینییەکان پرس بە ئەپۆلۆنی خواوەندی یۆنانی بکات، لەوەڵامدا پەرستگەی ئەپۆڵۆن پێیان ڕاگەیاند، ئەگەر لەگەڵ ئەخمینییەکان بکەوێتەو جەنگەوە شانشینی لیدیا لەناودەچێت[١].

لە بواری شارستانییەتدا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو ناوەندە شارستانییەتە، پەیوەندییەکی مێژوویی بوو، چونکە یۆنانییەکان زۆر لە پێش باڵادەستی و هەژموونی شانشینی لیدیا هاتبوونە ناوچەکە و پەیوەندیی ئابووریی و بازرگانیان لەگەڵ ئەناتۆڵیادا هەبوو، هەروەها لە ڕووی فەرهەنگییەوە شانشینی لیدیا لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی یۆنانیدا بوو، چونکە زۆربەی توخمە ژیارییەکانی فەرهەنگی لیدیا لە هەناوی شارستانییەتی یۆنانییەوە سەریهەڵدابوو، هەربۆیە شانشینی لیدیا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ فەرهەنگی یۆناندا هەبوو.

---

[1] Karl Otfried Muller: Op. Cit., P. 371.



CamScanner

# ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشوینەتە چەند ئەنجامێک، لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پی دەدەین:

